# چاوەڕوانی

ئارام کاکەی فەلاح




- ناوی کتێب: چاوەڕوانی
- بابەت: ڕۆمان
- نووسەر: ئارام کاکەی فەلاح
- بەرگسازی: جەبار سابیر
- تابلۆی بەرگ: نەرمین مستەفا
- تیراژ: ٥٠٠ دانە
- چاپ: چاپی یەکەم سوید(١٩٩٢)
- چاپی دووەم سلێمانی (٢٠٠٩)
- چاپخانە:  یاد، بازاڕی سۆز–نهۆمی سێیەم
- نرخ: ٢٠٠٠

ژمارەی سپاردنی (؟؟؟)ی وەزارەتی ڕۆشنبیری بۆساڵی ٢٠٠٩دراوەتێ.

رۆمان

ئارام کاکەی فەلاح

# چاوەڕوانی

٢٠٠٩ سلێمانی



لەچاپکراوەکانی پڕۆژەی کتێبی یانەی قەڵەم
زنجیرەی ژمارە (٥٨)

سەرپەرشتیاری پڕۆژە: جەبار سابیر
جێگری سەرپەرشتیار: ئارام سدیق

ناونیشان: یانەی قەڵەم، سلێمانی، سابونکەران، بینای
هەورامان نهۆمی سێهەم. ژمارەی تەلیفۆن: ٠٧٧٠١٥٧٥٧٢٦
Pin_clap2008@yahoo.com

بۆ: Yulia

## پێشەکی

ئازیزان! ئەم ڕۆمانەم لە ساڵی ١٩٩٢دا نووسیووەو لەهەمان ساڵدا لە ستۆکهۆڵم چاپو بڵاوبووەوە، خوێنەرێکی زۆر کەم بینیویانەو تیراژێکی زۆر کەمی لێ گەیشتەوە کوردستان، لە سەفەری ئەم جارەمدا، هەردوو برایان کاک جەبار سابیرو کاک ئارام سدیق داوای ئەوەیان کرد کە من سەرلەنوێ ڕۆمانەکەم بە وردی بنووسمەوەو بۆیان بنێرم تا ئەوانیش لە یانەی قەڵەم چاپی بکەنەوە تا خوێنەرانێکی زۆر بتوانن بیخوێننەوە.. من سەرباری دوودڵییەکی زۆرم کە لەوێوە سەرچاوەی گرتبوو کە ئەم ڕۆمانە ١٧ساڵ پێش ئێستا نووسراوەو بڵاوبۆتەوە، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا ئەمە سەرەتاکانی منەو ئەو ئەزموونەیە کە من پیای تێپەڕبوومو گەیشتووم بە ئێستا، بۆیە شتێ نییە من پەشیمان ببمەوە لێی. ئێستا کە من بە چاوێکی تر دەیخوێنمەوە هەست دەکەم ئەمە ئەو



کاتەیە کە من شەڕێکی زۆرم لەگەڵ خۆمدا هەبوو بۆ ئەوەی بتوانم بە زمانێکی خۆمو شێوازێکی خۆم بنووسم. سوپاس بۆ ئەو دوو برایەش کە ئەو شەڕەیان بیر خستمەوە. ڕۆمانەکە بە زمانێکی شاعیرانە نووسراوە، بە تایبەتی لە سەرەتاکەیدا، ڕەنگبێ ئەوەش چەندە تێکستێک جوان بکات، هێندەش زیانی لێ بدات، زیانەکەش بەر پرۆسەی گێڕانەوەکە دەکەوێت، هۆکەشی ئەوەیە کە هەندێ جار شیعرێکی زۆر لە ڕۆحی مندا کۆدەبنەوە، جاران ئەو شیعرانە دەهاتنە ناو تێکستەکانمەوە، بەڵام ئێستا باشتر دەکەم کە ئەو شیعرانەی کۆدەبنەوە بە سەربەخۆ وەک شیعر دەیاننووسمەوەو دایاندەنێمو نایەڵم بەو لێشاوە بێنە چیرۆکەکانەوە.

ئارام کاکەی فەلاح
ستۆکهۆڵم، ئاوگوست ٢٠٠٩

من بێکەسم.
تەنیایی ڕۆژ بە ڕۆژ تیژتر ڕۆحم دەبڕێت، پتر چنگم لێ گیردەکات، سرکە حەزم هەڵدەفڕێنێتو هەناسەم لەتو پەت دەکات.
تەنیایی هەپروون بە هەپروونم دەکات، بزمارێکە چرکە بە چرکەی تەمەنم کون کون دەکات، سات لە دوای سات برینم گەورەتر دەکات، هەناسەش لە دوای هەناسە دەکولێتەوە. خەیاڵم وەک پوورەهەنگ دەوروژێنێت، مێشکم چەشنی جلێکی تەڕ تووند دەگوشێت، تەماشاکە وردوخاشم هەر بەشێکم لە لایەکەو هەرچەند دەکەم خۆم بۆ کۆناکرێتەوە.
ڕووبەری فراوانی دەشتو دەری دەربەدەریم، ڕۆژگار بۆتە ڕمۆزنێک لێی، چەشنی لاستیک تا کوێ بڕکات، تا هەناسە بەڕێوەبێت دەورم دەداو ڕایدەکێشێت.



ئەو دەمو چاوانەی ڕۆژێک لە ڕۆژان لەبەر چاوان بوون، ئەو هەناسانەی بۆ ڕۆحی گڕتێبەربووم شنەیەک بوون، شنەیەکی دەم بە خەندە. ئەو هەستو نەستانەی بە ناخی داماڵدراوی مندا ڕۆچووبوون، چەشنی برووسکە تارماییەک هەڵنیشتبوون، منیان بە تەنیا جێهێشتو لەم گۆڕە فراوانەدا، لەم ژوورە کەلاوە بە عومرەدا، سەرنجی پێپەتیم بەسەر شەقامە دەرزیدا دەزریکێنێتو هەناسە سارد بەدوای چەند تارماییەکی دووکەڵو گەردو تەمو مژ لەبەرکردووی دووردا ڕادەکات، کە لەو پەنجەرە هەڵکووڕماوەی ناو دیواری زەردهەڵگەڕاوی، بە دووکەڵی جگەرە بۆنگرتووی ژوورەکەمەوە دەردەکەونو دەرناکەون.
منیش هەستم، هەستی بەجێماوو هەڵچووم وەک ترپەی دڵ پرتە دەکات، دەکوژێتەوەو هەڵدەکات، وەک عاشقێکی هەتەری فێ لێهاتوو ڕەشەبایە باڵ دەگرێتو نووزەیە دەزریکێنێتو پشوو نادات. جار بە جاریش لە سووچێکدا، لە پەناو پاسارێکدا، وەکو مۆمێک یان تەنیایی سۆڵە سۆڵ دەکاتو شینێکی کاڵی بە حاڵ دیار کز کز دەگریو لە پاڵ درەختی سەوزی قژبژی وەڕسیی دا لوولم دەکات.
تارماییەکان (بوون)م دەکرۆژن، خۆیان دیار نین، بەڵام باوەش بۆ چەپکە هەناسەی پێ تەزیووم دەگرنەوە، هۆشم دەجوون، ساتەکانم دەخۆنەوە. خولم پێ دەدەن، دەکەومو هەڵدەستمەوە، وەک غەریبێک مامەڵەم لەگەڵ دەکەن، دەردەکەونو دەرناکەون. وەک چاڵێکی پڕکراوە بم، ئەوانیش ئەستێرەی ئاسمان ناکەونە بەر سەرەتاتکێم. ئاواتێکمەو دەمەوئێواران قەت ناهێڵن بیانبینم. ئاخ! قەت ناهێڵن وێنەیان بکێشمو ڕەنگی ڕۆحیان بدۆزمەوە.

رۆحی گلاراوی منیش وەک کترییەکی پڕهەستی سەر ئاگر قوڵپ دەداتو دەستێک نییە دامبگرێت، دەستێک نییە وەک دەستی نەرمۆڵەی (نەرمین) کۆڵنجی ژانم بشێلێتو شارەزەردەواڵەی یادم ئاگر تێبات، دەستێک نییە گرێ قوڵفەی وڕێنەم بکاتەوەو گوشادم بکات، گوێیەک نییە لاربێتەوەو گوێم لێ گرێو بۆ چەند ساتێکی کەمیش بێت خەنیم بکات.

بێکەسی من ڕێکەوت نەبوو، خۆیم پێوە خەریک نەکات، حەزیش نەبوو پەشیمانی لە دوا نەبێت. تەنیاییم ئەفسانە بوو چەشنی نەمامی ژان باریکەلە ئاودێری زۆر بوو باڵای کردو هەروەک شیرێکی بەجێماوی دەم کەف کردووی سەر ئاگریش تووڕە تووڕە بۆ خۆی هەڵچوو.

ژوورەکەم بەجێدەهێڵم، دەنگێکەو گازم دەکات، لە دوورەوە کاسم دەکات، سۆڵە سۆڵی رۆح بۆن دەکات، شوێن قاچی دەنگ دیار نییەو شوێن پێی هەڵدەگرم. وەک شەپۆلێکی تەنیاو گیرخواردوو ئەویش دەریا بۆی دەگەڕێم، وەک باڵندەیەکی لەش تەڕ.. تەزیو، ئەویش درەختی هەتاو دەمەوێت تێکەڵاوی بمو بتوێمەوە. وەک بیەوێت بە ئەنقەست لابدات، ئاگام لێیەو هەنگاوی خێراتر دەنێت، منیش گورجتر. وەک ڕابکات، وەک لێم هەڵبێت هەناسەیەکو بەرەو گۆڕستانەکە دەکشێت. گشت پەناوپاسارێکی بۆ دەگەڕێم.. گشت قوژبنو پەنا بەردێک بۆن دەکەم، ((بۆن دێت، بۆنی (ناسیاو) دێت.. لەم دەوروپشتانە دێت)). نایگرمو خۆیم لێدەشارێتەوە. وەک هەناسە، وەکو هەڵم تێکەڵاوی سروشت دەبێت.

ماتو مەلوول دادەنیشم. دەستم بەتاڵ، کورەی هەناویشم بێدەنگ.. زمان شەختە.. خاڵی. سەرنج دەدەم چاوم ڕەشکەوپێشکە دەکات،



گۆڕەکان لەبەرچاومدا تێکەڵو پێکەڵ دەبن، وەک خەونەکانی منداڵی بەناو یەکتریدا دەچن، وەک تەمەنێکی هەست پێ نەکراو دێنو دەچن.

ــ کوڕم! ئەوە تۆ لە کوێیت؟

دەنگی مامۆژنمەو گەمارۆم دەدات، لە شوێنی خۆم بەرزم دەکاتەوەو وەکو بایەک هەڵم دەکات. وەک برووسکەیەکی هەناسە لێبڕاو بەرەو ماڵەوە دێمەوە، بەپەلەم.. تامەزرۆم.. شپرزەم، وەک قنگەجگەرەیەکی تازە تازە فڕێدراو، دوا مژم تێدا ماوە یان نەماوە، دەچمە بەردەمی:

ــ مامۆژن! ئەوە تۆ بوویت بانگت کردم؟

ــ نەخێر کوڕم.

ــ چۆن تۆ نەبوویت؟ دڵنیایت؟

ــ من نەبووم کوڕم، ئەمە دووەمجارە دێیتو ئەم پرسیارە دەکەیت. چی ڕوویداوە؟

دەچمەوە ژوورەکەی خۆم، بەردەمی پەنجەرەکە، ئێوارەیەو پەنجەرەکە دەخەمە سەر گازی پشتو کەس دیار نییە، پشت دەکەمە پەنجەرەکەو چەند هەنگاوێک دێمە دواوە، لە پشت سەرم دیسانەوە وەک هەموو کات ژاوە ژاوە. تارماییە خۆشەویستەکانم هاتوونەوە، بیرم دەکەن، منیش غەریبییان دەکەم. لە پشت سەرمنو لە خۆمدا ڕانابینم سەیریان بکەم، نەوەکو لێم هەڵبێن، نەوەکو دیسانەوە بەجێم بێڵنو بتوێنەوە. هەر بەوشێوە ڕاوەستانە دەیاندوێنم، وەڵامم نادەنەوەو ژوورەکەم لە بێدەنگیدا نوقم دەکەن.

تەنیا تەنیایی نەبێت، وەک بیەوێت فریام بکەوێت، جار بە جارێک واز لە تێکشکاندنم دێنێت، لە خۆیەوە دەبێتە هاوڕێیەکو دەمدوێنێت.

دەست دەخاتە سەر شانمو حیکایەتی عەشقو غوربەتی سەدەکانم بۆ
دەگێڕێتەوەو لە نیوەیدا بەجێم دێڵێت. منیش ئیتر دەست بە جێ ئاگرم
تێبەردەبێت. خۆ تامەزرۆیم جارێ چاوی نەچۆتە خەو، کەچی ئەو زۆر
لە ناکاو کۆچ دەکاتو دەمسووتێنێت.

وەک ئەوەی چاوانم لێڵاییان داهاتبێت.. وەک ئەوەی لە شوێنێکی
نادیارەوە بێ هەناسە، بەبێ جوڵە.. بەبێ خشپە بە یەکجاری بکەومە
خوارەوە، کەوتمە خوارەوەو لەسەر زەوی، لەسەر پشتی کۆمی
تاشەبەردێکی نەوی بەتەنیا خۆم دۆزییەوە. دڵ پڕ لەعەشق.. لە
کۆچ.. فرمێسک. کاروانەکەش بەبێ ئەوەی ئاگادار بم، بەبێ
ئەوەی بمبینێتو ببینم، هەر زوو رۆشتو بەجێیهێشتم.

من (نەرمین)م خۆشدەویست. خۆشەویستییەکی سادە نا وەک بەفر،
یەک ڕەنگ نا وەک سەهۆڵ، سانا نا وەک خۆری دەم کەل
کاتێک وەک تۆپێکی زەرد باوی لاواز دوودڵ سەرزەمین جێدێڵێت.

من خۆشەویستیم چەشنی بارانو تەرزە بە پەلە بوو، چەشنی منداڵێکی
دەرچووی کارتی نمرەی سەری ساڵ بەدەستەوە بوو ڕای دەکرد..
زریان بوو هەڕەشەو گوڕەشەی لە کات دەکرد، چەشنی مێژوو سەرلێو
بوو لە حیکایەت، هەروەک گەردوونو خەیاڵیش بێ کۆتایی. پەیژەی
خۆشەویستیم وەکو هەنگاو.. وەک هەناسە.. وەک ترپەی دڵ یەک
لە دوای یەک بوو.

ئەفسووس!

ئێستاکە من هەورێکی لالووتو دڵ پڕ لەقینی ڕەشو چڵکنم. بەسەر
باڵای تەنیایی خۆمدا دادەکەم، دادەکەمو لە خۆم زیاتر کەس تەڕ
ناکەم. ئاوازێکی پڕ زایەڵەی شریتێکی کاسێتی فڕێدراو بە تەمەنو



کۆنو لوولم، هەر سووڕ دەخۆمو سووڕ دەخۆم. دەستێک نییە
هەڵمبگرێتەوە، فووم لێ بکاتو بمتەکێنێت، چاکم بکاتەوەو بمخاتە
سەر ئیسفەنجی بچووکی گوێ. کەسێک نییە هەست بە ئازارەکانم
بکاتو چنگ لە خەونە ئاڵۆزەکانم گیر بکاتو تا دەستی دەگات
فڕێیان بداتو ئارامییەک بەم دڵە شەکەتەم بدات.

ئەی بۆ نەرمین نایەتەوە لام، وەرزی دۆزەخم بکاتەوە وەرزی ئەوین؟

ئەی بۆ شەیتان نایەتەوەو ژەهری رۆحم بۆ بکاتە گەزۆی شیرین؟

دونیا شەو بوو، کاروانەکەش زۆر پەلەی بوو، پشووی نەبوو، وام
هەست دەکرد کە خۆمان هەڵدەخەڵەتێنین.

ــ ئێمە بەرەو کوێ کۆچ دەکەین؟

وا چەند بەرزاییەکمان بڕی، تەمو مژ بوو، چاو چاوی نەدەبینی،
جەستەو سیمامان پەشۆکاو، کورەی گەرمی هەناسەشمان پڕ سەهۆڵو
تەرزە بوو. ئەوان لە پێشەوە بوون، من لە دواوە. بەسەر وڵاغەکەوە کەم
کەم خەو دەیبردمەوە، بەڵام ترسێک جار بە جارێک وەکو دەستێک،
نەرمە پاڵێک، قوورسایی پێڵووەکانمی هەڵدەفڕاندو چاوەکانمی زەق
دەکردەوە.

دونیای دەوروپشت تاریکو نووتەک بوو. ئێمەش گشتمان ماتو زویرو
بریندار. وەک بێ هۆش بینو کوتەک بەر تەپڵی سەرمان کەوتبێت،
گێژو بێدەنگ، هەریەک بۆ خۆی، هەریەک لە ئاوازێک دەیخوێند،
هەریەک بۆ شتێک دەگریا، شتێکی خۆی. بەدوای یەکتریدا
ڕێچکەمان بەستبوو، لە مێروولەی زل زل دەچووین خانۆچکەمان
لێشێوابێت. مل کەچ بووین، هەڵتەک هەڵتەک ملمان دەنا. ڕەنگەکان
پرخەیان دەهات، دەنگەکان گشتیان خەوتبوون. تەنها دەنگی زبرو قڵیش

بردووی ولاغەکان نەبیّ وەک پشتی زەوی سەرمابردوو کوڵنجی کردبێت، خرم خرم دەیانتەقاند. یان تاوناتاوێک هەناسەیەکی پەنگخواردوو وەکو قین یان ناڵە ناڵێک لە دەمی ولاغێکی ئاگا لەدونیا نەماوەوە دەگەیشتە گوێی منداڵانەم، یاخود زوڕنای زۆر نەشازی لچو لێویان هەروەک هەڕەشەو گوڕەشەی باوکی نەرمین بوون لەلام.

ــ کوڕە هەتیو! لەو بەرەوە سەرەتاتکێ بکەیت، ئەمجارە بە مامت دەڵێم داخت بکات.

کۆچو گۆڕەپانی فراوانی، بۆ من وەک فیلمی کارتۆن وا بوو، پاڵەوانەکەیان بەند کردبێت، پاڵەوانیش چەشنی دڵی منداڵانەم یاخود وەک پەتی سەرنجم گرێ گرێو بەستراوە بێت. ئەمانەش هەموویان لەلایەکو ڕەنگو ڕووی پەڕیوو ڕیش هاتووی باوکم لەلایەکی تر، دوو پشکۆی سوور بوون چاوانی، پریشکی ئاگریان دەداو تەمو مژی پێست ئەستووری بەردەمی خۆیان دەقلێشاند. وەک دوا چەقۆ لە جەستەی بێکەڵکی بدەن، ئیدی بێ باک بوو، هیتر.. هیتر، وەک بزانێت گەر بکەوێتە خوارەوە ئیتر هەڵناستێتەوە، جەستەی خۆی ڕەق کردبوو. وەک بزانێت گەر لە جێگەی خۆی ڕابوەستێت دەیکوژن، بە پەلە بوو. وەک تەنیا بێت ئاوڕی لە کەس نەدەدایەوە، وەک پێیان وتبێت تونێلی مەرگت لە ڕێگەدایە، دوودڵ دوودڵ کەروێشکە خەوی دەکرد، سیمای وەک دووقۆڵی تەزیوی بەناویەکدا چوو کلۆم دابوو، تەوێڵی چرچو لۆچو برۆی لە دوێنێی چڕترو بالای پێم وابێت کورتر بوو. وەک بۆ هەناسەدان زۆر لەخۆی بکات، لە دوای هەر



هەناسەیەکیش کفرێک بکات، بۆسۆی ژانی لە پێشەوە ڕەشەبا بوو، شالاوی بۆ دەبردم.

وەک ئەو ڕۆژە باوکم هاتەوە پێش چاو کە لە ساڵی **١٩٦٤**دا لە بەندیخانە هەلاتبوو، من ئەوسا دوو ساڵان بووم، ساڵی **١٩٦٣** وەک دایکم دەیوت:

ــ باوکت ئەوسا بەر ڕەشبگیرییەکە کەوتبوو.

دوای لەناوبردنی قاسم بوو، کە دەستکرا بەگرتنو کوشتنی کۆمۆنیستەکان، لە پەناو پاسارەکاندا سەریان دەپەڕاندن، زیندە بەچاڵیان دەکردن، بە تانکو زرێ پۆشان لە کۆلانو شەقامو لەناو ماڵەکاندا وەک گورگی هار بە دوایاندا دەگەڕان، یان خوێنیان دەمژین یاخود فڕێیان دەدانە بەندیخانە تاریکەکانەوە. لاشەکانیان وەک کیسەی چیمەنتۆ لەسەر یەکتر هەڵدەچنین، پێیان پێدەکەنین، گاڵتەیان پێدەکردن، تاوانباریان دەکردنو هەر بەو بیانووەشەوە خانووەکانیان دەسووتاندن.

ــ خۆم بەرن، چیم لێ دەکەن بیکەن، واز لەو منداڵو ژنەم بێنن.

قۆڵبەستیان کردو بە پێی پەتی بردیان. ئەفسەرەکە شقارتەی دەرهێنا، دایکم ڕەنگی زەرد بوو. دەنکێکی لێ داگیرساند، دایکم زیاتر بە خۆیەوە نووساندم.

فوویەکی لە ئاگری کزی دەنکە شقارتەکە کردو کوژاندییەوە، بە خەمبارییەوە سەیرێکی کردینو بەجێیهێشتین.

بەڵام من سیمای ماندووی باوکم لە یاد نەچوو، هەمیشە بۆم دەگێڕایەوە کە چۆن چۆنی بووە. باوکیشم هەمیشە پێم پێدەکەنیو دەیووت:

ـــ کەللە زل! ئەم قسە زلانە لە کوێوە فێربوویت؟ من ئەوسا کە لە بەندیخانە هەڵهاتم، تۆ دوو ساڵان بوویت. ئەها ئەوە خەتای دایکتە، هەبێ‌و نەبێ ئەو بۆی گێڕاویتەوە.

دایکیشم هەزار سوێندو قورئانی دەخوارد کە شتی وای لە دەم نەهاتۆتە دەرەوە.

ـــ پیاوەکە! لە خۆتەوە تاوانبارم مەکە.

تەنانەت دایکیشم بە سەرسامییەوە سەیری دەکردم، پێیوتم:

ـــ کوڕم! ئەوانەی باست کردن هەمووی ڕاستن، بەڵام تۆ چووزانی؟ کێ بۆی گێڕاویتەوە؟

لە یادمە ڕۆژێکیان بە باوکم وت:

ـــ باوکە! بیرتە ئەوسا کە تۆ گیرایت من پێم وتن: لەبەر من خانوەکەمان مەسووتێنن، من جارێ منداڵم.

باوکمیش وەک ئەوەی برینێکی قووڵی لە مێژ بێ لە سووچەکانی ڕابردوودا حەشار دابێتو نەیەوێت وە بیری خۆی بێنێتەوە، خێسەیەکی لێ کردمو لەبەرخۆیەوە وتی:

ـــ منداڵی ئاخر زەمانە.

دایکە! من منداڵی ئێوەم یان هی ئاخر زەمان؟

کوڕم! تۆ منداڵی ئێمەیت.

ـــ ئەی ئاخر زەمان کێیە؟ چییە؟

ـــکوڕی خۆم! ئەوکاتەیە کە سەرزەمین کەسی لێ نامێنێتو هەموو کەس دەفڕێت بۆ ئاسمان. ڕۆژی لێپرسینەوەیە.

ـــئێمەش دەفڕین،؟ منیش؟



ـــئا کوڕی خۆم! هەموو کەس، هەموو کەسێک ئەوسا لەتاو گیانی خۆی، ژیانی خۆی، ئاگای لە کەسی تر نامێنێت، فڕکان فڕکانێک دەبێت ئەوسەری دیار نەبێت. هەر دایکە منداڵی خۆی بەجێدێڵێت. هەر باوکەو ڕوو لە کۆرپەی خۆی وەردەگێڕێت. کەس ئاوڕ لە کەس ناداتەوە. هەریەکەو لەبەر قیژەو هاواری خۆی دەنگی کەسی تر نابیستێت. کەس فریای کەس ناکەوێت.

ـــ ئەی دایە گیان! ئێوەش من بە جێدەهێڵن؟

ـــ نەخێر کوڕم! هەرگیز.

ـــ ئەی باشە بۆچی لێمان دەپرسنەوە؟ چیمان کردووە؟ چی بووە؟ ڕۆژی لێپرسینەوەی چییە؟

ـــ هیچ کوڕی خۆم! هیچمان نەکردووە، بەس ئەوە خۆی وایە، بەدەست ئێمە نییە.

باوکمیش بە گاڵتەپێکردنێکەوە وتی:

ـــ ئەوکاتەی سەرزەمین کەسی تیا نامێنێت، شەیتان دێتە سەر زەوی.

ـــ ئەی ئەمە کەی دەبێت؟

ـــ چووزانم، خوا نەکات، ئەوە لە باوکت بپرسە.

باوکمیش زۆر تووڕە بوو، وتی:

ـــ ئەوە چییە ئافرەت! ئەو شتانە چین فێری دەکەیت؟ کوڕەکەمان بە هیچ شێوەیەک نابێت بڕوای بەو شتانە بێت.

زۆرجار خەونم دەبینی‌و خەڵکم لێ دەبووە شەیتان، یەک.. دوو.. سێ.. دە.. سەد.. دەمویست ڕابکەم، نەمدەتوانی. دەمویست بفڕم بۆ ئاسمان، هێزی باڵەفڕێم نەبوو. هەموو کەسێک، هەموو شتێک بۆ ئاسمان بەرز دەبووەوە. دەترسام، ترس ڕۆحمی دەقۆستەوە. دەترسام بە تەنیا

بمێنمەوە. لە خەودا هاوارم دەکرد ((بەتەنیا جێم مەهێڵن)). دایکم دەگەیشتە سەرم.

زۆرجاری تریش خۆمم لێدەبووە شەیتانو خەڵکم دەترساند ((کورە بفڕن! کورە ڕابکەن هاتم بۆتان)).

کەچی کەس لێم هەڵنەدەهات، بگرە زۆرجار ئەوان منیان دەترساند، بەدوامدا ڕایاندەکردو یەکی تێڵایەکیش بە دەستەوە. تووڕە دەبووم ((من چۆن شەیتانێکم کەس لێم ناترسێت؟)).

لە قوژبنێکدا خۆم دەشاردەوە، گوێم لە هاتوهاواری خەڵک بوو دەیانوت:

ـــ ئەوە شەیتان لە کوێ خۆی ماتداوە؟

ـــ ئەوە لە کوێیە با بیکوژین.

ـــ گەر نەمێنێت سەر زەمین پاک دەبێتەوە.

منیش چاو بە فرمێسک لە قوژبنەکەم دەهاتمە دەرەوە، هاوارم دەکرد.

ـــ خەڵکینە من ئەو نیم، مەمکوژن.

ـــ دایکە! ئەوە بۆ باوکم بڕوای بە شەیتان نییە؟

وەک دەگێڕنەوە باوکم کۆمۆنیست بوو، یەکێک بوو لەو ئەندامانەی کە لە مانگی ئەیلوولی ١٩٥٦دا بەشداری دووەمین کۆنفرانسی حیزبی کردووەو سوور بووە لەسەر ئەوەی کە کوردستان دەبێت دەوڵەتێکی سەربەخۆو تایبەتی هەبێت.

ـــ کوڕم! ئەوسا باوکو مامت پەیوەندییان زۆر خۆش بوو، سوێندیان بەسەری یەکتر دەخوارد، بەڵام دوایی لەسەر مەسەلەی سیاسەت بەشەڕ هاتن، تەنانەت کە باوکت گیرا، مامت هەر نەهات بە لاماندا.

ـــ ئەی ئێمە چۆن دەژیاین؟ چیمان دەکرد؟



ـــ من تۆم دەگرتە باوەش دەگریام، کە تۆش وا منت دەبینی لچت دەکردو لە من بە خوڕتر دەگریایت، ئیتر دەبوایە من تۆ ژێر بکەمەوە، بەڵام تۆ هەر ژێر نەدەبوویتەوە.

ـــ ئەی من ئەوسا بۆ دەگریام ؟

ـــ ئۆی! ئەوە بە خۆت بڵێ، ئەی تۆ ناڵێیت هەموو شتێکم لە بیرە، ئەوە بە ڕاست تۆ بۆ دەگریایت ؟

ئاخ! ئێستاکە وە بیرم دێت، خۆشەویستیم بۆ نەرمین گەردەلوول بوو، هەر لە بواری ڕۆحی ئەودا گیری خواردبوو، کە بۆنم دەکرد، کە ماچی لاملو لاچەنەم دەکرد، دەترسام وەک گوڵەباخ هەڵبوەرێن. قەپاڵێکو وەک دەنکەهەنار بوەرێن.

ـــ کورە سووک! دوایی دیار دەبێت.

کە نەرم نەرم لەگەڵ نەرمیندا دەڕۆشتم، تەمەنو کاتم قەرزاربار دەکردو بەرەو کوێ باڵ لێ ڕواو هەناسە سوار، وەک لە کاروان بەجێمابن، گوڕ دەدەنو تووڕەم دەکەن.

هەرخۆشم نازانم چۆن لەسەر وڵاغەکەوە وەک وردەواڵە بەربوومەوە، وەکو مێشێک بەر مێشکوژێک کەوتبێت. حەپۆل حەپۆل هەڵدەستامو دەکەوتمەوە. چاوم ڕەشکەو پێشکەی دەکرد، هەردوو گلێنەم وەک دوو جۆلانە وابوون، هەموو قورسایی ئەم دونیایەیان تیا ترنجا بوون. هێز لێبڕاو، ڕۆحم تاساو، لەسەر تاشەبەردێکی بەساڵاچوو خۆم بینییەوە کە منداڵانی قەوزەی چاو سەوز تەراتێنیان لەسەر دەکرد. وڕو کاس بووم، هەر نەمزانی کاروانەکە چۆن ڕێی کردو چۆن تێپەڕی، بەبێ من چۆن لە جوڵە نەکەوتو بەردەوام بوو. وەک برووسکەیەکی ڕەشی

هەڕەشەی مەرگ لێکراو لەبەر چاوانم نەماو جار بە جاریش لە دوورەوە
دەنگی هەبوو، ئەویش بۆ خۆی ڕەوییەوەو ئیتر لە گوێچکەم ون بوو.
وەک هەپروون بە هەپروون بووبم، خۆم بۆ کۆ نەکرایەوە، پەرشو بڵاو
وەکو خەیاڵ، وەک چاوێکی سەرسواڵکەرو هیچ نەدیوو، بزێو بزێو
هەر پارچەیەکم لەلایەک بوو.
کە جار بە جارێکیش لەگەڵ نەرمیندا وردە شەڕم دەبوو، لای چەپی
لچم بەرز دەبووەوەو گیانم لە عارەقدا شەڵاڵ، دەستیشم دەلەرزیو
هەناسەش سوار.
__ هێمن بەرەوە! ئەوە چییە؟ بۆ وات لێهات؟
__ نەرمین.. هەندێ جار لەلای گۆڕستانەکەوە وەک یەکێک بە
دوامەوە بێت، هەست بە هەناسەیەکی زۆر سەیرەدەکەم لە پشت
سەرمەوە، هەناسەی یەکێک ڕابکاتو شپرزە بێت. وەک شێت ئاوڕ
دەدەمەوە، دیسانەوە وەک بخولێتەوەو بێتەوە پشتی سەرم، منیش وەک
ئەوەی هەموو لایەکم لێ چنرابێت، ڕقێکی ئەستوور دەمگرێتو
دیسانەوە خۆم ناگرمو ئاوڕ دەدەمەوە تا ببینم، خۆیم لێ دەشارێتەوەو بۆ
ماوەیەکی زۆر خولم پێ دەدات. هەتا جارێکیان کەوتمو لەناو تۆزو
خۆڵو بەردو گۆڕەکاندا خۆم بینییەوە. هەستامەوە چاوم گێڕا،
سەیرێکی خۆم کرد هەر لە مردوویەک دەچووم. بەرەوخوار بوومەوەو
ویستم بڕۆم، دەنگە دەنگێک لە پشتمەوە پەیدابوو، ئاوڕم دایەوە، بینیم
هەموو مردووەکانی گۆڕستانەکە هەستابوون، بانگیان کردم:
__ بۆ کوێ؟ وەرە! وەرەوە! وەرەوە!
خێراتر بووم، ویستم دوور بکەومەوە.
__وەرەوە! وەرەوە! وەرەوە!



ترسام، زۆر ترسام، لەو ساتەدا لەوە ترسام بمرم، بەس تەنیا لەبەر ئەوەی
تۆم خۆشدەویست لەمردن دەترسام.
__ منت خۆشدەویست؟ ئەی ئێستا؟
من تەنیامو لە شەو دەچم، تارماییەکان هەموو ڕۆژێک لەلام گەنجو
گەنجتر دەبنەوە، پڕ ڕەنگترو سەر لێو لە تاسەو جۆشو خرۆش. هاواریان
بەتینترە. ڕۆحیان نزیکتر، هەستیان زیندووتر.
تەنها دوو هۆ (نەرمین)یان لە من کردو تەنیاییان پێ بەخشیم، دوو
ئەفسانەو دوو خەیاڵو لەهەمان کاتدا دوو ڕاستی. وەک ئەوەی
جەستەی هەنجن هەنجن کراوم لە دوو لاوە وەک سەرچاوە خوێنی لێ
بچێت، وەک ئەوەی گرێی ژانم دەمەوەر بێتو هەمیشە کراوە بێت، بۆم
دابین ناکرێت، ئەم گەڕەلاوژێیەی ڕۆحم بۆ بێدەنگ ناکرێت، چی
بکەم! دیمەنی ژوورەکەم مەستی کردووم، پەستی کردووم، جار بە
جارێک ژوورەکەم دەبێتە پارچەیەک هەور، هەورێکی سەوز،
هەورێکی شین، سەقفەکەش بە ئاسمانێکی بەرین، گەشکە دەبم،
وەک میوانێکی ناوەخت بێت دەشڵەژێمو هیچ جێگە بەخۆم ناگرم. لە
خۆشیاندا هەر سەیردەکەمو تێر نابم. سەر هەڵدەبڕم، دەڕوانم ئاسمانی
ژوورەکەم پڕ دەبێت لە ئەستێرەی ترشو شیرین. لەوکاتەدا رووخسارم
پیاسەدەکات، هەناسەشم وەک میزەڵان یاری دەکات. لەپڕ هەور جلی
تەنک توڕدەداتو خۆی گرمۆڵە دەکاتو دەخولێتەوەو دەخولێتەوەو
دەبێتە تۆپەڵێک قوڕ، پەنجەرەکە بەگەڵای زەرد، گڵۆپە زەردەکەش بە
کاڵەکێکی تەپیو. ئەستێرەکانیش شتێک دەڵێن، جار جار زمانیان
تەتەڵە دەکات، وەک دڵنیانەبم دەتاسێمو بۆ چرکەیەک چاو دادەخەم،
وەک دەوروپشتم قەرەباڵەغ بێت بڕوا ناکەم، چاو دەکەمەوەو دەینووقێنم،

دەبمە دەریا، هەناسەکانم بە شەپۆل، خەیاڵم دەبێتە کەشتی، منداڵیم بە دەریاوان، تاسەم بە سەرەتاتکێ، دڵم بە قیبلەنوما، چاوەکانم بە دووربین. خۆیشم لە خۆم جیادەبمەوەو دەبمە ڕۆخێکی تەنیاو دووردەست، هەر شڵپو هوور، هاژوهووژمەو سەوڵ لێدەدەمو بەخۆم ناگەم. تەنیا دوو هۆ تەنیاییان بە من بەخشی.

گەر پێم بڵێن ئەوا شەیتان داوێتی بە سەر شارەکەمدا پێناکەنم، بەڵکو شەیداو تامەزرۆی ئەوەم بیبینمەوە. لەوساکەوە زۆر پرسیاری تازەو نوێ لە ناو ڕۆحمدا بەندبووە.

گەر پێم بڵێن زەوی‌و دۆزەخ شوێنیان گۆڕیوەتەوە، وەک بیستبێتم، سەری بۆ دەلەقێنم، ژیانی من زۆر لە مێژە دۆزەخێکە شەودێری ڕۆح بە گڕ نەبێت ئاوی نادات، ڕموزنێکە هەر لە منداڵییەوە ریسوای کردووم، نەرمینەکەم لێم تێناگات.

ــ نەرمینی ئازیز! من ئەمە دووەمجارە دەژیم. جاری یەکەمم وەکو خەون دێتە پێش چاو، ئەوکاتە بوو ئینگلیزەکان شارەکەمیان بۆمباران کرد. من ئەوکاتە ڕیشێکی سپیم هەبوو، لە حوزووری شێخ مەحموودی خاوەن شکۆدا دانیشتبووم، ئەوکاتە من مرۆڤێکی دنیا دیدە بووم، پاکتر بووم، کەم دووتر بووم، بەهێزتر بووم.

شێخ ڕووی تێکردمو وتی:

ــ تۆ چی دەڵێیت؟ من بە تەمام بۆ وتووێژ لەگەڵ ئینگلیزەکاندا نەچینە بەغدا. وەزیرەکانیشم بەمە ئاگادار کردووتەوە.

ــ گەورەم! منیش هەروای بە باش دەزانم نەچین.

دانیشتبووین، بە ئارامیی دەدواین، جار جارەش بێدەنگ دەبووین، ئاگامان لە خۆمان نەبوو، لەپڕ هەواڵ هاتو وتیان کە وا بیست



فڕۆکە بەرەو شار نزیک دەبنەوە، بیست فڕۆکە وەک پاچو خاکەنازی ژەهراویی دەیانەوێت بێدەنگی ئاسمان بکێڵن، بیست فڕۆکە بەرێوەنو دەیانەوێت ئازایەتییان، شارستانێتییان بە خەڵکی شار بناسێنن، هەرەشەو گووڕەشە بکەنو چاوان بتۆقێنن.

وەک بێتەوە خەیاڵم ڕۆژی **٢٢**ی شوباتی **١٩٢٣**بوو، ئاسمانی ئەوکاتە تەمو مژ بوو، وەک حەز بە بێگانە نەکات سیمای پەست بوو، ڕەش داگەڕاو، خەم داگیرساو. جار بە جارێک عاشق عاشق، بزێو بزێو دەبووە دیوار. هەورەکان هاتبوونە پاڵ یەکتری، شانیان لە یەکدی گیر کردبوو، بە دەستڕێژیش بڵاوەیان لێنەدەکرد، بەڵکو گوللەکانیان لە هەناودا یەکە یەکە بێ سەرو شوێن دەشاردەوە. ئاسمانی شار نەرمینەکەم! ئەوکاتە فراوانتر بوو، قووڵو مەزن، خەیاڵاویی، چاوی ئەستێرەکانیش تیژتر، ئاسمانی ئەوکاتەی شار هەر بۆ باڵندەو ئەستێرەو خەیاڵی دڵدارەکان بوو، گەر پتر تێی رامایتایە، وەک پاڵەوانی چیرۆکە ئەفسانەییەکان هەڵدەفڕیتو دەبوویتە پەلکەزێڕینە.. سروشت.. گەشت. ئاسمانی شاری ئەوکاتە بۆ فڕینو بۆ جوانی بوو، وەکو ئێستا پیس نەبوو بوو. هەورەکانیش وەکو ئێستا جلی کۆنیان نەپۆشی بوو، کەچی دوو فڕۆکەی سەر شێت.. بوغزاویی.. دەمو چاو کونجاویی، کەللەزل، ورگن، تەماویی، توانیان ڕێ هەڵە بکەنو بێنە سەر شار. ئاگادارییان بەناو شاردا بڵاوکردەوە. شار وروژا.. هێمنی مرد.. بێدەنگیی بە پەتێک خۆی هەڵواسی. ئەستێرەکان زەردەخەنەی درەوشاوەی خۆیان گرتو بەرەو دواتر کشانەوە. باڵندەکان دوو دوو.. سێ سێ سەریان نابوو بەسەری یەکترییەوە تا کۆچیان کرد هەر جریوە

جریوی خەمانیان بوو. زەوی جولاّو دەیویست پێستی ئاسمانی خۆی بگۆڕێت، نەیدەتوانی.

لەگەڵ شێخدا وەستابووین، نەماندەزانی چی بکەین. ئەو درەخت بوو منیش گەڵایەکی وەریو، ئەو چاوان بوو منیش فرمێسکی تەنیایی، ئەو بە جارێک هەر هەموو وەرزەکان بوو، منیش پاییز، ئەو ماندوێتی منیش وەنەوز، یەک یەکترمان دەخواردەوە.

لەناکاودا پەڕەیەکی ڕووزەرد لە ئاسمانەوە کەوتە بەرپێی شێخ، نووشتامەوەو نامەم بە پەلە خوێندەوە: ((ئەگەر لە بەرامبەر ئێمەدا خەڵکی شار بووەستن.. ڕێگە نەدەن.. بەرگریمان بکەن، ئەوا شار بۆمباران دەکەین)).

وشک وشک دوو لاسک بوون دەستەکانم.. لێوم سەراب.. هەستم ساراو رۆحم کانی پڕ گومان، گومان لە بوون. شەپۆل شەپۆل دوو ڕووبار بوون چاوەکانم، گلێنەم دوو سوورە ماسی خنکاو.

هاتینە ژوورەوە، شێخ سیمای بەیەکدا دابوو، هەردوو برۆی چڕو پڕی وەک دارستان ڕەپ وەستابوون. نیگای پڕ خەمو بیرکردنەوە. چاوانیشی دوو گڕی سووری نەورۆزی، زوو زوو خەیاڵ دەیبردەوەو ئازاریش دەیهێنایەوە.. ((بۆ کوێ دەچی))؟

لە پڕێکدا وەک بیەوێت، مەرزی چاوەڕوانی ببڕێت، وەک بیەوێت پەرژینی ژان هەڵچووی بسووتێنێت، هاواری کرد، بانگی شێخ قادری برایو موستەفا پاشای کرد. وەک برووسکە هاتنە ژووری، وەک دوو تابلۆ ڕاوەستان، وەک دوو ڕەشەبا چاوەڕوان بوون. چاوەڕوانی وتەو فەرمانی دڵی شێخ بوون.

شێخ وەک ئەوەی زۆر لە خۆی بکات، ناچار بوو وتی:



ــ هەردووکتان بچن بۆ کەرکوک بۆ وتووێژ.

ــ نەرمین گیان! ئەوکاتە بوو، ڕۆژێک لە ڕۆژەکانی مارتی **۱۹۲۳**، فڕۆکەیەک وەک ماخۆلانی بێت، هەموو شاری بۆمباران کرد.

شار تێوە بوو، تەڵەیەکو پێوە بوو. تەپو تۆز هەناسەی دەدا، چاو لە بستێک زیاتر بەولاوە نەیدەدی. لاشەی لە پاڵ یەکتریدا کەوتوو.. قیژەو هاوار.. فڕکان فڕکانو هەڵهاتن، ماڵوێران بوون، ماڵ چۆڵکردن، ترسێکی زۆر، خوێن وەک شەپۆل. ئەمانە بوون نەرمینەکەم! تابلۆی ئەو ڕۆژەی شار، کە من بینیم.

نەرمین وەک بە زۆرەملێ بۆ گوێگرتن وەستابێ، سیمای هەر لە بەرسیلە دەچوو، ترشو مۆن بوو. بە پێکەنینەوە لەبەر خۆیەوە وتی:

ــ تابلۆی ئەو ڕۆژە بوو تۆ بینیت. ئەها تۆ! ئەی دوای ئەوە هیچی ترت لەبیر ماوە؟ چیتان کرد؟ چیت کرد گیانە؟ بەڕاست ئەوە تۆ بۆچی ساڵی **۱۹۲٦** هەموو ڕۆژێک لە نزیک مزگەوتی گەورەوە چاوەڕێت دەکردم؟ من لەقوتابخانەی زەهرا دەمخوێند، ئەوساش منت خۆشدەویست؟

ــ پێم پێمەکەنە نەرمین گیان! من بەڕاستمە.

ــ ئێ باشە بزانم دوای ئەوە چیتان کرد؟

هەر بۆ بەیانییەکەی شێخ فەرمانیدا کە سلێمانی بەجێبێڵین، ئێستاش لە یادمە.

ــ لە یادتە؟

ــ بەڵێ لە یادمە، بەیانییەکەی زوو، هەتاو پێش ئەوەی خۆی هەڵبێ، ڕووناکی پێش خۆی دابوو، ئەویش نەرم نەرم وەک بە زۆر نێردرابێت، هێواش هێواشو خەواڵو بڵاو دەبووەوە. ئێمەش هەڵهاتین، ڕامانکردە

کێوەکانی سورداش، لە ئەشکەوتی جاسەنە گیرساینەوە، شەکەت‌و ماندوو، ئارەقاویی، لەسەر زەوییەکە دانیشتین، وەک لە شەڕێکی دۆڕاو گەڕابینەوە، شێخ دانیشتنی نەدەزانیو بەپێوە بوو، لە دارگوێزێکی ناو گەردەلوول دەچوو لەتووڕەییدا گڤەی دەهات، بەپێوە هەر لە ڕەشەبا دەچوو. نەیدەتوانی لە شوێنێکدا ئارام بێت‌و مت راوەستێت. لە جۆلانەی ژان دەچوو. هەندێ جار کلێپەیەک‌و جنێوێک‌و هەڕەشەو گوڕەشەی دونیای دەکرد، جار بە جاریش لە خەم دەچوو، خەمێکی تازە هەڵهاتووی دەمەو بەیان، خەمێکی وا لەپڕ دێت‌و هەست‌و نەست‌و مێشک‌و برین داگیر دەکات‌و بوون دەگووشێت.

شێخ لەمسەر بۆ ئەو سەر دەڕۆشت‌و دەگەڕایەوە بەر دەممان، حەپەسابوو، لەم سەر دەڕۆشت دارستان بوو ئاهی گەڵای لێدەوەری، لەوسەرەوە دەهاتەوە بەردەممان باران بوو دڵۆپ دڵۆپ دەتدی دەباریو پشووی نەبوو.

چوار ڕۆژ لەسەر یەک ئێمە دەمانویست تیماری دەردمان بکەین، چوار ڕۆژ لەسەر یەک دەمانویست مانایەک بۆ ئەو دۆزەخە بدۆزینەوە، نە ڕۆژ هەبوو، نە شەومان بوو. بۆ چوارەم ڕۆژ پەنجەرەیەکمان کێشاو کردمانەوە. بڕیارمانداو ڕۆژنامەی (بانگی حەق)مان دەرکردو شەڕە تفەنگمان دەست پێکرد.

ڕۆژنامەکەمان دەگەیاندە زۆربەی هەرێمی کوردستان. دوو مانگ زیاتر لەو ئەشکەوتەدا بووین، تەنها تەختێکی نووستنی ئاسنی تیا بوو، چەند کورسییەکی لەدار دروستکراو کە بە شەقی زەمانە دەلەقین. ماشێنێکی تایپی ئینگلیزەکانیشمان لەگەڵ خۆماندا هێنابوو. ٢٠ی مایس بوو ئینگلیزەکان خۆیان کۆکردەوە تا هێرش بکەنە سەرمان،



بەڵام ئێمە پێش ئەوە هەر زوو بۆی دەرچووین. کۆچێکی تازەمان کردو مێژووش هەر بە دوامانەوە بوو ڕایەدەکردو هەناسە بڕکێی پێ کەوتبوو.

ــ باشە نەرمین! تۆ چی دەڵێیت؟ باشمان کرد کە شەڕە تفەنگمان دەست پێ کرد؟

نەرمین وەک ئەوەی درۆی لەگەڵدا بکەم، موچڕکی پێدا دەهات. لە داخدا لێوی دەکرۆشت‌و سەری بادەدا. وەک گاڵتەم پێ بکات وتی:

ــ ئێوە بۆی دەرچوون، مانای تۆش لەگەڵیاندا بوویت. کوڕی باش! ئەی باشە پێم ناڵێیت، ئەگەر خۆت ئەوسا ژیاویت، ئەی چۆن باپیرەگەورەی خۆت بەبیردا نایەتەوە؟

ــ هەرچەند دەکەم باپیرەگەورەم نایەتەوە یاد، بڕوا ناکەم لەگەڵماندا بووبێت، ئەگینا هەر دەمناسی.

ــ ئەها دەتناسی.. بێگومان دەتناسی.

ــ باشە تۆ وەڵامت نەدامەوە، ئێمە باشمان کرد یان خراپ؟ وتوویژمان لەگەڵیاندا بکردبایە یان نا؟

پرسیارەکەی وەک نوکتەیەک لیوەرگرتم، وەک لەگەڵ منیشی نەبێت وتی:

ــبەڕای من وتوویژ بکرایە باشتر بوو.

ــئاخر ئەوسا دەیانوت بووینەتە پیاوی ئینگلیز.

ــ ئینجا چییە؟ با وایان بوتایە، خۆ هیچ نەبێت دەبووینە دەوڵەتێک.

ــ چۆن؟ ئاخر نەرمین گیان تێبگە! ئێمە ئەوسا...

قسەکەی پێبڕیم‌و ئاگای لەخۆی نەما، وەک خانوویەک بەسەرمدا ڕما.

ــ ئێمە ئێمەی چیتە؟ تۆ شێت بوویت؟

بەجێیهێشتم‌و پیاسەی نەرمی ئەو ئێوارەیەی لێ تێکدام. لە دوورەوە هاوارم کرد: بەیانی یەکتری دەبینین، کاتژمێر شەشی ئێوارە.
ئاوڕی لێ نەدامەوەو بە تەنیا بەجێیهێشتم.
ئێوارەیەک بوو، من لە هەستی ڕەق‌و رموزنی ژووره تەنیاکەم هەڵهاتبووم، دەمویست بۆ ماوەیەکیش بێت لە تارماییەکانم ڕابکەم. ئەو ئێوارەیە من دەرەختێکی سەوزی ژان بووم، وڕێنەم گرتبوو، مزر.. ئاودار، نەرمینەکەم حەزی نەکرد تامی بکات، بەری رەنجم بەفیڕۆچوو. ئەو ئێوارەیە من لاشەیەک بووم ئاوی کولاتووی مێژووم بە سیمادا پرژابوو، سووتابووم، نەرمینەکەم حەزی نەکرد تیمارم بکات. ڕووباری فرمێسک بووم ڕژابووم، نەرمینەکەم نەیویست، نا، لە شەپۆلەکانم بگات. دەمویست بە گەشتی خەیاڵدا ئەویش بێت‌و بەشداریم بکات، کەچی ئەفسووس چەشنی ئاسکە خەمێک لە دەشتی کاکی بە کاکی ژانە دڵمدا جرپن جرپن ڕای دەکرد.. وەستانی نەبوو.
هەر لەگەڵ ڕۆشتنی ئەودا ئێوارەش خۆی دزییەوە، (شەو) نەیدەزانی چی بکات، بێت یان نەیەت؟ زۆر دوودڵ بوو، جارێ کاتی نەهاتووە، شەقامە پەستەکەی سەر رێم وەک لە پاڵکەوتن وەڕس بێت، دەستەکانی بەرەو دواوە کێشایەوەو دونیا بووە چاڵێکی زل. سەرنجەکانم وەک شەکەت بن‌و حەزنەکەن چاو بە ئارەزووی خۆی وەریانبگێڕێت‌و بەم لاو ئەولادا فڕێیان بدات، ڕێی ماڵەوەیان پێشانی چاوم دەدا.
گەڕامەوە، لە ناچاریدا گەڕامەوە، دەنا ئارەزووم مەرگ بوو، مەرگێکی کتوپڕو پڕ سەرسامی. شێت‌و وێتی ڕووی تێکردبووم،



حەزم دەکرد بە شەقامەکاندا بخولێمەوەو لە خۆم ون بم، نەوەکو بگەڕێمەوە کونجی دۆزەخ.
گەڕامەوە، نەئێوارە بوو، نە شەو بوو، تەنها ئاواتم ئەوە بوو لەبەردەرگای ماڵی خۆیاندا ببینم، هەر کە لەسەری کۆڵانەکەوە دەرکەوتم، دەستبەجێ ئەو ئاواتەم چەشنی ئەستێرەیەکی ڕیوەڵە لێ ئاوا بوو. جەستەم قوورس‌و دڵم پڕ لە گریان بوو. لۆژە لۆژ گەڕامەوە بەرەو ژوورە تەنیاکەم، گەڕامەوە سەر شانۆی ژان، لای تارماییەکان.
ــ مامۆژن! کەس هەواڵی نەپرسیووم؟
ــ نەخێر کوڕم!
چ عەشقێک بوو ئەو ڕۆژە وا کەف وکوڵی شانەی دڵمی وا ورووژاند؟ چ لاسکە ئازارێک بوو ئەو ڕۆژە وا پەلی گرتم، دەیویست لەگەڵ خۆیدا بمباتو ونم بکات، لەمە زیاتر بۆ کوێم ببات؟ چ شەپۆلێکی فێ لێهاتووی ناوەخت بوو دەیویست هەروا بە ئاسانی لەناو خۆیدا نوقمم بکات؟ چ ئەوینێکی ئەم دڵە شێتۆکەیەی من بوو ئەو ڕۆژە وا وەکو لاولاو بۆ سەربانی ماڵی مامم سەریخستم.
لەسەربان ڕاوەستابووم، لە دڵی یەکێک دەچووم ڕایکردبێت، کەم کەم شەرمم بەخۆم دەهات، خۆ منداڵەکەی جاران نیم، وەختەو ناوەختم نەبێت. لەسەربان بووم، ماڵی نەرمین بەرامبەرم هەر لە کۆشکی بەهەشت دەچوو. نەرمین لەلام فریشتەیەکی دووردەست بوو، خۆشم شەیتان‌و پێی ناگەم.
تاسەم بوو نەرمین لە دوورەوە ببینم، نەوەکو کاتژمێر شەشی ئێوارەی لەبیر چووبێت. حەزم دەکرد سەرەتاتکێم جۆلانەی مێشکی نەرمین

رابووەشێنێت، نەوەک جێژووانی بەیانی لەیاد چووبێت. حەزم دەکرد بەس لە دوورەوە بمبینێت، نەوەکو دڵی لەمن کرمێ بووبێت.

هەرچەندم کرد ئەو شەوە تا بەیانی دڵۆپێک خەو نەڕژایە نێو چاوانم، پاڵ کەوتبووم، ناو جێگاکەم لێ ببووە وردە دڕکی دوودڵی، سەرینەکەم هەر لە بەردێکی نەرم دەچوو، کە سەرم تێدا نوقوم دەکرد وەک لەناو قوڕی گوماندا نوقمی بکەم بۆم بەرز نەدەکرایەوە، وەک هەموو تەمەن بەیانی سەعات شەشی ئێوارە بێت، من ئەو شەوە چاوەڕوانی ئەوکاتە بووم، ئەو ساتە بووم چاوانی ئەویان تیا هەڵبێت.

بەفری رۆحم چاوەڕوانی جێ پێ قاچی نەرمین بوو، چاوەڕوانی بەرسیلە بوو، نەرمین لەبەرچاومدا دەیکرماندو تا بەیانی تامی دەدام، دەمم ئاوی کردبوو. هەر خۆیشم نازانم ئەو شەوە، ئەو تەمەنە، ئەو ژانە چۆن تێپەڕی، چۆن چۆنی بوو رۆژ بووەوە.

لە کاتژمێری دووی نیوەڕۆوە من چوومە جێ ژوان، چاوەڕوانی نەرمین بووم. وەکو شێتێکی ریوەڵە گڕم دەخوارد. لە (بەرزەخ)دا ڕاوەستابووم، چاوەڕوان بووم، هاتنی بەهەشتی ئەوو نەهاتنی دۆزەخی ئەوم لێ دیار بوو.

هەموو چرکەیەک کە تێدەپەڕی تەمەنێک بوو، هەموو چرکەیەک موویەکم سپی دەبوو، تا کاتژمێری شەش من فریاکەوتم، دوو جاران لە هۆش خۆم بچم، دوو پاکەتیش بکێشم‌و بیکەمە دیاری هەناسەم.

من عاشق بووم، تا سەعات شەش من چەند جارێک خەونم بینی‌و چەند جارێک بە مەرگ شادبووم.



لە شەش لایداو نەرمین نەهات. چاوەڕوانیم عارەقی کردبووەوە، بۆچی شنەی نەرمین نەهات؟ بوو بە سەعات حەوت هەر نەهات، هەشت هەر نەهات، نۆ هەرنەهات.

بڕستو هێزم لێ بڕا، سەرم داخست، رۆحم وەکو شارێکی قەرەباڵەغ وابوو، باس هەر باس‌و خواسی هاتن‌و نەهاتنی (رۆم)ی نەرمین بوو.

لە پڕێکدا وەک دڵم خەبەری دابێت سەرم هەڵبڕی‌و داچڵەکیم، لەبەر دەممدا یەکێکم دی، باڵای کورت بوو، لەش تێکسمڕاو، دوو چاوی زەقی بێ برۆ، فرمێسکی نادیاری شاعیرانەیان تێدا تێزابوون. لووتی درێژ، سمێڵی زەرد، سەری تۆزێ ڕووتاوە بوو، هەندێکیش چەوری کردبوو، تەوێڵی پان‌و پۆڕو پڕ لە دومەڵ‌و زیپکە بوو. جلێکی ڕەنگاوڕەنگی لەبەردا بوو. هەروەک عاشقێکی غەریب، گوڵێکی چاوپشیلەی بە یەخەوە بوو، وەک چاوەڕوانی شتێک بکات.. کەسێک بکات، سیمایەکی زۆر حەپەساو، کەساس، داماو، وەکو یەکێک شانەی هەستی ڕووخاندبێت، نیگای چاوانی بە پەلە بوون، بە هەڵپە بوون، زۆر سەیر بوون.

ـــ تۆ کێیت؟ تۆ کێیت؟ تۆ کێیت؟ تۆ لە تارماییەکان ناچیت، تۆ کێیت؟ من لە خەم دەچم، لە چاوەڕوانی، ئەی تۆ؟ تۆ کێیت؟

ـــ شەیتان.

ـــ شەیتان؟!

ئەمە خەوە یان ڕاستی! ژیانە یان رۆژی دوایی! ئەمە نەرمینە دواکەوتووە یان خەیاڵ! وڕێنەیە یاخود حاڵ!

ـــ من بەڕاستمە، تۆ کێیت؟

ـــ منیش بەڕاستمە، من شەیتانم.

ــ کەواتە تۆی شەیتان، ئاخ! چەند لە مێژە حەزدەکەم بتبینم.
لە خۆشیو نەگبەتیو تووڕەییدا هەموو گیانم دەلەرزی. ئەوە منم لەبەردەمی یەکێک لە فریشتە ئەبەدییەکاندا وەستاوم.
ــ کێ ئەم گاڵتەخانەیەی کردەوەو ئێمەی توڕدایە ئێرەوە؟ تۆو خواکانت ئەم دەرگایە چی بوو کردتانەوە؟ ئەمە چی بوو؟
خەریک بوو بەجێم بێڵێت، ڕەنگی زەرد هەڵگەڕابوو، بەڵام من دەنگم بەرزتر کردەوە.
ــبەڵام من دەزانم، گوناح، گوناحی تۆ نییە، وەک نووسراوەو وەک باس دەکرێت. مرۆڤ تفەو نەعلەتت لێ دەکەن، کەچی تۆ لە ناخی هەمووماندا دەژیتەو بوونت هەیە. ببینە! چەندە لاوازین ئێمە. بەڵام ئەوەی لای من ڕوونەو ئاشکرایە ئەوەیە کە تۆ لە ئێمە لاوازتریت.. کەساستریت. ئێمە ڕێبوارینەو تێدەپەڕین، میوانینەو لە دەرکردن دەترسێین. ژیانمان وەکو بڵقی سابوون وایە. بەرزدەبێتەوە، نزم دەبێتەوەو لەپڕ دەتەقێت. بەڵام تۆ بەخەمەو ئازارەوە هەر دەژیتەو مەرگت بۆ نییە، دەبێت چ تاوانێکی ترت کردبێت وا ئێمەی بەشەر پێ نازانین، وا ئەم سزا ئەبەدییەیان داویت. لێم مەشارەوە! هەموو شتێک بە سیماتەوە دیارە. ئێستا بۆم دەرکەوت چەند ئازار دەکێشیت.
من پێش ئەوەی تۆ ببینم، هەمیشە بەدوای شتێکدا دەگەڕام ئەبەدیم بکات، جا چ عەشق بێت، چ تارمایی بێت، چ فرمێسک بێت. من ئەو هێزەم هەبوو، هەموو تەمەن لەبەردەمی خودایەک لە خوداکانتدا فرمێسک هەڵبڕێژم، نەک لەبەرئەوەی کە بەقەدەر سەرە دەرزییەک خۆیم پێشان بدات، بەڵکو بەس لەبەر ئەوەی ئەبەدیم بکا، بەڵام ئێستا



دوای ئەوەی کە تۆم بینی ئارەزووی ئەبەدییەتیشم نەماوە، فرمێسکیش هەڵناڕێژم، ئێستا هیچ شتێک نییە بمگرێنێ.
سەیری دەکردم، حەپەسابوو، منیش ئاگام لەخۆم نەمابوو، دەگریام.
بێدەنگ بووم، ئەویش وتەی لەدەم نەهاتە دەرەوە. هێمن بوومەوە، چاوەکانم سڕی، هەستم بە هەڵچوونم کردبوو، بۆیە بە ئارامییەوە پێم وت:
شەیتانی ئازیز! چۆنە واڕێت کەوتۆتە ئەم ناوە؟ بەدوای چیدا دەگەڕێیت؟ چی وێڵی کردوویت؟
ئەی تۆ؟
بەدەنگێکی ناساز وتیو ڕووی وەرچەرخاند. قولاپی سەرنجی دیسانەوە خستە گەڕو بەم لاو ئەولادا شۆڕکردەوە.
گەر لەو ساتەدا شەیتانم نەدیبایە، وەخت بوو لە چاوەڕوانیدا ژێی دڵ بپچڕێتەو هەناسەم دووکەڵ بیخوات، یان زەوی قووتم بدات. ئەمە حەوت سەعاتی تەواوە من چاوەڕوانی نەرمینم، بۆچی نەهاتو خۆی شاردەوە؟
ئاخ! لەوکاتەدا، لەو ڕۆژەدا چەند پێویستم بە نەرمین بوو، لەگەردوون هەڵهاتبووم، گەردوونی گەڕیدەی ژوور، گەڕیدەی ناخ، گەردوونی چەتوونی هەست، لاساری داخ.
قژی لوولم چاوەڕوانی دەستی نەرمی نەرمین بوو، مێشکی وڕم چاوەڕوانی وتەی شیرینی نەرمین بوو، هەستو نەستی تێکەڵاوم چاوەنواڕی بژاری وردی نەرمین بوو، بەستەی شمشاڵی تاسەم چاوەڕوانی پەنجەکانی نەرمین بوو، تارومار بووم، چاوەڕوانی هاتنی یەکەم ڕێبوار بووم، ئەویش نەرمین بوو.

ــ ئەمە جێ ژووانی ئێمەیە، من چاوەڕوانی نەرمینم.
وەک لەپێشدا قسەکەی منی زانیبێت، بزەیەک گرتی. لەبەرخۆیەوە منگە منگێکی کرد، تێنەگەیشتم، هەڵبەزو دابەزێکی کرد، وەک لەبەر خاترو دڵی من بێت، ورووژام.
ــ گەورەم! تۆ وەڵامت نەدامەوە، بۆچی کەوتوویتە ئەم ناوە؟
لەپڕ مات بوو، بە چیچکانەوە دانیشت، وەک دڵەڕاوکێی بکوژێت، تەزبیحێکی ئەبلەقی لە گیرفانی دەرهێنا، حەزی نەکرد بەڵام لە گیرفانی سەردڵی، جامی وێنەیەکی لە دوورەوە پێ نیشان دام، وەک بیەوێت لە گومانێکی تازەدا نوقمم بکات، جامی وێنەکەی نەدایە دەستم، منیش لە هیچ حاڵی نەبووم.
ــ ئەی پێم ناڵێیت توو ئەو گوڵەی بە یەختەوەیە، ئەو جامی وێنەیە هی کێیە؟
بە چاوترووکاندنێک وەکو مارێک پێوەی دابێت، داچڵەکیو هەستایە سەر پێ، وەک برینێکی قووڵ، دەوروپشتی گۆمی خوێناو بێت، چووزایەوە.. تفێکی لە ئاسمان کرد. پێم سەیر بوو لەو ساتەدا نەرمە بارانێکی سەوز دایکردو نێرگز ڕواو بە دەوریدا تەنییەوە.
وەک ئەوەی بەردێکی بەسەر کەوتبێت، وەک ئەوەی پرسیارەکەم دانی لێ جیڕکردبێتەوەو قەپاڵی پێدا کردبێت، خولی خواردو خولی خواردو سەمایەکی ترسناکو بەدو مەنگی دەست پێ کردو ئاوازێکی پڕ زایەڵەش وەک لە دڵۆپە بارانەکانەوە هەڵقوڵابێت، وەک پەلەی بێت، وەک لە کاروان بەجێمابێت، دەگەیشتە گوێم.
کاتێک کاروانەکە بەجێیهێشتم، ترسێک سەرتاپای گیانمی لە تێزابی بێ بنی خۆیدا نوقم کرد، دونیا شەو بوو، نەمدەزانی، نەمدەزانی



ڕەپێڵگەی کاروان لە کوێیە، نەمدەزانی چی بکەم.. چی. هەموو لایەک وەک پەردەیەکی پێوە بێت، ،پەردەیەکی ڕەشو پەست، تاریک.. نووتەک، پڕ تەگەرە، سەمای بە خەیاڵم دەکرد. لە سەرەتادا خۆم کۆک کردو هەر لە خۆمەوە ملم نا، هەنگاوی نابەڵەدی منداڵانەم، ورد وردو چکۆلانە، سەرلێو لە حیژمەتی ترس، لە پێش خۆمەوە دەڕۆشتنو منیش یەخسیرو ماندوو بە دوایاندا. یەکەمجار بوو بەو منداڵییە هەستم بە غوربەتیی کردو تامی تاڵی بێکەسیم چەشت. گریان بەر بینی گرتبووم، بەر سۆمای چاوی گرتبووم. مێشکی پڕ وەنەوزی ورم لەم جیهانە تازەیەم هیچ تێنەدەگەیشت. چۆن تێبگەم؟
منێکی ئەوسای یازدە ساڵان چیم دابوو بە بەزمی کۆچەوە؟ جار بە جارێک دەچەمامەوەو لەگەڵ هەر دوو سێ هەنگاوێکدا بەردێکی ئازیزم لەجێ پێی خۆم دادەنا، چاوم دەسڕی، لووتم دەسڕی، سکێشم بەلەفیرەی بوو. تاوێک بۆی ڕۆشتمو لە ترسو لە تەنیایدا گەڕامەوە لای تاشە بەردی دێرینم.
لەپڕ لە سەماکەی کەوتو بارانە سەوزەکەش وەستا. دڵۆپە بارانەکان، وەکو فرمێسکی یەزدان بن لەسەر زەوی باقو بریقیان سەرنجی چاوانی دەدزی.
هاتە پێشەوە، لەبەر دەممدا ئەبلەق بوو. وەک منداڵێک کە داوای شتێک بکات تێی دەڕوانیم، وەک لێم بترسێت دوو هەنگاو چووە دواوە، هەناسەیەکی چرچو لۆچی پڕ بە سینگی خۆی هەڵکێشا. سەری داخستو زیخی نیگای تەڕو وشکی کەوتنە بەرپێی. گوڵە نێرگزەکانی گشت شێلا بوو، نێرگزەکان کاتی ئاویلکەیان بوو، بەڵام وەک شەیدای سەما بن، سەمای شەیتان. جار بە جارێک مەرزی

مەرگیان دەبڕیو بە سەیرکردن هەناسەیان وەردەگرتو خەنی دەبوون. زەوی ژێر پێمان پێدەکەنیو دونیای دەلەرزاندەوە. بەردە تەممەڵەکانی دەوروپشتمان یان قسەیان دەکرد یان دەلەرزین. دوو سێ جووتە ئەستێرەی نێرو مێش لە ئاسمانەوە کشابوونو لێمان نزیک کەوتبوونەوە، تیشکی دەستیان تێکەڵاوی یەکتری کردبوو، چرپە چرپیان بوو.

وەک بگری، بەکوڵ بگری، گوڵەکەی یەخەی هەڵوەریو چاوی پشیلەی ڕاستەقینە، وەکو هەڵماتو گۆیژ بەربوونەوەو کەوتنە خوارەوە، لە بەردەممدا هەڵبەزو دابەزیان بوو، خل بوونەوەو وەک مێرووڵە یەک لە دوای یەک ڕێچکەیان بەست، دەستی نێرگزەکانیان گرت، ئاوڕێکیان دایەوەو سەیرێکی شەیتانیان کرد. شەیتانیش سەرێکی بۆ لەقاندن، زەویش دەستبەجێ وەک شەق بوو بێت بانگی کردنو گشتیانی هەڵلووشی. هیچ نەترسام، بۆ بترسێم؟ ئەم دیمەنانە هەموویان لە خەونی بە سامو تێکەڵو پێکەڵی شەوانی تەنیاییم دەچوونو ڕۆحمیان لەگەڵ خۆیاندا ڕاهێنابوو.

لەسەر تاشە بەردەکە نەمامێک بووم ڕەش داگەڕاو، ترووسکەی سەوزایی لێ بڕاو، هێز تیانەماو، لە شوێنی خۆم هەڵکەندراو. وشکو ڕەقو ڕەپ دانیشتبووم، خۆم پیس کردبوو، بۆنم لێ دەهات. ((تۆ بڵێی بێنەوە لام))؟ ئەم پرسیارە هەژاندمی، ئەم پرسیارە جرپنە، بێ حەوسەڵەیە چاوەڕوانی وەڵام بوو.

بێ وەڵام بەجێی هێشتمو هەزارو یەک کونو کەلەبەری کردە شەبەقی هەستم، لە گومانو لە یەقیندا ونی کردم. ((من تەواو بووم))، دەنگی ناخم وتی ((نەخێر تەواو نەبوویت)).. من وتمەوە ((با، تەواوبووم))، دەنگەکە دیسان هەڵیدایەوەو وتی ((نەخێر.. نەخێر.. نەخێر)).



دانیشتبوومو چاوەڕوان بووم. چاوەڕوانی پلوورەی ڕۆحی ڕووشاندم. لەوکاتەدا نووزە نووزێک وەکو هی خەم بێت یان شادی، تاسەی پێکامو بە یەک قوم هەستمی هەڵدا. وەکو گوڵەئەستێرەیەک پەڕە ڕەنگاو ڕەنگەکانی بەسەرمدا داباڕین. زۆر بەئاستەم، زۆر بە چرپە وەک دڵخۆشیم بدەنەوە، بۆنو بەرامەیان بەسەر سیمای ڕەنگ پەڕیومدا پرژاند، بەڵام من هێندە دڵم پڕ بوو بوو، هیچ شتێک دڵی خۆش نەدەکردم. بۆیە لەبەرخۆمەوە وتم ((من تەواو بووم، چەند هەناسەیەکی کەمم بە بەرەوە ماوە)). دەنگی ناخم وتی ((نەخێر، چاوەڕوان بە)). من دەمزانی ئەو نووزەو چرپەو گوڵاوە هەستو نەستی تێکشکاوی ئەم ڕۆحە شەکەتەی من بوون هەڵفڕینو ئازادانە هاتنەوە لام. ((هەستە بچۆرەوە ماڵی مامت، بەرامبەر نەرمینەکەت، کاروانەکە نایەتەوە)). چۆن بێتەوە؟ یەک هەفتەی تەواو بوو من لەگەڵ باوکمدا بەشەڕ هاتم.

__ من لەگەڵتاندا نایەم بۆ دەرەوەی وڵات، ئێوەش مەچن.

خۆشم نازانم چۆن وێرام شتی وا بڵێم. شایەت هی ئەوە بوو بێت کە هەستم نەدەکرد بەوەی باوکم هەیەو لەبەردەمیدا وەستاوم، یەک شەقازللەی مزری لە بناگوێم سرەواند.

__ هەر ئەوە ماوە ببیتە گەورە بە سەرمانەوە.. بستێک گوو بە قنگتەوەیە، خۆ بەئارەزووی خۆت نییە، من باوکم یان تۆ؟

ئاخ وەک ئەوەی دوێنێو پێرێ ڕوویاندابێت، دایکم چۆن وەک ڕەشەبا بەرەو لام هاتو وەکو پەرژین لەبەردەممدا وەستاو وەک چنارێک بەسەرمدا نووشتایەوە. وەک لە باوکم بشارێتەوە، وەک پەنجەی

خۆی لە درک یان ئاگر بپارێزێت، دەستی گرتمو چاوانی پڕ بوون لە گەڵای وەریوی پاڕانەوە.

ــ ئاخر بەو شێوەیە نابێت، ئەو منداڵە.

ــ چۆن نابێت؟ تەمەنی یازدەیەو بەرپەرچم دەداتەوە، وا یەک هەفتەیە چەنەچەنێتی، خۆ ئاگات لێیە!

ــ ئاخر کوڕی شیرینم! چۆن لەگەڵماندا نایەیت؟ ئەی تۆ بە تەمایت لە کوێ بژیت؟ وا خانووەکەشمان فرۆشت.

ــ دەچمە ماڵی مامم، لە لای ئەوان دەژیم.

باوکم هەر لەگەڵ وشەی مامدا وەک ئاوی کوڵاتوو بەسەریدا بکەن، وەک پڵنگێکی بریندار هێرشی کردە سەرمو شەقازللەیەکی تری پڕ بە دڵی خۆی تێسرەواندمو خپ خستمی، کە کەوتم دایکمیش لەگەڵمدا کەوتو لە هۆش خۆی چوو.

ــ گەر باسی مامت بکەیت، لەمەولا تۆ کوڕی من نیتو حاشات لێ دەکەم، دە بەسە ئیتر بیبڕەوە.

دەستم کرد بە گریانو ویستم ڕابکەم، بەڵام دیمەنی پڕ ئازاری کەوتووی دایکم لە شوێنی خۆم قاچەکانی وشک کردم، باوکمی زریانیشی کردە شەماڵ، باوکم وەک ئەوەی بەفراو بە گەروویدا چوو بێت، هێمن بووەوەو بە فڕکانێک جامێک ئاوی ساردی هێنا، نەرم نەرم وەک ئوتووی کراسێک بکات، ئاوی بە سیمای زەردهەڵگەڕاوی دایکمدا پرژاند. جار بە جاریش نەرمە زللەیەک وەک سەری دایکم تۆپێک بێتو خۆی یاریزان. ئاگام لێ بوو دوو جارانیش ماچی کردو لەگەڵ هەر ماچێکیشدا مۆڕەیەکی لێ دەکردم. وەک شەرم بکاتو حەزنەکات لاوازیی خۆی پێشان بدات، تەوێڵ چرچو دەستەپاچە،



دونیای لێ هاتبووەوە یەک، وەک لەخۆی زیاتر کەس شک نەبات یەخەی بگرێت، سیمای تەڕ تەڕو پەشۆکاو، هەردوو گلێنەی بزێو بزێو بەملاو ئەولادا، جار بە جاریش لەسەر دەمو چاوی دایکم وەستاو. لەپڕێکدا بە خێرایی هەستاو وەک شاعیرێک خەیاڵی شیعرێکی تازەی بۆ هاتبێتو نەیەوێت لە دەستی خۆی بدات، عەتری هێناو پەنجەیەکی پێ تەڕ کردو لە لووتی نا. سەیری دەکردو وەک خەمێک بەسەریدا نووشتابووەوە. دایەی بێ هۆش داچڵەکیو وەک فریشتەیەکی پاڵکەوتوو هەناسەیەکی قووڵی یەزدانیی دا، نەرم نەرم پەردەی تەنکی پێڵووەکانی تروکاند، لە خۆشیاندا موچرکێکی پڕ حەژمەتم پیا هات. باوکیشم بزەیەکی منداڵانەی سەیری کەوتە سەر لێو، چەند ساڵێک بوو، لەوەتەی من هۆشم هەبێت، بزەم لە باوکم نەدیبوو، لە خۆشیاندا دەستەکانی دەلەرزین، بە دەستی چەپ قۆڵی دایکمی گرتو دەستی ڕاستیشی خستە پشتو کەمەری، زۆر لەسەر خۆ وەک منداڵێکی قۆناغە بەرز بکاتەوە ئاوها دایکمی هەستانو بردییە ژوورەوەو لەسەر چرپاکە درێژی کردو گوێم لێ بوو پێیوت؛

ــئازیزەکەم! بەهەموو دونیات ناگۆڕمەوە، ئەوە چی بوو؟ بۆ وات لێهات؟

ــ وا بزانم هی ئەوە بوو کە ئیمڕۆ زۆر ماندوو بووم، شتی ناو ماڵم پێچاوەتەوەو شتی قورسم هەڵگرتووە. قسەی خۆمان بێت دیسانەوە وا بزانم ناوکم کەوتووە.

ــ هەرچەند من باوەڕم بە ناوک کەوتن نییە، شتی پڕوپیریژنە، بەڵام وا دەنێرم بە دوای خازڵێخادا.

بانگی کردم: دەی کوڕە بچۆ خازڵێخا بانگ بکە، دایکت ناوکی کەوتووە.
بەفڕکانێک چوومە لای پیرێژن، ئەویش وەک لەلای شتێکی زۆر ئاسایی بێت، وتی:
ــ باشە کوڕم! ئێستا ئەم قومە چایە دەخۆمەوەو دێم.
خازڵێخا پیرێژنێکی زۆر بە تەمەن بوو، پشت کۆماوەو باڵای هەر هێندەی باڵای کورتی ئەوسای من بوو. هەرچی چرچو لۆچی دونیا هەیە لە دەمو چاویدا هەبوو. تەمەنی لە سەد لایدابوو، بەڵام چاوەکانی جوان بوون، گەورە گەورەو ژێرپیاڵەیی، سەوزێکی کاڵ، وردە گیای دەشتو دەر بوون، ژوورەکەی چکۆلە بوو، هەربەشی دانیشتنی دوو سێ کەسی دەکرد. شڕو شیتاڵی سەر زەوی، گۆزەیەکو ئاوێنەیەکی شکاوو شانەیەکی تەختەی داندار، لەتە سابوونێکی ڕەقی.. شتە سەرەکییەکانی ژوورەکەی بوون. هەندێ جار منداڵانی گەڕەک لە دەوری کۆدەبوونەوەو گاڵتەیان پێ دەکردو دەیانووت: ((خازڵێخا ئێستاش وا دەزانێ مەلیک ماوە)). یان ((وا دەزانێ کەباب بە دەیە)). هەندێ جاریش هەر بۆ زۆڵێتی دەیانووت ((خازڵێخا ئێستاش وا دەزانێ مەلیک بە دەیە)).
خازڵێخا خۆی دەیگێڕێتەوە کە یەکێک بووە لە کچە جوانەکانی ئەم شارە، پەنجا پیاو زیاتر بۆی شێت بوون. دوو سێ کەس پەیمانی ئەوەیان پێدابوو کە ئەستێرەی بۆ دادەگرن، کاتێک شووی کردووە، هەر دوو مانگی نەبردووە، مێردەکەیان لەسەر جوانی ئەم بەر چەقۆ داوەو لاشەکەیان فڕێ داوەتەوە بەر دەرگای کۆڵان. کە ئەو دیمەنەی بینیووە، ئیدی بڕیاری داوەو بە هیچ کەسێک شووی نەکردۆتەوە.



دوو سێ ساڵ بوو هاتبووە گەڕەکی ئێمە، خەڵکی گەڕەکەکەش هەمیشە بەزەییان پێدا دەهاتەوە، زۆرجار خواردنیان بۆ دەبرد، منیش بیرمە زۆرجار مەنجەڵە یاپراخو کفتەی سابوونکەرانو کفتەی جوولەکەم بۆ بردووە، کە دەهات بۆ لای دایکم، بە پێنج سەعاتو شەش سەعات نەیدەبڕییەوە، تەنانەت دایکیشم هەندێ جار لێی بێزار دەبوو.
لەبەر دەرگا چاوەڕوانی خازڵێخا بووم، ئەوە چی بوو ماڵی ئەم قومە چایەم بە قوڕ گرت، هەر تەواو نەبوو؟
لەوساتەدا ڕقم لە هەموو پیرێژنەکانی ئەم دونیایە هەستابوو، نەمدەزانی بۆ ئەوەندە خاوخلیچکن، ((ئاخر من دایکم نەخۆشە، چا خواردنەوە گرنگترە یان دایکم))؟
لەپڕ دەرکەوت، وەک ئەستێرە، وەک ئەستێرەو کەوایەکی لەبەردا بێت، وەک فریشتە عەبای بە سەرەوە بێو پشتی کۆماوە بێت، پێشم کەوت.
ــ خازڵێخا گیان! بۆ دواکەوتی؟
ــ کوڕم! هەر وا دەبێت.
چووینە ژوورەوە، چۆنیو چاکی کرد، دایکم ویستی لەبەری هەستێت، بەڵام نەیتوانی.
ــ پێویست ناکا لەبەرم هەستیت گەلاوێژ خان!
لە ژوورەوە تەنها دایکمی لێ بوو، پێم سەیر بوو. ((ئەی باوکم کوا))؟
سەد فلسی لە دایکم وەرگرتو قۆڵی چەپی دایکمی تا ئانیشک هەڵکردو سەد فلسەکەی لەسەر دەمارەکەی داناو چەند جارێک پەیتا پەیتا پەنجە گەورەی لەسەر سەد فلسەکە دادەناو فشاری لێ دەکردو

چەند جارێک قۆڵی نووشتانەوەو دوایی بە پەڕۆیەک بەستی، ویستی سەری قسە دابمەزرێنێت.

_ ئەرێ دایکە! ئەوە باوکم لێرە بوو چی لێهات؟

دایکم وەک چاوەڕوانی ئەم پرسیارە نەبێت، خێسەیەکی لێ کردم، بەڵام نەیهێشت خازڵێخا پێ بزانێت، وتی: کوڕم! باوکت کەی لێرەیە؟

خازڵێخا داچڵەکی، وەک بترسێت، عەباکەی بەسەریدا دایەوەو بە شڵەژاوییەوە وتی: گەلاوێژ خان! ئێستا باشترە ئیسراحەتێکی بۆ بکەیتو سەرخەوێکی بۆ بشکێنیت.

بەپەلە وەک ڕابکات، وەک باڵ بگرێت، سەری داختو دەرگاکەی لەدوای خۆیەوە پێوەدا.

باوکم لە ژوورەکەی ئەودیوەوە، وەک کەتنێکی کردبێت دەرپەڕیو وەک ئەوەی دایکمی بۆ ماوەیەکی زۆر نەدیبێت، بە پرتاو هاتە ژوورەوە. وەک بڕوا نەکا خازڵێخا وا زوو ڕۆشتبێت:

_ ئەوە چۆن وا زوو یەخەی بەردای؟

دایەش بیری نەچووبۆوە شەقازللەم بەرکەوتووە، بۆیە باسی ئەوەی نەکرد کە من هەواڵی بابەم پرسیووەو پرسیارەکەش پیرێژنی ترساندووە.

_ دەیوت ئیشم هەیە، بۆیە وا زوو ڕۆشت.

_ ئای چەند چاکی کرد.

هەر بە چاوان سوپاسم کردو بۆم پێکەنی. منو دایکم دوو هاوڕێی گیانی بە گیانی بووین. یادگاریی تاڵو شیرینی جۆراو جۆرمان پێکەوە هەیە، ((کوڕم! ئەم نەرمینە کێیە؟ چۆنە؟ جوانە؟)) یاری خۆش خۆشمان پێکەوە دەکرد، زۆربەی کاتی خۆی بە من دابوو، من



منداڵو کەچی ئەو خەمی دڵی خۆی بۆ دەڕشتم.. ((کوڕی خۆم! گەر ژنت هێنا، قەت ژنەکەت جێمەهێڵە)).

بەڵام لەگەڵ باوکمدا وا نەبووین. باوکم کاتی خۆی بە من نەدەدا، بەڕێکەوت دەمبینی. شەوان هەندێ جار درەنگوەخت دەهاتەوە، باوەشی پێدا دەکردین، وەک ئەوەی لە سەفەر هاتبێتەوە، سەرو ملی دەشتو دایکیشم بیجامەیەکی خاوێنو ئوتووکراوی بۆ دەبردو خواردنی بۆ گەرم دەکردەوەو منیش تۆزێکم لەگەڵدا دەخوارد.

_ کوڕم! لەگەڵ قوتابخانەدا چۆنی؟

_ بابە گیان! نمرەکانم هەمووی دەیە.

نەختێک لەگەڵمدا یاری دەکردو هەوڵی دەدا بمخەوێنێتو حیکایەتی گورنەتەڵەو شێری ساختەو ماسییە ڕەشە بچکۆلەی بۆ دەکردم. بەیانی کە هەڵدەستام، لە دوای خەوێکی شیرین شیرین وەک گەزۆ، دەچوومە ژوورەکەی ئەودیو، تامی دوێنێ شەو لەژێر زمانم بوو، کەچی تەنیا دایکمم دەبینی.

_ دایە گیان! ئەی باوکم کوا؟

_کوڕم! باوکت بەیانی زوو ڕۆشت.

_ئاخ! دیسانەوە؟

_بچۆ بخەوە، جارێ زووە.

_ئەی ئێوارە دێتەوە؟

_نازانم کوڕم! هیچی نەوت.

_ باشە تۆ دوو سێ ساڵ لەمەوپێش وتت کە شوکور باوکت لە شار ئیش دەکاتو بەجێمان ناهێڵێت. ئەوە نییە وەک جاران هەر نایبینم؟

_ چووزانم، وتی کە پێویستە بڕوات، کۆبوونەوەیان هەیە.

ـــ کۆبوونەوەی چی؟
ـــلەگەڵ هاوڕێکانیدا کۆبوونەوە دەکەن، بۆئەوەی ژیان خۆش بکەن.
ـــ چۆن چۆنی ژیان خۆش بکەن؟
ـــبەو شێوەیەی کە باوک هەرگیز منداڵی جگەرگۆشەی خۆی جێنەهێڵێت.
ـــ منداڵی جگەرگۆشە یانی چی؟
ـــ مانای وەکو تۆ! مانای باوکت هەرگیز جێتنەهێڵێت.
ـــ ئەی ئەمە چۆن دەبێت؟ کەی دەبێت؟
ـــ کوڕم! ئەمە ڕێگایەکی دوورو درێژەو تۆش منداڵی جارێ لێی تێناگەیت.
ـــ چۆن تێناگەم! ئێ باشە با بێتەوە ماڵەوەو بەجێم نەهێڵێت، ئەی وا نابێت. ئەی ئەوە نییە خۆی بەجێم دێڵێت، دیارە هەر خەتای خۆیەتی، خۆ خەتای منی تیا نییە، ئەی خۆت هەمیشە ناڵێیت، منداڵ هیچ خەتایەکی نییە. گەورە ئاو دەڕێژێو بچووک پێی لێ دەنێ.
ـــ کوڕم! نازانم لە خۆی پرسە.
ئەم مەتەڵەم بۆ شیکار نەدەکرا، بەم تەلیسمە نەدەوێرام.
ـــ باشە دایە! ئەی مامیشم کە وا درەنگ درەنگ دەچێتەوە ماڵەوە، ئەویش هەر لەبەر ئەوەیە ژیان خۆش بکات؟
ـــ بەڵێ! بەڵام مامت بە ڕێگایەکی تر دەیەوێت.
ـــ باشە خۆ مامم منداڵی نییە.
ـــئێ کوڕم خۆ شەرت نییە بۆ منداڵی خۆی بێت، ژیان خۆشکردن بۆ هەموو کەسێکە.



ـــ چۆن؟ ئەی بۆ باوکمو مامم شەڕیان دەبێت، گەر هەردووکیان دەیانەوێت ژیان خۆش بکەن؟
ـــ ئۆی کوڕم! تۆ زۆر پرسیار دەکەیت. جارێ سەعات شەشی بەیانییە، بچۆ بخەوە باشترە. هەقت بەسەر ئەم شتانەوە چییە؟
لچم کردو گریام.
ـــ چۆن حەقم بەسەر ئەم شتانەوە چییە؟ من باوکم دەوێت.
ـــ ئێ کوڕی خۆم! خۆ باوکت هەرتۆی بەجێ نەهێشتووە، ئەوە نییە منیشی بەجێهێشتووە.
ـــ ئێ تۆ باوکمت بۆ چییە؟ تۆ گەورەیت.
دایکم وەڵامی نەدامەوە، بەتانییەکەی بەسەر دەمو چاوی خۆیدا دایەوە. بە دڵشکاوییەوە چوومەوە ئەودیو. هەرچەندم کرد نەمتوانی لە دایکم زویربم. جا ئەوکاتە، کاتی کۆچ، هەردەبوایە لە دوو ڕێگا، ڕێگایەکیان هەڵبژێرم، لەدوو ئاسمان ئاسمانێک. ئەوانیش دایەو نەرمین بوون. لەدڵە چکۆلانەکەی ئەوسامدا شەڕێک بوو، بەزمێک بوو ئەوسەری دیار نەبێت. هەندێ جار هەستم لای دەداو وەک تەرازوو بەرەو لای دایکم قورس دەبوو، جاری تریش عەشقی نەرمین ڕەشەبا بوو لە پەلو پۆی دەخستم.
ـــ تووخوا دایە گیان! شتێکت پێ دەڵێمو بە باوکم مەڵێ.
ـــ باشە کوڕم! چییە بیڵێ.
ـــ هەموو ڕۆژێ دوای قوتابخانە دەچمە سەر کۆڵانەکەی ماڵی نەرمین، تا نەیبینم ناتوانمو هێزم نییە بگەڕێمەوە ماڵەوە.
ـــ ئەوە بۆیە هەموو ڕۆژێک نەختێک دوادەکەویت؟
ـــ نا بڕوا بکە! هەر بە ڕاکردن دەچمو بە ڕاکردن دێمەوە.

_ ئەی خۆ ناچیت بۆ ماڵی مامت؟
_ نا دایە گیان! مەترسە نایەڵم بمبینن.
_ نا کوڕی خۆم! مەبەستم هیچ نییە، بەس مەچۆ، چونکە باوکت پێی ناخۆشە.

بەڵام ترسو سیمای باوکم زیاتر وایان لێ کردم بەو کۆچکردنە ڕازی بم. پێ لەجەرگی خۆم بنێمو بێدەنگ بم. ئەوسا هیچ شتێکم نەدەزانی.کۆچ مانای چی؟ بۆ کوێ دەڕۆین؟ چۆن دەڕۆین؟ ئارەزووی خۆمانە یان نا؟ چەندمان پێدەچێت؟ کەی دێینەوە؟ ئایا من نەرمین دەبینمەوە؟ ئەی قوتابخانە؟ خانووەکەمان بۆ فرۆشت؟ چی ڕوویداوە؟ تۆ بڵێی ژیانمان بەم شێوەیە خۆشتر بێت؟
_ کوڕم! خراپە لێرە بمێنینەوە، بۆ باوکت باش نییە.

نەمدەزانی چۆن؟ بۆ؟ بۆ باش نییە؟
_ باشە دایە! گەر سەفەر بکەین ژیان خۆشتر دەبێت؟
_ خۆشم نازانم کوڕم! بەڵام ئەوەندە دەزانم کە لە مردن ڕزگارمان دەبێت.
_ مردن؟ مردنی چی؟ کاممان لە پێشدا دەمرین؟
_لەوانەیە باوکت.
_ بۆ خۆ باوکم جارێ گەنجە، تۆ سەیری خازڵێخا بکە، خۆ ئەو جارێ نەمردووە.
_ ڕاست دەکەیت، کوڕم! ڕاست دەکەیت.

کە باوکم دوای رۆشتنی خازڵێخا هاتە ژوورەوە، وەک منی لێ نەبم، وەک کوڕی ئەو ماڵە نەبم هەر سەیریشی نەکردم. منیش لێدانەکەم بیرنەچووبووەوە، لە دڵم گرتبوو بۆیە کە هات یەکسەر بێ سێو دوو



چوومە ئەودیو. باوکم وەک غەریبێک دەهاتە پێش چاو، وەک میوانێکو هیچی تر. وەک میوانێک جار جار دەهات، من منداڵو ئەویش گەورە، یاری لەگەڵ دەکردم. جار بە جارێکیش دیارییەکی بۆ دەهێنام. تەنها یەک کەڕەتیش بیرمە من سواری پشتی بمو بڵێم هەچە.

دایەو بابە لە ژوورەکەی ئەودیو بوون، وەک تەمەن بەشی هیچ نەکات، زۆر بە خێرایی قسەیان لەگەڵ یەک دەکرد. جار جاریش دەنگیان نزم دەکردەوە. باوکم وتەنی ((دیواریش گوێی هەیە)). زۆر منداڵ بووم کە یەکەم جار ئەم قسەیەم لە باوکم بیست، دوای ئەوە هەر سەیری دیوارەکانم دەکرد، حەزم دەکرد بزانم گوێچکەیان کەوتۆتە کوێوە، دەبێ گوێچکەی دیوار چەند زل بێت؟ کەچی من نەمدەبینی، شەرمیشم دەکرد پرسیار بکەم، ڕۆژێکیان لە وانەی کوردیدا بوو ئەم قسەیەی باوکم دووبارە کردەوە، مامۆستا ئافەرینی کردم. بەڵام دوای تەواوبوونی وانەکە، منداڵانی پۆل کەوتنە گاڵتەپێکردن پێم، تا مانگێک هەر لێیان نەدەبڕیمەوە، لە دوورەوە بانگیان دەکردمو هاواریان دەکرد ((دیوار.. دیوار)).

دایکم زۆر مەبەستی بوو بزانێت ئایا ماشێنەکە شەو درەنگ لەکاتی خۆیدا بە دواماندا دێت؟ ئایا کەس ئاگای لێ نییە؟ چۆنەو چۆن نییە؟ ئای چەند دایەم خۆشدەویست، دەتوت منمو ئەو پرسیارانە لە باوکم دەکەم. باوکیشم زۆر بە پەلە وەک لەبەر دەمی دادگادا ڕاوەستابێتو لەسەر خۆی بکاتەوە، وەڵامی یەک لەدوای یەکی دەدایەوە، لە زۆربەی قسەکانی نەدەگەیشتم، بەڵام دیاربوو دەیویست بۆ

دایکمی بسەلمێنێتو ڕوونی بکاتەوە کە هەموو شت لە شوێنی خۆیەتیو ئامادەیە.

ــ ئافرەت! تکات لێ دەکەم خەمی هیچت نەبێت.

من لە ژوورەکەی ئەودیوەوە، لەبەرخۆمەوە لە جیاتی دایکم وتم ((چۆن خەمی هیچم نەبێت))؟ کەچی دایکم وای نەوتو دێراوی قسەکەی گۆڕی وەک هەموو شتێکی ئەم کۆچ کردنە بەدەی بیرچوویێتەوە، وەک حەز بکات تۆزێک ناز بەسەر باوکمدا بکات، کەوتنەکەی خۆی بیرکەوتەوەو وتی:

ــ دەزانیت تۆ زۆر ڕەقیت!

من لەو دیو نەبووم هەتاکو سیمای پەستی بابە ببینم، چاوم لێ نەبوو تا بزانم بەو قسەیە چەند قەڵس بوو، بەڵام بە بێدەنگییەکەیدا وەک شەو دیار بوو کە وەڵامێکی وای نەبوو، بۆیە منیش لەلای خۆمەوە لە خۆشیاندا وەخت بوو باڵ بگرم. باوکم دیاربوو سەری داخستبوو. دایکم وەک بزانێت بەو قسەیە هەستی باوکمی ڕووشاندووە، وەک بیەوێت لە مەبەستو واتاکەی یەک هەنگاو بێتە دواوە، وتی:

ــ یەکجار وا نابێت، باوک چۆن بەو شێوەیە لەگەڵ منداڵی خۆیدا دەجوڵێتەوە؟ تۆ کەی بڕوات بە لێدان هەیە؟

ــ ئاخر گەلاوێژ! لەوکاتەدا کە شەقازللەم لێدا هیچ ئاگایەکم لە خۆم نەمابوو، ئاخر خەتای تۆشی تیا بوو، هاتیتە لایەوە، چەند جارم پێ وتوویت کە یەکێکمان لە منداڵەکە توورە بووین ئەوی تر با هەڵنەداتیو نەکەوێتە بەینەوە، بۆ منداڵەکە باش نییە.

ــ ئاخر ئێمە ئەم شەو سەفەر دەکەینو ئەویش دڵی شکاوە. سەرەڕای ئەوەش لێی بدرێت، ئەمە چۆن وا دەبێت؟



ــ من دەزانم هەموو ئەو بەزمەی ئەو دەیکات، تەنها لەبەر خاتری نەرمینە.

دە ساڵان بووم کە نەرمینم ناسی. ئەوکاتە بوو بۆ ماوەیەک باوکمو مامم ئاشت ببوونەوە. مامم هات بۆ ماڵمانو باوەشی بە باوکمدا کردو وتی:

ــ کاکە گیان! ئیتر بەسە، با سیاسەت بخەینە لاوە.

باوکمو مامم بەیەک سک لە دایک بوون، بەڵام لەبەر ئەوەی کە مامم دوای باوکم بە چەند چرکەیەک لەدایک بووە، هەمیشە باوکمی بە برا گەورەی خۆی دادەنا. هەندێ جار بۆ توورە کردن بە باوکمی دەوت:

ــ کاکە! چاک پیر بوویت.

ــ خۆشت هەڵواسیت، تەمەنی منیت.

جا ئەوکاتەی هات بۆ ماڵمان، داوای کرد کە دوو ڕۆژی تر بچین بۆ ماڵیان، خۆمان کۆکردەوەو چووین. ئێوارە بوو، دوای نانخواردن بۆ یاریکردن هاتمە بەردەرگا، کەسم نەدەناسی، جا بەشەرمێکەوە ڕاوەستابووم. منداڵەکانی گەڕەک یارییان دەکرد، لەلایەک دووگۆڵیو لەلایەک دەست بە عەموودو کچەکانیش خەت خەتێنیان دەکرد.

لەوبەرەوە، بەرامبەر ماڵی مامم، کچۆڵەیەکی خرپن، ماکسییەکی سووری لەبەردا بوو، قژێکی خاوی ئاوریشمیی، لە ناوەڕاستدا کردبووی بە دوو بەشەوە، گوڵە نایلۆنێکی زەردی بەسەرەوە بوو، کە هەندێک پەڵە هەوری شینی پێوە بوو. لە دوورەوە من دەمبینین، دیار بوون. لە درزی دەرگاکەوە سەرەتاتکێی بوو. لە سەرەتادا منی شەرمن،

منی غەریب لەو کۆڵانە خۆم نەکرد بە خاوەنی. سەیری ئەم لاو ئەولام دەکرد. جار جارەش بە سەرنجێک دەمویست هەوری بەربڵاوی گومان پەرت بکەمو بزانم سەیرم دەکات یان نا؟ کە بۆم ڕوون بووەوە ئەو بە تیلەی چاو سەیرم دەکات. جا ئیتر سوێم بووەوەو قۆڵم لیَ هەڵماڵیو هەستو نەستو سەرنجی بێعارم لەبەردەمی ئەوو بەردەرگاکەیاندا ڕۆکرد. سەیری یەکترمان دەکردو چاومان لەیەکتر نەدەترووکاند. نەمامی یەکەم عیشقمان چاند.

گێژەڵووکەی سەرنجی منداڵانەمان بە گژی یەکتریدا دەکردو وەک دوو هەور، هەوری سپی.. تێکەڵاوی یەکتری کرد. ئەو دڵی منی داگیرکرد. جار بە جارێک وەک سەیری لایەکی تر بکات، بە دەستە چکۆلەکانی پەرچەمی زێڕینی نەرم نەرم دادەهێنا. دەمزانی ئەو لەرەیە، ئەو باقو بریقە بۆ منە. دەمزانی ئەوە سڵاوەو بۆ منە. نامەی عەشقەو بۆم ڕەوانە دەکات. وشەن گوێچکەم دەتەنن. منیش خێرا خێرا بۆم دەسەنەوە. لەپڕ وەک ئاوازی شمشاڵێک لەناو دەرگاکەی خۆیاندا دانیشت، خورەی دوو دڵ بووین هەردووکمان بەرامبەر یەک بووین. ئەو هەتاو بوو منیش لەمبەرەوە سێبەر. ئەو گوڵەباغ منیش درەختێکی بێبەر. ئەو لەوبەرەوە هێمنیو ئێوارە بوو، منیش شەوو ئاهێکی وێڵی شێتۆکەی بیَ سەرو بەر.

تامەزرۆی ئەوە بووم قسەی لەگەڵدا بکەم. شێتی ئەوە بووم بزانم ناوی چییە، عەوداڵی ئەوە بووم بزانم ئەم پەرییە چکۆلەیە کێیە. بەڵام شەرم وەک تەلیسم هەراسانی کردبووم. لە ناکاودا وەک شیکاری مەتەڵێک بکەم هەستامو دووکانەکەی کە لە خوار گەڕەکەکە بوو، کردمە بیانوویەکی شیرین. وردەم لە گیرفانم دەرهێناو چەند جارێک



بە حەوادا هەڵمدانو لەدەستم بەردەدانەوەو هەڵمدەگرتنەوە بۆئەوەی بزانێت کە پارەم پێیەو دەچم لە دووکانەکە شت دەکڕم. نازانم چۆن بوو چاوێکم لیَ داگرت، سەرم بۆ خوارەوە بادا.. ها دەچم بۆ دووکانەکە شت دەکڕمو تۆش وەرە. زەردەخەنەیەکی تێگرتم، گیانم کەوتە لەرزین، پێی زانی، ئەو خونچەیە پێی زانی، هەستاو چووە ژوورەوە، چوومە بەردەمی دووکانەکەو خۆم خڵافاند، هەر دەرنەکەوت. منیش هەر سەیری ناو دووکانەکەم دەکرد، بە جۆرێک سەیرم دەکرد، وەک نەفەرێکی چەور بمو بمەوێت هەموو دووکانەکە بکڕم. کابرای دووکانداریش تێم ڕامابوو، هەر سەیری دەکردمو حەپەسا بوو. منیش شەرم دایگرتمو پسکیتێکم کڕیو هەر لەوێدا خواردم. دەرنەکەوت، ئەو گوڵە شەوبۆیە دەرنەکەوت. خێڵو خیچ بووم. چاوێکم هەر لەلای دووکانەکەو چاوەکەی ترم لەبەر دەرگای ماڵی نەرمین بوو.

پسکیتێکی ترم کڕیو دەرنەکەوت، سێیەمو..

پسکیتەکان دەتوت ژەهری مارن لەلام. لەپڕ دەرکەوت، وەک کەناری، وەک شەپۆلێکی شەرمنی سوورهەڵگەڕاوی کەنار دەریا. قونە قونی شنەی با بوو، نەرم نەرم زۆر بە تاسە بەرەو لام هات، سەیری دەستی کردو ئەویش پسکیتێکی وەک ئەوەی منی کڕی. منیش لە خۆشیاندا قەپاڵم لە پسکیت گرت، هێندە خۆشو بەتام بوون لەلام، لە هەموو ژیانمدا شتی وا بەللەزەتم نەخواردبوو. ئەو زۆر لەسەرخۆ وتی:

__ ناوت چییە؟

__ بەختیار، ئەی تۆ؟

__ نەرمین.

سەرێکم باداو سەرنجم دایە، ئەو ئازاتر بوو وتی:

_ له پۆلی چەندی؟

_ له پێنج، ئەی تۆ؟

_ منیش هەروەها.

هەردووکمان له خۆشیاندا پێکەنین، ئەو منداڵی ئەم گەڕەکە بوو، بۆیە وتی:

_ چی دەکەیت له ماڵی کاک ئەکرەم؟

_ ماممە.

_ بەڕاست، ئەی بۆ تا ئێستا تۆم لەوێ نەبینیووە؟

_ باوکم‌و مامم چەند رۆژێکە ئاشت بوونەتەوە.

_ ئەی لەسەر چی ناخۆشییان بوو بوو؟

_ وا بزانم لەسەر مەسەلەی سیاسەت.

_ سیاسەت؟

بێدەنگ بووین، نیگامان بە یەکتردا هەڵشاخاند، من بەهێزتر.. برسی تر.. تینووتر سەیرم دەکرد بۆیە ئەو سەری داخستو گازێکی چکۆلانەی له پسکیت گرت، چاوانی دوو دەریای شین بوون، قووڵو بێ بن، هەردوو برۆی کاڵی وەک دوو کەنار ، وەک دوو جوانی بەگژ یەکتریدا دەچوون.

من لەوکاتەدا هەر له خۆمەوە ئازا بووم، پێم وت :

_ تۆ زۆر جوانی!

دڵم لەگەڵ ئەم قسەیەدا وەک سەربانێکی پڕ خەڵک کەوتە تەپە تەپ. ئەژنۆکانم دەلەرزین. کابرای دووکانداریش لێمان هاتبووە پێشەوە، کز کز تێی دەڕوانین. لەوە دەچوو تەمەنی منداڵیی خۆی بیرکەوتبێتەوە..



نەرمین! نەرمین!

له ماڵەوە بانگیان کردەوە، ئەویش بە خێرایی ڕایکردەوە، ژنێکی قەڵەو جلێکی کوردی لەبەردابوو، لەوە دەچوو دایکی بێت، تۆزێک قسەی لەگەڵدا کردو چڕنوقێکی له قۆڵی گرتو نەرمینیش دایە پڕمەی گریانو هەردووکیان چوونە ژوورەوە.

لۆژە لۆژ گەڕامەوە بەردەرگای ماڵی مامم. کز دانیشتم، سەیری ئەوبەرەوەم دەکرد، کەس دیار نەبوو، دەرگاکەیان چەشنی دڵم خڕ داخرابوو. پەردە قاوەییەکانی هۆڵەکەیان دادرابوونەوە، سەرنجم وەک پشیلەیەکی برسی بەسەر دیوارو حەوشەو سەربانی ماڵەکەیاندا هەڵدەگەڕا.. دادەگەڕا، نەرمین نەبوو. ئای چەند حەزم له مەلەی دەریای قووڵی ئەو دوو چاوە شینانە بوو. ئێوارەیەکی هێمن بوو، هەر له چاوی ئاسک دەچوو، خۆر شەکەتو هەناسە تەنگ هەر تەنیا بستێکی مابوو، دوو دڵ دوو دڵ لەدەستو قەڵەمی شاعیر دەچوو.. سروشت له جێ ژوان دەچوو دڵنیایی لێ دەباری، ساماڵی ئاسمان پێدەکەنی تازە له خەوێکی شیرینو قووڵ هەستابوو، منیش غەمگین وەک جودایی‌و تووڕە وەک کۆچ. لەبەردەمی دەرگاکەدا دانیشتبووم، چاوەڕوان بووم، نەرمین دەرنەکەوتو بە هیچ کلۆجێک نەبوو. له پڕێکدا ژاوە ژاوێک منی تۆقاند، داچڵەکیم‌و تفم قووتدا، دەنگی باوکم‌و مامم دەگەیشتە بنی دونیا جنێو له دوای جنێو له ئاوی پیسی رژاوی ناو تەشتی دوای جل شتن دەچوو، بۆنی دەهات، ئەوان بەجنێو یەکتریان دەشوشتەوەو منیش هەر سەیری ماڵی نەرمینم دەکرد، بەشکوم پەردەکە لا بدەنو سەیرێک بکەنو بزانن ئەو دەنگە دەنگە له کوێوەیەو منیش نەرمین ببینم.

گوێم لە باوکم بوو وتی:
__ ناپیاو! تۆ برای من نیتو هەر ناتناسم.
مامم وتی:
__ ڕاست دەکەیت کاکە! پیاو نیم، چونکە هاتم تۆم ئاشتکردەوە.
دایکم وتی:
__ ئۆف! دیسانەوە سیاسەت برایەتی تێک دانەوە.
مامۆژنم وتی:
__ خەتای خۆتان نییە، ئەمە هەمووی میراتی باپیرە گەورەتانە بە ڕەحمەت بێ.
دەگێڕنەوە، باپیرە گەورە جێگری سەرۆک وەزیرانی زەمانی شێخ مەحمود بووەو ڕاوێژکاری تایبەتی شێخ بووە. لە هەمووان بەتەمەنترو جێی بڕوا بووە، قسەو ئامۆژگارییەکانی لەسەر دڵو چاوان بووە. خەڵکی زۆریان خۆش ویستووەو سوێندیان بەسەری خواردووە. بیرمە گۆڕەکەی لە سەیوان بوو، کە زیارەتمان دەکرد بە دەیەها کەسی نەناسیاومان دەبینی سەریان دەدا، دەچەمانەوەو ماچی گڵکۆکەیان دەکرد، گەر ئێمەشیان لەوێ بدیبایە، بە پەلە دەهاتنە لامانو وەک ئەوەی باپیرە گەورە دوێنێ شەهید کرابێت، دەستیان دەهێناو تەوقەیان لەگەڵ دەکردین. هەمیشە لەگەڵ منیشدا تەوقەیان دەکردو دەستیان بەسەرمدا دەهێنا، هەندێ جار ماچیشیان دەکردم. بۆ تەوقەکە گەز گەز باڵام دەکردو هەستم دەکرد گەورە بوومو منداڵەکەی جاران نیم. بەڵام دوایی کە هەندێکیان ماچیان دەکردم، دەهاتمەوە سەر سفرو دەبوومەوە بە منداڵەکەی جاران. بەقەدەر ئەم دنیایەم پێ ناخۆش بوو.
__ خۆتان خۆش بن! باپیرەتان، باپیرەی ئێمەشە.



هەرچەندە باپیرە گەورە لەگەڵ پادشای کوردستاندا ساردو سڕی کەوتە بەینیانەوە، بەڵام هیچ کاتێک دەستبەرداری شێخ نەبووەو لێی دوور نەکەوتۆتەوە، تا بەدەستی ئینگلیزەکان گوللەیەکی بەرکەوتووەو هەر بەو برینەوە تا چەند سەعاتێک ژیاوەو ئیتر دوایی شەهید بووە.
ساردو سڕییەکەش وەک دەگێڕنەوە زیاتر لەسەر مەسەلەی (سمکۆ)بووە.
کاتێک سمایل ئاغا لە هەردوو شەڕی (شەکەریازی)و (ساری تاج)دا تێک شکاوە، دوای ئەوە هەڵهات بۆ شاری هەولێرو لەوێوە هاتە سلێمانی، جلێکی شکاکی لەبەردا بوو، ڕێکو پێکو کەم دوو، زەردەخەنەیەکی شەرمنانەی بەسەر لێوەوە بوو، بە چەشنی سەرۆک دەوڵەتێک لەلایەن شێخەوە پێشوازی لێ کراو تەنانەت حەوت تۆپیان لەبەر خۆشەویستیو ڕێزو حورمەتی ئەو تەقاندو دووکانو بازاڕیان بۆ داخست.
سمکۆ هاتبووە لای پاشای کوردستان بۆئەوەی داوای یارمەتی لێ بکات، بەڵام لەبەرئەوەی هاتنی سمکۆ خەریک بوو نێوانی هەردوو حکومەتی بەغدادو سلێمانی تێک بدات، جا لەبەرئەوە شێخ وەڵامێکی ئەوتۆی نەدایەوەو ئەویش لە دڵی گرتو ماوەی مانگێک مایەوەو بە کزییەکەوە سلێمانی بەجێ هێشت. جا دەڵێن باپیرە گەورە ئەوەی زۆر پێ ناخۆش بووەو هەرگیز لەدڵی دەرنەچووە.
__ گەورەم! دەبوایە پشتی (سمایل ئاغا)مان بگرتایە.
شێخ سەری داخستو وەڵامی نەدایەوە، یەکێک لە وەزیرەکان بە ترسێکەوە هەڵیدایەو بە باپیرە گەورەی وت:

ـــ گەورەم! ئاخر سمكۆ هەرچەندە مرۆڤێكی نیشتمان پەروەر بووە، بەڵام مرۆڤێكی بێ بەزەیی بووەو دوژمنانی خۆی لەخۆڕا كوشتووە. باشتر كە یارمەتیمان نەدا.

باپیرە گەورە تووڕە بوو وتی:

ـــ نەخێر! یەكەم لەبەرئەوە نەبوو كە یارمەتیمان نەدا، دووەم ئەو دوژمنی خۆی لە خۆڕا نەكوشتووە، بەڵكو ویستوویەتی حەق بسێنێتەوە.

وەزیرێكی تریان بە دوودڵیو شەرمێكەوە هەڵیدایەو وتی:

ـــ ئاخر گەورەم! هەمووكەس هەروا باسی دەكات، تەنانەت نەك دوژمنی خۆی، بەڵكو خەڵكی بێ تاوانیشی كوشتووە.

باپیرە گەورە ئەم جارەیان زۆر تووڕە بوو، بەسەریاندا نەڕاندی:

ـــ جا كاممان خەڵكمان لە خۆڕا نەكوشتووە، كاممان خەڵكی بێتاوانمان نەداوە بە كوشت. لەم جەنگەڵستانەدا خەڵكی بێتاوانو تاوانبار، دۆستو دوژمن پێكەوە دەكوژرێن. ئەوەی دەسەڵاتدار بێت هەموو شتێكی لەدەست دەوەشێتەوە.

ئیتر كێ بەسەر كێوەیە؟

كاتێك باپیرە گەورە بەدەستی ئینگلیزەكان بریندار كراوە، لەسەرە مەرگدا بە شێخی وتوە:

ـــ گەورەم! هەمیشە خۆشەویستیو ڕێزی تۆ لە دڵمدان، تەنانەت دوای مەرگیش ونیان ناكەم، بەڵام بۆ دواجار حەزدەكەم بەیەكەوە بینو قسەیەكت لەگەڵ بكەم.

شێخیش فەرمانی بە وەزیرو بەردەستەكانیدا كە لە دەوری خۆیو باپیرە گەورە كۆبووبوونەوە، بچنە دەرەوە.. شێخ وتی:



ـــ دەزانم چی دەڵێیت! بەڵام فەرموو بیڵێ.

ـــ خۆزگەم بوو یارمەتی سمكۆت بدایە، گەر جارێكی تر شتی وا هاتە پێشەوە تكات لێ دەكەم سێو دووی لێ مەكە. چونكە دەبێ پشتی یەكتر بگرینو هەر بەوەش دەگەینە ئەنجام.

هەتا ساڵی ١٩٧٥یش گۆڕەكەی باپیرە گەورە هەرمابوو، بەڵام دوایی كەس نەیزانی چی لێهات.

لەبەر دەرگا من هەر سەرەتاتكێی ئەوە بووم كە نەرمین ببینم، یان دایكو باوكی هیچ نەبێت سەیرێكی ئەم بەرەوە بكەنو بزانن ئەو دەنگە دەنگە چییە؟ هەر ئەوەم زانی باوكو دایكم بە پەلە هاتنە دەرەوە، مامۆژنم بە دوایاندا رای كرد ((بۆ خاتری خوا! پێویست ناكات، بگەڕێنەوە، دە گەلاوێژ پێی بڵێ! ئاخر ئێوە برای یەكن)).

باوكم هێندە تووڕە بوو بوو چەقۆت لێ بدایە خوێنی لێ نەدەهات. تفێكی لەبەردەمی ماڵی ماممدا ڕۆكردو وتی:

ـــ نەعلەت لەو كەسەی بەم ماڵەدا دێتەوە.

دەستی منیان گرتو بەرەو خوار بووینەوە، تا لە كۆڵانەكەیان دەرچووین، من هەر ئاوڕم دەدایەوەو سەیری بەردەرگای ماڵی نەرمینم دەكرد، كەچی دیار نەبوو، ترسێك هەموو گیانمی راتەكاند، ترسام هەرگیزاو هەرگیز نەیبینمەوە، ئەو ترسەم لە ترسی ئەو رۆژەم دەچوو كە خۆمان پێچایەوەو كۆچمان كرد.

لە زەنگەكە درا، شەو بوو، گوێم لە باوكم بوو وتی:

ـــ ئەوە هات!

بە پەلە دەرگاكەی كردەوە، تەوقەیان كردو ئەو وتی:

ـــ حازرن؟

باوکم شڵەژا بوو، وتی:
_ بەڵێ.. بەڵێ.. فەرموو وەرە ژوورەوە.
پیاوێکی ئەسمەری خوێن گەرم بوو، قژی ماشو برنجی بوو. درێژو ڕیوەڵە. هەر قاچێکی بەقەدەر من بوو. چاکەتو پانتۆڵێکی قاوەیی لەبەردا بوو، کراسێکی شینو بۆینباخێکی سوور، بۆنی جێبەکەی لێ دەهات، چاکەتەکەی بە پشتییەوە نووسابوو. پیاوەکە لەگەڵ باوکمدا ئەو شتانەیان خستە جێبەکەوە کە دایکم کۆیکردبوونەوە. پیاوەکە بە منو دایکمی وت:
_ فەرموون! ئێوە بچن دانیشن، ئێمە تۆزێک قسە دەکەین.
لەگەڵ دایەدا چووینو دانیشتین، من فرمێسک لە چاوانمدا قەتیس مابوو. دایکم ماچی کردمو بەخۆیەوە نووساندم، دیاربوو کەم کەم دەگریا، بەڵام دەیویست بیشارێتەوەو پێشانی منی نەدا.
_ دایە گیان! ئەم پیاوە کێیە؟
_ کوڕم! ئەمە هاوڕێی باوکتە.
_ ئەی ئەمەیە کە دەیەوێت لە مردن ڕزگارمان بکات؟
_ ئا کوڕی خۆم! لەوانەیە ئەم بێت.
_ئەی لەگەڵ ئەمدایە باوکم کۆدەبێتەوە، بۆئەوەی ژیان خۆش بکەن؟
_ ئەمە یەکێکە لەوان.
_ بۆ ئەوان زۆر زۆرن؟
_ ئا بەخە گیان! ئەوان زۆرن.
_ ئەی بۆ ئەمانیش لەگەڵماندا نایەن؟
_ ڕەنگە دوای ئێمە بێن.
_کەی؟



_ نازانم!
_ ئەی ئێمە کەی دەگەڕێینەوە؟
_ نازانم! باوکت باشتری دەزانێت.
_ ئەی تۆ باسی نەرمینت بۆ باوکم کردبوو؟ چونکە ئەو وتی کە بەخە لەبەر نەرمین حەزناکات لەگەڵماندا بێت..
_ ئاخر ئەو زیاتر مەبەستی مامت بوو، چونکە نەرمین بەرامبەر ماڵی مامتە.
_ئەی دایە! من پێم نەوتی با بەینی خۆمان بێت، چ پێویستی دەکرد بە باوکم بڵێیت؟
_ئاخر کوڕی خۆم! ئەو باوکتەو دەبێ هەموو شتێک بزانێت.
ئاوڕێکم لە بابەو کابراکە دایەوە، نیو سەعات لە حەوشەکەدا هەر چرپە چرپیان بوو. پیاوەکە خێرا خێرا مژی لە جگەرەکەی دەداو قسەی دەکردو هەندێ جاریش سەری بادەدا. لە درزی دەرگاکەوە بوو بینیم کە باوکم کلیلی ماڵەکەی پێداو هەردووکیان بە پرتاو هاتنە دەرەوە. باوکم ئیستێکی کردو لەسەرخۆ سەیرێکی ئەم لاو ئەو لای کردو بە غەمبارییەکەوە سەرنجی کۆڵانەکەی دا.
_ دایە! باوکم بۆ ئەوەندە تووڕەو غەمگینە؟
_ دوایی هەموو شتێک دەزانیت، جارێ وەختی نییە.
_ ئەی ئەم پیاوەیە کە خانووەکەمانی کڕیوەتەوە؟
_ نا کوڕی خۆم! ئەو نییە.
_ ئەی من بینیم، کلیلەکەی لە باوکم وەرگرت.

باوکم دەرگاکەی پێشەوەی کردەوەو دانیشت. پیاوەکەش وەک خاوەن ماڵ بێت دەرگای کۆلانی داخستو هاتە نێو جێبەکەوەو پێی نا بە بەنزیندا.

شەو بوو، بە کۆلانەکاندا بە خێرایی لێی دەخوڕی، کەس بە دەرەوە نەبوو، لە بیرمە ئەستێرەکانیش وەک من غەمگین، خەیاڵ بردبوونییەوە، کز دیار بوون. منیش لەلای خۆمەوە دڵم خورپەی دەکرد، چونکە لە نەرمین دوور دەکەوتمەوە. عەشقم وەک درەختێک گڕی دەگرت. سۆمای چاوەکانم وەک خۆیان شتبێت، تەڕ تەڕ ئەودیوی پەنجەرەیان نەدەبینی. هەر نەمزانی جێبەکە لە کوێوە ڕێی کرد؟ چۆن تێپەڕی؟ باوکم بە پیاوەکەی وت:

ــ بیرت نەچێ! کۆپی ئەو وتارانە بکەو چاوەکەمی بڵاویان بکەرەوە.

ــ باشە بەسەرچاو! خەمی هیچت نەبێت، ئەی بە ڕاست بەناوی کێوە بڵاویان بکەمەوە؟

ــ بەناوی خۆمەوە، حەزدەکەیت بنووسە ((باوکی بەختیار))، یان بەختیار بەسە، خۆ ئەوان هەر دەزانن، پێویست بە شاردنەوە ناکات.

بە چرپە بە دایکم وت:

ــ چی بە ناوی بەختیارەوە بڵاودەکەنەوە؟

ــ کوڕم! تۆ حەقت چییە، لە هەموو شتێک خۆت هەڵمەقورتێنە.

لە شار دوورکەوتینەوە، گڵۆپەکانی شار کز کز دیاربوون، غەمگین غەمگین هەر لە ئەستێرەکان دەچوون، شەو تۆزە تۆزە بۆنی جودایی دەگرت. کاتی کۆچ بوو، سروشت لە شتێک دەچوو ئێستاش ناتوانم وەسفی بکەم. لەپڕ لە شوێنێکدا وەستا، پیاوەکە وتی:



ــ ئێستا پیاوێک دێتو وڵاغەکان دێنێت، تا ئەو دیو لەگەڵتاندا دێت، ئێوە خەمی هیچتان نەبێت.

ماوەیەکی کەم ماینەوە، پیاوێکی قەڵەوی کورتە بنە، چاوی بچووک هەر لە خانۆچکەی مێرووله دەچوون. دەمێکی زل وەک قڵیشی دیوار، لووت لووت نەبوو فەرمانڕەوا بوو. گەر لە ناکاودا سەیرت بکردبایە لە دەمو چاویدا هەر بە تەنیا لووت دیاربوو. چوار وڵاغی بە دوای خۆیەوە ڕاکێشاو وتی:

ــ ئەو کوڕە چکۆلەیە وڵاغی دەوێت، یان لەگەڵ خۆتاندا دەبێت؟

باوکم پێکەنیو بێ سێو دوو وتی:

ــ نا، ئەو گەورە بووەو وڵاغێکیش بۆ ئەو.

ــ دایە گیان! ئەم کابرایەش دەیەوێت ژیان خۆش بکات؟

ــ نەخێر کوڕم! ئەم هەقی بەسەر ئەم شتانەوە چییە؟ کاسبکارە.

باوکم بە هاوڕێکەی وت:

ــ دەی ئیتر تۆ بڕۆرەوە، زۆر سوپاس.

باوەشیان بە یەکتردا کردو ئەو وتی:

ــ سەفەرێکی خێر!

باوکم وتی:

ــ خێر؟

ــ براژن! خواحافیزتان بێت.

ــ زۆر سوپاس! خواحافیز.

چووە ناو جێبەکەوەو بەجێی هێشتین. دوو سێ جار لەناو جێبەکەوە دەستی خواحافیزی بەرزکردەوەو بە خێرایی ون بوو.

شەو بوو، خەو تەنگی پێ هەڵچنیبووم، وروژابووم، سەرم لە هیچ شتێک دەرنەدەکرد، ((چیم داوە بەم بەزمەوە، من لە نەرمین دوور دەکەومەوە))

هەموومان سواربووین، کابراکە وەک سەد ساڵ بەم ڕێگاو بانەوە بێت، پێشمان کەوتو منیش بەسەر وڵاغەکەوە لەدوای ئەوەوە، دوایی دایکمو لە دوای هەمووشمانەوە باوکم.

کابرا دنیا دیدەبوو، سەیری کردمو زەردەخەنەیەکی منداڵانەی کەوتە سەر لێو.

پێم سەیر بوو دەمو چاوی وا، زەردەخەنە ڕێی تێ بکەوێت.

زۆر بە شیرینی وتی:

_ کوڕە بچکۆل! ناوت چییە؟

_ بەختیار.

_ براله! لە دانیشتندا زۆر فشار لە خۆت مەکە، دوایی بەینی ڕانەکانت سوور دەبنەوە.. پێکەنیو وتی:

_ تۆ خەڵکی شاریتو ئەم شتانە نازانیت، باشە کوڕم؟

_باشە خاڵە گیان!

_ با ئەم دارەشت پێ بێت، نەقیزە لە وڵاغەکە مەدە، خۆی شارەزایە.

دوایی ڕووی کردە هەمووانو وتی:

_ئاگاداری خۆتان بن! دونیا تەمو مژە، بەڵام هیچ ترسی ناوێت. من هەموو سەری خۆم لەم ڕێگاو بانە سپی کردووە، بەس لەدوای منەوە بنو حەقتان نەبێت.



کەوتینە ڕێ، هەرماوەیەکی کەمی نەبرد، ئیتر من کەوتمە دوای هەموویانەوە. وەک شەقم تێ هەڵبدەن دوایان کەوتم. دایکم ئاوڕی دایەوەو وتی:

_ بەخە گیان! نەخەوتووی؟

_ نەخێر.

_ ئەی ناترسیت بە تەنیا سوار بوویت؟

باوکم هەڵیدایەوەو وتی:

_ ترسی چی؟ ئەو بووە بە پیاو.

لەسەر تاشە بەردەکە، وەک ڕوا بم، وەک ڕەق بووبم، هەر چاوەڕوان بووم. چاوەڕوانی هەراسانی کردبووم. لەپڕێکدا وەک ڕۆحم بووبێتە بڕیارێک، هەستامو بەرەو شار خل بوومەوە، سەرمام بوو، برسی بووم دەلەرزیم، گیانم بوو بوو بە شەقشەقە. ئەستێرە دوورەکانی ئاسمان تاقە ترووسکەی ڕێگەم بوون، تاقە هاوڕێو تەنیا هێزبوون بمبەنەوە بۆ لای نەرمین. تاقە گەمیی سەر ڕێگە بوون، بمبەنەوە بەرەو دەریای چاوە شینەکانی نەرمین. چ دەستێک بوو لەسەر وڵاغەکەوە منی هەڵدایە خوارەوە؟ چ هێزێک بوو؟ چ چارەنووسێک؟ چ تامەزرۆو خۆشییەک؟ من خۆم کەوتم یاخود عەشقی بە تینی نەرمین بوو دایگرتمو خستمیە سەر پشتی بە باران کەمێک نەرمبووی سەوزو زبری تاشە بەردی زێڕینم. ((دێمەوە لات نەرمینەکەم! هەرگیز بەجێت ناهێڵم)).

_باشە بەختیار! ئێوە سەفەر دەکەن، چەنتان پێدەچێت؟

_نەرمین گیان؟ خۆشم نازانم.

_ باشە چۆن؟ ئەی من؟ تۆ خۆشەویستی یەک ساڵ دەنێژیت؟

ـــنەخێر! نەخێر! بەڵام بە دەست خۆم نییە، پەیمانت دەدەمێ گەر قاچیشم نەبێ، ئەوا بە دەست دێمەوە لات.

گریاو ڕایکردەوە بۆ ماڵەوە.

دوای ئەو ئێوارەیەی کە باوکەو مامە شەڕەکەیان بوو، من هەموو ڕۆژێک دوای قووتابخانە دەچوومە کۆڵانەکەی ماڵی مامەو لەلای دووکانەکەوە چاوەڕێی نەرمینم دەکرد، دەمبینی ئینجا هێمن دەبوومەوە.

ــ ئەوە هەر خۆت هاتوویت؟

ــئا، بۆ؟

ــ ئەی باوکو دایکت؟

ــجارێ باوکو مامم ئاشت نەبوونەتەوە.

ــ ئەی ئەوان کەی ئاشت دەبنەوە؟

ــئەوان ئاشت ببنەوە یان نەبنەوە، من هەر دێم بۆ لات.

ــ بۆ هێندە منت خۆشدەوێت؟

جار بە جارێک کە دەچوومە سەر کۆڵانەکە، مامۆژنم لە دوورەوە دەبینی، بەلایەکدا هەڵدەهاتم بۆئەوەی نەمبینێت. گەر نەشمتوانیبایە، ئەوا بە ملکەچی بەرەو لای دەڕۆشتم.

ــمامۆژن گیان! چۆنی؟ ئەوا هاتووم بۆ ماڵتان.

ــ بەخە گیان! یاخوا بەخێر بێیت، وەرە ژوورەوە.

ــ مامم چۆنە؟ لە مێژە نەمبینیووە.

ــ زۆر باشە کوڕم! ئەی باوکو دایکت؟

ــئەوانیش زۆر باشن، مامۆژن! من هەر دێم بۆ لاتان، حەقم بەسەر شەڕو بەزمەوە نییە.



ــ چاک دەکەیت، کوڕم چاک دەکەیت!

جار بە جارێکیش کە نەرمینم لەلای دووکانەکەوە نەدەبینی، خۆم دەچووم بۆ ماڵی مامۆژن بۆئەوەی هیچ نەبێ لەوبەرەوە بیبینم.

مامەو مامۆژنم پێیان زانیبوو کە من لەبەر بینینی نەرمین دێم بۆ ماڵیان، چونکە ڕۆژێکیان کە لەبەر دەرگا بووم، سەیری ئەوبەرەوەم دەکرد، مامەو مامۆژن لە حەوشە دانیشتبوون دیژلەمەیان دەخواردەوە، گوێم لێ بوو مامم وتی:

ــتۆ دەزانیت! ئەم کەللەزلە لەبەر ئێمە نایەت، ئەگینا باوکی پێی بزانێت، پشتی دەشکێنێت.

مامۆژن وتی:

ــدەنگت نزم بکەرەوە، نەوەکو گوێی لێ بێت.

ــ ئینجا با گوێی لێ بێت، من مامی ئەوم خۆ شەرمی لێ ناکەم.

ــ دە وازی لێ بێنە منداڵە.

ــ منداڵی چی؟ خەریکی دڵدارییە.

ــ دە ئەکرەم سوک!

بەڵام من گوێشم لێ بوو، خۆم کەڕ کردو هەر خۆشم نەکرد بە ساحێبی. لای من بینینی نەرمین هەموو شتێک بوو، گەر باوکو مامم شەڕیان نەبووایە، گەر بیانزانیایە عەشقی ڕاستەقینە چییە، منیش ئەو قسانەم بەر گوێ نەدەکەوتو هەستم بریندار نەدەبوو.

کازێوە بوو، دونیا تاریکو لێڵ، شار لە دوورەوە فریشتەیەکی خەواڵو بوو خۆی دەکێشایەوە، منیش یەکەم ڕێبوار بووم، لە دەرگای ئەم شارە بدەم. یەکەم ڕێبوار بووم گەشتنامەی پڕ ئەفسانەم لە گیرفانی چرچو لۆچی مێشکی وڕک گرتوومدا هەڵگرەو بەرەو خواربم. خوارو خێچو

گرنج گرنج دەڕۆیشتم.. نەشارەزا بووم، لێواو لێو هەستێکی تەنیاو وەک کاغەزێکی فڕێدراو دەجوولامەوەو جار بە جارێکیش دەوەستام. ڕەشەبایەکی زۆر سارد هەڵیکردبوو، جەزرەبەی لە رۆحم دابوو، لچو لێوم وەک بە گۆگرد سواخ درابن، وشکو برنگ، رورمەتەکانم ڕەقو تەق هەر لە نانی تیری دەچوون. هەر ئێستا نا کەمێکی تر ورد دەبن. هەردوو دەستم وەک چلورەی گوێسەبان، ها ئێستە نا، ساتێکی تر بەردەبنەوەو لە قاچو قولم دەچەقن. هەردوو قاچم وەک دوو تیرۆک، ئەمێستا نا، نەختێکی تر لەسەر پنەی ناو قەدم خل دەبنەوەو بەجێم دێڵن. هەر دووگوێچکەم وەک تەپەقوڕی دەستکرد، هەر ئێستە نا، دەمێکی تر لێ دەبنەوەو هەڵدەوەرن.

گەڕامەوە، بەیانی بوو. سەرما تەنگی بە شار هەڵچنی بوو. جار بە جارێک لەم لاو ئەولا چەند کرێکارێکم دەدی، گەڕیدەی ئیش، عەودالو دەروێشی پاروویەک نان، تەپو تۆزی دوێنێیان لێ نەبوو بووەوە. یان ناو بەناو هاواری سەموون فرۆشێک، ئەو ناوەی دەبووژاندەوە کە خۆیو سەموونەکانی هێشتا هەڵمیان لێ هەڵدەستا.

ئەو دیمەنانە هەموویان هەستی تەزیووی منیان گەرم دەکردەوەو بێکەسیمیان لە سروشتدا دەتواندەوە. بەو بەیانییە ساردە، هەر مەگەر هاتووچۆی خێرای ڕێبوارانی سەر شەقامەکان ئەم شارەی گەرم بکردبایەوە، دەنا ئەم شارە تەزیووە لە مێژ بوو لەبەردەم ئەم ڕەشەبا ئەبەدییەدا لەدەست دەرچوو بوو.

نازانم چۆن بوو، هەر بە بۆن بوو کۆلانەکەی ماڵی نەرمینم دۆزییەوە، لەبەر دەرگای ماڵی ماممدا هەڵترووشکام، دوێنێ ئێوارە لە کوێ بووم؟ شەو لە کوێ بووم؟ ئەم بەیانییە لە کوێ؟ بۆ من ئەو ئێوارەو



شەوو بەیانییە تەمەنێک بوون، ئێستاش بیرم ناچنەوە. ژانێک بوون لە ڕۆحم هەڵچەقیبوونو ئازارێک ئێستاش لە هەستم جیانابنەوە.. سەیری ئەوبەرەوەم کرد، دیاربوو نەرمین هێشتا لە خەوی قووڵی هەڵنەستا بوو، نەیدەزانی من دێمەوە، دەنا ئێستا لەبەردەرگا وەک گوڵی شەستپەڕ چاوەڕوان بوو.. نەیدەزانی من لەناکاو، وەک برووسکەیەکی تەزیوو، پێستی تیشکم داماڵدراوەو دێمەوە، ئەگینا خۆی مەڵاس دەداو لە سووچێکدا وەکو یاریی بووژانەوە، گڕی دەداوو دەیبردمەوە، وەکو عیشقێکی هەڵاتوو دەیگرتمەوەو لە قەفەزی گەرمی سینەیدا دەیبەستمەوە. نەرمینەکەم نەیزانی من هاتوومەوە، بیزانیایە ئەم شەو خەوی لێ نەدەکەوتو تا بەیانی بۆ خۆی خەیاڵ دەیبردەوە. بیزانیبایە چاوەڕێم دەبوو، چاوەڕوانی وەکو هەنگێک شیلەی بیرکردنەوەی دەمژیو هەنگوینی هاتنەوەمی بە شانەوە پێشکەش دەکرد.

لە شەکەتو وەڕسی خۆمدا بوو دەستم بە زەنگەکەدا نا، چەند جارێکم دووبارە کردەوە، گوێم لەخشپە پێی فریشتەیەک بوو بەرەو لام هات، مامۆژنم دەرگای بەهەشتی لێ کردمەوە، ڕاما، شڵەژا، وەک من درێژەی خەونێکی تاڵ بم، داچڵەکی. بڕوای نەکردو چاوەکانی هەڵگلۆفین، ویستی بدوێت، تف لە دەمیدا بوو بە بەرد، دیار بوو سیمام لە شەو دەچوو، لە ڕەشەباو عەرد دەچوو، لە سیمای منداڵ چووبووە دەر، دەنا بۆچی ئەو باوەشی کرد بە سەرمداو بۆ خۆی گریا.

ــ بە.. بە.. بەخە گیان! ئەوە تۆیت؟

ــبەڵێ مامۆژن گیان! هاتووم لەلاتان بژیم.

ــ بەخێر بێیت، کوڕم! بەخێر بێیت، هەر خۆتی؟

ـــبەڵێ، مامۆژن! دایکو باوکم کۆچیان کرد، منیش لەگەڵیاندا چووم، بەڵام لە کاروان بە جێمام و لەسەر ولاغەکەوە کەوتمە خوارەوە. چاوەڕوان بووم کەس نەگەڕایەوە سەرم، منیان نەبینی، چونکە تەم و مژ بوو، منیش هاتمەوە ئێرە.

ـــ وەرە ژوورەوە بەخە گیان! وەرە ژوورەوە.. خێرا.

چووینە ژوورەوە، وەک لاشەیەکی کۆن و ڕزیو بۆنم لێدەهات.

ـــ مامۆژن! دەمەوێت خۆم بشۆم.

ـــ باشە کوڕم! ئا ئێستا ئاوت بۆ گەرم دەکەم.

ـــ ئەی مامە ئەکرەم کوا؟

ـــکوڕم! بۆ سیاسەت دەیەڵێ مامت ببینم.

مامم پێشمەرگە بوو، زۆر لە مێژ بوو خەریکی سیاسەت بوو، هەر لە ساڵی ١٩٥٣وە لەدوای سێهەمین کۆنگرەی حیزبی دیموکراتی کوردستانەوە لە کەرکوک بووە ئەندام و یەکێک بوو لەوانەی کە لە سەرەتادا دەیویست زیاتر لە کۆمۆنیستەکان نزیک بێتەوە. دەیانگێڕایەوە کە لە ئازایەتیدا کەس نەیدەتوانی شان لە شانی بدات، هەر لە ساڵەکانی ٦١و ٦٢وەوە چەکی لە شان دانەگرتووە، هەتا دوای تێکشکانی ئەیلوول، ئەوکاتەی حکومەت هەموو شارەکانی بۆمباران کرد. کوردستان پارچەیەک ئاگری ئەم سەرزەمینە پەستە بوو، مامم هەر جارەی لەلایەک بەرگری دەکرد، لەهەموو لایەکەوە شەڕی دەکرد، ڕۆژێک لە زاخۆ، دووەم ڕۆژ لە ڕەواندز، بۆ چەند ڕۆژی تر بانگ دەکرا بۆ قەڵادزێ، لەپڕ برووسکەیەکو بانگ دەکرایەوە بۆ دۆڵی چۆمان بۆ کۆبوونەوە. ٦ی مارت بوو پەیمانی جەزائیر ئیمزا کرا، ٧ی مانگ فڕۆکەکانی حکومەت بە ئارەزووی دڵی خۆیان بە



ئاسمانی پڕ دووکەڵی کوردستاندا خۆیان با دەداو سەمایان دەکرد، ترسیان نەمابوو، خۆ دژە ئاسمانیو مووشەکەکانی ئێران لە دەمەوەڕێ کەوتبوون، تێرو تەسەل وەنەوزیان دەدا، فڕۆکەکانی دوژمن لە هاتووچۆدا بوون، لە دۆڵەکانی گەلاڵە، ناو پردان، چۆمانەوە دەبینران تا سەر سنوور دیاربوون.

١٣ی مانگ بوو فەرمانی وەستانی شەڕ بڵاوکرایەوە، مامم هەر لەگەڵ بیستنیدا، لە شاخەوە خۆی هەڵدایە خوارەوەو تا ئێستاش لاشەکەی نەبینراوەتەوە.

جا ئەوکاتەی من بە یەکجاری چوومە ماڵی مامم، تەنها چەند جارێکی کەم نەبێت، مامم نەدەبینی. هەندێجار وەڵامی بۆ دەناردین و منو مامۆژن دەچووین و لای گۆڕەکەی باپیرە گەورەوە یەکتریمان دەبینی. ئەویش هەروەکو باوکم، جار بە جار شەو درەنگ دەهاتەوە، بۆ بەیانیش زوو هەروەکو باوکم بۆی دەردەچوو.

ـــ کوڕی خۆم! دیسانەوە باوکت نامەی ناردۆتەوەو داوای تۆ دەکات. دەچیت یان لەلای ئێمە دەمێنیتەوە؟

ـــ مامە گیان! من لەلای ئێوە دەمێنمەوە.

تەنها بەهۆی مامەوە بوو کە بۆم دەرکەوت لەبەرچی باوکم شاری بەجێهێشت و لەگەڵ دایکمدا کۆچیان کردو ویستیشیان من بەرن، ئەویش ئەو ڕۆژە بوو کە بە یەکجاری چووبومە ماڵی مامم، شەو بوو لەگەڵ مامۆژن قسەیان دەکرد، من لەودیو بووم، لەناو جێگاکەمدا پاڵ کەوتبووم. مامم وتی:

ـــباش بوو کاکم سەفەری کرد، دەنا هەڕەشەیان لێ کردبوو بیکوژن، ئەم برایەی من هیچ دەمی خۆی نەدەگرت. چەند جارێک هەرلەبەر

خاتری من وازیان لێهێناوە، بەڵام ئەم جارەیان بەبێ ئەوەی بە من بڵێن بە تەواوی بڕیاریان دابوو، هەرباش بوو برادەرێکم لە کۆبوونەوەکەدا بووەو گوێی لێ بووە، ئەویش بە پەلە هات بۆ لام و پێیوتم کە شتێکی وایان بە دەستەوەیە. جا من خۆم بە کاکم نەوت، بەڵکو بەهۆی هاوڕێیەکی خۆیانەوە وەڵامم بۆ نارد، کە هەرچۆنێک بێت لەماوەی ئەم هەفتەیەدا خۆی کۆبکاتەوەو لەگەڵ براژنو بەخەدا دەربازبن. لەلایەکی تریشەوە دیسانەوە لەگەڵ هاوڕێیانی خۆیدا تێکیداوەو ڕەخنەی زۆری لێ گرتوونو ویستوویەتی بڵاوی بکاتەوە، بەڵام ئەوان ڕێگەیان پێ نەداوەو هەڕەشەیان لێ کردووە، نازانم چ برادەرێکی ئێمە چووە بۆ لای و داوای لێ کردووە کە گوایە گەر دەیەوێت ئێمە بۆی بڵاودەکەینەوە، ئەو برادەرەی دەرکردووەو بە جنێو ئێمەشی شتۆتەوە. بەهەرحاڵ لە هەموو لایەکەوە هەڕەشەیان لێ کردبوو، هەرباش بوو زوو بۆی دەرچوو. بەڵام باشە تۆ نازانی بۆ بەخەیان نەبردووە؟ بۆ بەجێیان هێشتووە؟

ـــ بەخە دەڵێ، ئەویان بردووە، بەڵام لە کاروان بەجێ ماوەو کەوتۆتە خوارەوە، زۆر چاوەڕوان بووەو کەس بەلایدا نەهاتۆتەوە.

ـــ من ئەم قسانە ناچن بە مێشکمدا، بەخە ڕاست ناکا، دەترسێم دیسانەوە هەر لەبەر نەرمین وای کردبێت، ئەی ئێستا ئەو لەکوێیە؟

ـــ لەو دیوە، دایکی بمرێ زۆر نەخۆشە.

ئەو بەیانییەی کە گەڕامەوە زۆر نەخۆش بووم، سکم دەچوو، وەک ئاو دادەنیشتم، سەرما کاری خۆی تێکردبووم، هەڵامەتم بوو، بۆ خۆم هەر مشە مشم بوو، بەڵام کە مامۆژن ئاوی بۆ گەرم کردم، خۆم شتو بە پەلە بەرچاییم خواردو ویستم یەکسەر بچمە بەردەرگا بۆئەوەی



نەرمین ببینم. شەرمم دەکرد، نەوەکو مامۆژن پێ بزانێت، بەڵام بۆ نەگبەتی پێی زانی.

ـــ بەخە گیان! تۆ نەخۆشیتو ئەم شەو نەخەوتوویت. بۆ کوێ دەچیت؟ سەرمات دەبێ، وەرە پاڵکەوەو خۆت گەرم داپۆشە.

ـــ مامۆژن! بەیانی زۆر سارد بوو، ڕەشەبای هەبوو، بەس تەنها سەیرێک دەکەم، بزانم ئێستاش وایە.

ـــ لە پەنجەرەکەوە سەیر بکە! یاخود سەرێکی حەوشە بدە باشترە.

بەپەلە وەک ڕابکەم، بە دزییەوە سەرێکی بەردەرگام دا، تینوو بووم، سەیرێکی ئەوبەرەوەم کرد. کەسم نەدی، تەنانەت حەزم دەکرد باوکو دایکیشی ببینم، بۆ نەگبەتی ئەوانیشم نەبینی. هاتمە ژوورەوەو چوومە نێو جێگاوە. سەعات حەوتو نیوی بەیانی بوو. جارێکی تر بە بیانووی ئەوەی لە تەقەی دەرگایان داوە، هاتمە بەردەرگاو سەیرێکم کردەوە، نەرمین نەبوو، پێم سەیر بوو، دەبوایە ئێستا بێتە دەرەوەو بچێت بۆ قوتابخانە. کاتی بوو، بەڵام دیار نەبوو. چاوەڕوان بووم، دەرنەکەوت. هاتمە ژوورەوە، لەناو جێگاکەدا خۆم مات کرد، هەر خۆشم نازانم چۆن خەو منی ماشییەوە.

بە تەنیا بووین، هەردووکمان. هەردووکمانو کەسی تر نا، لەناو باخچە چکۆلانەکەی ماڵی خۆیاندا هەنجیرمان لێکردبووەوە، دانیشتبووینو دەستمان لەناو دەستی یەکتردا بوو، ئەو ماکسییەکی سووری لەبەردابوو. منیش شەڕواڵێکی قاوەیی و کراسێکی خەت خەت. هەردوو قۆڵی کراسەکەم زۆر درێژ بوون، دەستەکانمیان داپۆشی بوون، چەند جارێک دەستم لەدەستی بەردا تاکو تا ئانیشک هەڵیان بکەم. هەڵمەکردنو جارێکی تر بێزاریان دەکردمەوە.

ئەو پێکەنیو وتی:
ــ بەس ئەوەندە هەڵیان بکە! با دەستەکانمان لەناویا بشارینەوە، دەی بەختیار! قسەم بۆ بکە.
باسی ئەوەم بۆ کرد چۆن لەسەر پشتی وڵاغەکەوە عەشق منی بەردایە خوارەوە.
نەرمین پێدەکەنی، نەرمین دەگریا. کە پێدەکەنی پەلکەزێڕینە لە دانەکانییەوە تیشکیان دەدا. کە دەگریا فرمێسکەکانی ڕەنگاو ڕەنگ بوون، چەشنی نوقڵی ترشو شیرین بەردەبوونەوە. منیش مشتم دەگرتەوەو پڕم دەکرد. وتم:
ــ بەسە ئیتر مەگری گوڵم! ئەمەمان بەش دەکات.
هەنجیرێکم بۆ پاک کردو لێی وەرگرتم، بەیانی بوو، وتی:
ــ لە خورێنی هەنجیر خۆشە.
نەرمین تازە لە حەمام هاتبووە دەرەوە، بۆنی عەمبەروەریدی لێ دەهات. قژی تەڕو خاو، ڕوومەتەکانی وەک خوێنیان لێ بتکێت گەشو ئاڵ، ئەلبوومێکی هێناو وێنەکانی خۆی پیشاندام. هەمە جۆرو هەمە ڕەنگ بوو. نەرمین بەسەر وڵاغێکەوە، نەرمین لەسەر تاشە بەردێک، نەرمین بە سەموونەوە، نەرمین بە نەخۆشی، بەکاڵیی، بە کوڵاویی..
ــ ئەم کوڕە کێیە وا بە تەنیشتەوە ڕاوەستاوە؟
ــ ئەوە خۆتی! خۆت ناناسیتەوە؟
لەپڕ خۆم نەگرتو ماچێکم کرد. باوکی بەسەردا هات. یەک شەقازللەو یەک شەقی تێهەڵدام. وەک شێت لەناو جێگاکەمدا داچڵەکیم.
ــ ئەوە چی بوو بەخە گیان!



ــ هیچ نەبوو، مامۆژن! هیچ نەبوو، خەو بوو..
نەرمین بەیانیان بوو، دەبوایە نیوەڕۆ بهاتبایەوە، دەچوومە بەردەرگا چاوەڕوانی هاتنەوەیم دەکرد، هەر نەمدەبینی. دەچوومە سەربان نەمدەدی. ئەو رۆژە تا ئێوارە ببوومە دەرگاوان. دەجار زیاتر دایکیم بینیو دوو جاریش باوکی. نەخۆش بووم، نەخۆشی چرکە بەچرکە زیاتر گەمارۆی دەدام. جەستەم سات لەدوای سات زیاتر ئالآی بێ هێزی بەرزدەکردەوە.(تا) قۆڵی لێ هەڵماڵیبوو، بەئاستەم چاوم بۆ هەڵدەهات، بێ هێز بووم چەشنی هەویر. دڵم تەنگ بوو چەشنی کۆچ، پڕ بوو وەک ڕووبارو دەریاکان، قوڕگم وەک گرێ قفڵەی لێ درابێت، کە تفم قووت دەدا دەتوت دەرزییەو دەچێتە خوارەوە. ئەژنۆکانم هێندە خۆنەگر بوون، بەیەک پەلەپیتکە وام هەست دەکرد وردوخاش دەبن.
یەک هەفتەی تەواو لەناو جێگادا کەوتم، یەک هەفتەی تەواو مامۆژن بەدیارمەوە دەگریا، گینگڵم دەدا، ئارامم نەبوو. بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا هەرچۆنێک بوایە بە ڕۆژ دەچوومە بەردەرگا، بەڵام نەرمین هەر نەبوو.
بۆ ڕۆژی هەینی تۆزێک باشتر بووم، ئێوارەکەی چوومە سەربان، نیگای برسیم شەڕی بە دارو دیوار دەفرۆشتو یەخەی گەردوونی دەگرت. چی ببینم؟ کێ ببینم؟ بڕوام نەکرد! نەرمین وەک گوڵێکی کێویی کە چاوەڕوانی باران بکات، سیسو بێدەنگ. وەک گۆرانییەکی دڵتەنگ ڕاوەستا بوو، ئەستێرەی خەم بوو کز کز سەرەتاتکێی دەکرد. ئاگام لەخۆم نەما، بەدەست ئیشارەتم بۆ کرد. دەستم ببووە فرفرۆکە. منی بینیو واقی وڕما، پەڕی گوڵی

چاوەکانی هەڵگڵۆفی، گەشایەوە، هاوارێکی بێدەنگی لێ بەرز بووەوە. تیشکو ڕەنگی لێ دەبووەوە، لە دوورەوە ماچێکم بۆ هەڵدا، گرتییەوەو پێکەنی، دەستێکم بۆ کۆڵان درێژ کرد، سەرێکی بۆ لەقاندمو پێکەنی. هاتمە بەردەرگا، هاتە بەردەرگا. ئێوارەیەکی درەنگ وەخت بوو، هەتاو ماوەیەکی زۆر بوو ئەو ناوەی جێهێشتبوو، بەختیار بووم بەوەی کەس دیار نەبوو، وەک ڕەشەبا بەرەو لای ڕۆیشتم، وەک شنەیەکی بە پەلە بەرەو لام هات. لە چەقی کۆڵانەکەدا بە یەکتری گەیشتین، وەک دوو لاسکی درێژو سەوز لە یەک ئاڵاین، وەک دوو کلووی بەفر بەر یەکتری کەوتینو هەر بەپێوە لەناو یەکدا تواینەوە.

_ من هاتمەوە نەرمین گیان! هاتمەوە لات، ئەوە یەک هەفتەی تەواوە تۆ لە کوێیت؟

_ لەناو جێگادا کەوتبووم، نەخۆش بووم.

_منیش ئەمڕۆ هەستاومەتەوە، دەزانی من ئیتر لێرە دەژیم.

_ بەڕاستە، چۆن ؟

بانگی نەرمین کرا ڕەنگی زەرد بوو.

_ نەرمین! دوایی هەموو شتێکت بۆ دەگێڕمەوە.

گوێی لە دەنگی باوکی بوو، بە پەلە وەک برووسکە گەڕایەوە بەردەرگا. منیش بە فڕکانێک هاتمەوە نێو دەرگاکە. وەک هیچ ڕووی نەدابێت سەیرێکی ئەوبەرەوەم کرد، باوکی خۆی لێ تووڕە کرد.

_ کچێ! تۆ نەخۆشی بۆ هاتوویتە بەردەرگا؟

چووە ژوورەوە، باوکی هاتە شوێنی، سەیرێکی کردو تفێکی لێ کردمو وتی:

_خوێڕی!



هەڕەشەکەی خۆی تەواو نەکردبوو، من هاتمە ژوورەوە.

_ مامۆژن! من زۆر باشمو لە بەیانییەوە دەچمەوە بۆ قوتابخانە.

_ باشە بەخە گیان! بەڵام باسی ئەوە مەکە کە باوکتو دایکت سەفەریان کردووە.

_ باشە مامۆژن! لای کەس باسی ناکەم، ئەی ئەگەر باسی باوکمیان کرد، بڵێم چی؟ ئەی بڵێم لە ماڵی مامم دەژیم.

_ نا کوڕی خۆم! هیچ مەڵێو ئەە...

_ ئاخر ئەو کەسانەی باوکیان نییە لە قوتابخانە جلو پێڵاویان دەدەنێ، من مەبەستم ئەوەبوو وەریان بگرم یان نا؟

_هیچ وەرمەگرە، من هەموو شتێکت بۆ دەکڕم، ئێ خۆ تۆ بێ باوک نیت؟

_ مامۆژن! تۆ بڵێی ئەوان بگەڕێنەوە؟

_ نازانم کوڕی خۆم!

_ وا بزانم ئەوان قەت ناگەڕێنەوە، چونکە خانووەکەمان فرۆشت.

_ بەخە گیان! واز لەم قسانە بێنەو وەرە ئەم قەنداخە بخۆرەوە، بۆ قوڕگت باشەو گەرم دادێیت. خشتێکیشم بۆ گەرم کردوویت، وەرە لەسەری دانیشە.

لە ماڵی مامۆژن هەستم بە بەختەوەری دەکرد، لە نەرمینەوە نزیک بووم، هەروەها مامۆژن لەگەڵمدا زۆر باش بوو، وەک کوڕی ڕاستەقینەی خۆی سەیری دەکردم، لەبەرئەوەش کە منداڵی نەدەبوو، جا من کوڕی تاقانەی ماڵ بوومو هەموو خۆشەویستییەکی بە من دابوو.

_ دایکە! ئەوە بۆ مامۆژن منداڵی نییە؟ خۆی حەز ناکات؟

ـــ نا کوڕی خۆم! حەز دەکات، بەڵام نایبێت.
ـــ چۆن؟ بۆ نایبێت؟ سەیرە!
ـــ کوڕم! هەندێ کەس منداڵیان نابێت.

مامۆژن جێگەی دایکمی بۆ گرتبوومەوە، هیچ کاتێک بە هەناوی خاڵی نەیناردووم بۆ قوتابخانە. سەیری نینۆکی دەکردم، دەستەسڕی دەخستە گیرفانمەوە، کاتێکیش دونیا گەرم بوایە، هەمیشە مەتارەی ئاوەکەی بۆ دەخستمە بەفرگرەکەوە. مامۆژن هەمیشە چەشنی گوڵ گەشاوە بوو، بە فڕکانێک هەموو ماڵەکەی گسک دەداو ژوورەکانی دەکردە هێلکەی پاککراو. بەیانیان بەرچایی ئامادە دەکردو ئینجا منی لە خەو هەڵدەستاند،، نیوەڕوانیش کە لە قوتابخانە دەهاتمەوە، هەمیشە دەمبینی، چەشنی پەیکەرێک لەبەر دەرگا چاوەڕوان بوو.

ـــ بەخە گیان! ئەوە بۆ وا دوا کەوتیت؟ دڵم لات بوو.
ـــ مامۆژن! لەبەردەرگای قوتابخانە تۆزێک نۆکاوم بە سەموونەوە خوارد.
ـــ ئێ ئاخر من چەند جارم پێ وتویت، خۆت تێر مەکە! تووخوا من خۆشتری لێ دەنێم یان ئەوەی تۆ دەیخۆیت؟
ـــ وەڵا تۆ!

بەڵام مەرگی مامم لەناخەوە هەژاندیو تینو تاوی لێ بڕی. کزو بێدەنگ، کپو غەمگین دەهاتو دەچوو، ماندوو ماندوو لە درەختێکی بەردەمی گەردەلوول دەچوو، تەنیا بوو چەشنی بیابان، بێ حەوسەڵە وەک پرسیاری دەمی منداڵ. ڕ گومان بوو وەک پایز، هەندێ جاریش تووڕە وەک ڕەشەبای شار، لەبەر مامم هەموو کاتێکی پرسە بوو. مەرگێکی تازە بوو، فرمێسکێکی وێڵ بوو.



بەهەردووکمان گۆڕێکمان بۆ مامم هەڵکەند، لەکاتی هەڵکەندنەکەدا مامۆژن هەر بە نینۆک کەوتبووە یەخەی زەوییەکە.

ـــ مامۆژن! وا نابێت، وازی لێ بێنە من هەڵیدەکەنم.

هەر لە تەنیشت باپیرە گەورەوە بوو، چاڵێکمان بۆ هەڵکەندو ناومان لێ نا گۆڕی مامم، چاڵێکو مێژوویەکمان تێدا ناشت، گڵکۆکەیمان هەڵبەستو باران باری، ئێمەش لەش تەڕ، قژ تەڕ بەرەو ماڵەوە چووینەوە، بەڕێگاوە هەر دەگریاین، سەیرێکی مامۆژنم کرد، ئەو خوڕتر دەگریا، فرمێسکەکان تێکەڵاوی بارانەکە دەبوون، من ژێر بوومەوە، ئەو هەر دەگریا.. بارانەکە خۆشی کردەوە ئەو هەر دەگریا، ئاسمان پێکەنیو زەردەخەنەی بووە سایەقەی ساماڵ، مامۆژن هەر دەگریا. هەموو ڕۆژانی هەینییەک بەیانیان زوو پێکەوە دەچووینە سەر گۆڕەکەیو تاوێک دەگریاین، هەندێ جار مامۆژن قوڕی دەگرتە سەریو لەهۆش خۆی دەچوو، جار بە جارێکیش خەیاڵ دەیبردەوە، ڕۆژی وا هەبوو قسەیەکی لە دەم نەدەهاتە دەرەوە، کاتی واش هەبووە، سێ ژەم نانی نەدەخوارد..

سیمای گۆڕا بوو، بەزەحمەت دەناسرایەوە، هەندێ شەو تا بەیانی دەگریا، منیش لە ژوورەکەی ئەودیوەوە دڵم پڕ دەبوو، هەشت دانە ساڵی ڕەبەق جلی ڕەشی دانەکەند، هەشت ساڵ نەمبینی مامۆژن پێبکەنێ، جەژنان هیچ بەیانییەک چێشتی لێ نەدەنا، خۆی نەدەگۆڕیو قژی دانەدەهێنا، تەنها نیوەڕوان نەبێت خواردنی ئامادە دەکرد، ئەویش زیاتر لەبەر من بوو، جەژنان جلی تازەی بۆ دەکڕیمو ماچی دەکردمو پیرۆزبایی لێ دەکردمو جەژنانەی دەدامێو دەیناردم بۆ جەژنەکە.

_ بەخە گیان! زوو وەرەوە، ساردی زۆر مەخۆرەوە، با دڵت نەگیرێ. لگاویش مەکە.

تەنها ئەوکاتە مامۆژنم پێکەنی، دوای هەشت ساڵ، ئەو رۆژەی هەواڵی چوونە زانکۆم پێ ڕاگەیاند. باوەشی کرد بە سەرمداو لە خۆشیاندا قیژاندی، ئاگای لە خۆی نەمابوو، سیمای گەشکەو شادییو پێکەنینی لێ دەباری. هەزارو یەک جار خۆی بەساقەم کردو لەگەڵ هەر هەناسەیەکیشدا بەخە گیان.. بەخە گیانی بوو.

ئەوکاتەی کە گۆڕەکەی باپیرە گەورەیان تێک دایەوە، بە شێوەیەک کە هەر نەدەناسرایەوە، بەڵام ئێمە بەهۆی گۆڕەکەی مامەوە دەماندۆزییەوە، ئەویش تەنها چاڵێکی ڕووتو قووت بوو هیچی تر. بیرمە زۆرجار ئێواران کە بە تەنیا پیاسەم دەکرد، دەهاتمە گۆڕستانی سەیوانو بە کزییەکەوە دادەنیشتمو دەگریام.

هەندێ جاریش هەروەک شێت بازم دەدایە ناو گۆڕەکەی باپیرە گەورەوەو سام دەیگرتمو بەخێرایی دەهاتمە دەرەوەو ڕام دەکرد. قسەکانی مامم بیر دەکەوتەوە کە دەیوت:

_ کوڕی خۆم! باپیرە گەورەت مرۆڤێکی نیشتمان پەروەر بوو، زۆر پاکو دڵسۆز بوو، کە تووڕە دەبوو دۆو دۆشاوی تێکەڵاو دەکرد، لە کۆبوونەوەکاندا وەزیرەکانیش لێی دەترسانو سڵیان لێ دەکردەوە. لە دونیادا لە هیچ کەسێک نەدەترسا.

_ ئەی باشە لەسەر چی تووڕە دەبوو؟

_ئیتر خۆی وا بوو، شتێکی بە دڵ نەبوایە زوو تووڕە دەبوو.

مامم دەنگی نزم کردەوەو بە چرپە پێی وتم:



_ یاخود ئەگەر ڕۆژێک لەگەڵ نەنە گەورەتدا شەڕیان بوایە، ئیتر بۆ بەیانی لە کۆبوونەوەکانو دانیشتنەکاندا دونیای دەهێنایە خوارەوە. بەڵام ئەمانە هیچی گرنگ نییە، گرنگ ئەوەیە کە باپیرە گەورەت کوردپەروەر بووە، دەبێت ئێمە شانازی پێوەبکەین.

زۆر جاریش کە لەسەر گۆڕەکەی مامم دادەنیشتم، شەڕو ناکۆکی نێوان مامو باوکم بیر دەکەوتەوەو غەم دایدەگرتم. ((تۆ بڵێیت ئێستا باوکم پێی زانیبێت))؟ دایکم بیر دەکەوتەوەو وەک باران دامدەکردو دەگریام.

_ کوڕی خۆم! گەر ژنت هێنا، بەساقەی ژنەکەت بم، قەت پشتی من مەدە لە عەرد.

بیرەوەری بەو چەشنە کاسی دەکردم، دەروونم پڕ دەبوو لە گەڕەلاوژە، لە پڕ هەڵدەستام، خۆم نەدەگرت، وەک مەستێک بەرەو ماڵەوە دەگەڕامەوە، کە دەهاتمەوە بۆ ماڵەوە، مامۆژنم وەک بۆنم بکات، وەک سەرو سیمام بخوێنێتەوە، یەکسەر دەیزانی کە لە گۆڕستانەکەوە هاتوومەوە، مامە ئەکرەمی بیر دەکەوتەوەو خوڕ خوڕ دەگریا.

_ خۆ گۆڕەکەیان تێک نەداوەتەوە؟

_تۆ چووزانیت لە گۆڕستانەکە بووم؟

_ کوڕم! تۆ وەڵامت نەدامەوە.

_ نەخێر مامۆژن! تێکیان نەداوەتەوە.

دوای کۆچی مامم بوو، منو مامۆژن دەستمان بە ئیش کردن کرد. ئەو بۆ ماڵان نانی دەکردو منیش یان گوڵەبەڕۆژەم دەفرۆشت، یان پاقلەی کوڵیو. ئەو رۆژەی گوڵەبەڕۆژەم بفرۆشتایە هەمیشە وەک گوڵەبەڕۆژە ڕووم لە هەتاوی کڕیار بوو، گەر پاقلەشم بفرۆشتایە

وەک مێشەکەی ناوی، خۆم مات دەکرد تا هەموویم دەفرۆشتو بە دڵخۆشی دەگەڕامەوە.

مامۆژن هەموو شتێکی بۆ ئامادە دەکردم. هەر لە قوتابخانە دەهاتمەوەو نەرمینم دەبینی، ئۆخەییم دەکردو نانێکی خێرام دەخواردو بەخۆمو عەرەبانەکەمەوە بەکۆڵانەکاندا دەخولامەوە، هاوینانیش چلوورەم دەفرۆشت. (ئەوە چلوورەی ئەرخەوانە، چلوورە).

تا چوار ساڵ ئەمە ئیشم بوو، بەبێ ئەوەی بیەڵم نەرمین پێ بزانێت.

_ئەوە چی بوو بەختیار! دوێنێ عەرەبانەم بە دەستتەوە بینی؟

_ هیچ نییە نەرمین گیان! ئەوە هەندێ جار کە شت دەکڕم، مامۆژن ئەو عەرەبانەیەم دەداتێ، بۆئەوەی شتەکان بخەمە ناوی، وا هەڵگرتنیان ئاسانترە.

لە پۆلی دووی ناوەندی ساڵێک مامەوە، ئەویش لەبەر ئەوەی لە کاتی تاقیکردنەوەکاندا نەخۆش کەوتم. سەر هێشەم هەبوو، هەندێ جار سەرم خەریک بوو بتەقێت. جاری واش هەبوو وەک شێت، لە خەو ڕادەپەڕیمو مامۆژن تا بەیانی بەدیارمەوە دەگریا. ئەو شەوەی وام لێ بهاتایە بۆ بەیانییەکەی نەیدەهێشت شت بفرۆشم. زۆرم پێ ناخۆش بوو کە لە پۆلی دوو مامەوە، ئەوەش زیاتر لەبەر نەرمین بوو، چونکە ئەو دەرچوو بوو بۆ پۆلی سێ. جا من لە ئاستیدا هەستم بە شەرمەزاریو کەمی دەکرد. من تەممەڵو ئەویش یەکەمو زیرەک. بەڵام ئەو مانەوەیە هیچ کاری خراپی نەکردە سەر خۆشەویستیو پەیوەندیمان، لە نزیک گۆڕستانەکەوە یەکتریمان دەبینی، بۆ ماوەیەکی کەم پیاسەمان دەکردو باسی خەونی دوێنێو ئەمڕۆی قوتابخانەمان دەکرد. وەک کفرمان کردبێت، ئەو دەیوت:



_ئۆی چەند درەنگە، با بگەڕێینەوە ماڵەوە.

لای کۆڵانەکەوە لە یەکتری جیا دەبووینەوە، ئەو لەپێشدا بۆ خۆی دەڕۆشتەوە، منیش دوای ئەو خۆم بە ماڵەوەدا دەکردەوە. دوای ئەوەی چوومە پۆلی چواری ئامادەیی، مامۆژنم نەیهێشت ئیش بکەمو وتی:

_کوڕم بەخە گیان! ئیتر بەسە شوکور گەورە بوویت، ئەو شتانە مەفرۆشە، ئەوە زیاتر ئیشی منداڵە، هیچ مەکەو تەنها خوێندنەکەت تەواو بکە، ئەوە لای من هەموو شتێکە.

_ باشە مامۆژن! بەس بە مەرجێ هاوینان ئیش بکەم.

_ باشە کوڕم! قسەیەکی لێ دەکەین.

منیش بە گوێم کردو بەس بە تەنیا هاوینان ئیشم دەکرد، ئیشەکەشم زیاتر بۆیەکردن بوو، کاتی پشووی سەری ساڵ، پارەیەکی چاکم پێکەوە دەنا.. تا ماوەیەک پشووم بە مامۆژن دەدا، لەوکاتەوە بوو ئیتر وردە وردە چاوم کرایەوە. ڕاستو چەپی خۆم ناسی، دونیا وەک ڕووتو قووت بێت ئاوا دەمبینی، هەستم بە جیاوازییەکان دەکرد، خولیای خوێندنەوە کەوتە سەرم، ئەدەبو شیعر لەلایەکو لەلایەکی تریش مێژوو.

_ ئەوە کوڕم! کەی فێری جگەرەکێشان بوویت؟

هەندێ کۆپلە شیعرم بۆ نەرمین دانا، بە دڵی بوو، زۆری پێ خۆش بوو، وتی:

_ئەوە خۆ شاعیریشی پێم نەزانیبووە.

_ شاعیر نیم، وڕێنە دەکەم.

لە پۆلی شەشدا بووم کە نەرمین چووە زانکۆ، لە بەشی پزیشکی وەرگیرا، بیرمە کراسێکی سپیم بە دیاری بۆ کڕیو دامە مامۆژنو ئەویش بە پەلە چوو بۆ ماڵیانو پیرۆزبایی لێ کرد.

ئای چەند حەزم دەکرد منیش زوو پۆلی شەش تەواو بکەمو وەک نەرمین بچمە زانکۆ. بەڵام ئەفسووس، ئەو ساڵەش دیسانەوە سەرهێشەکە لێی دامەوەو ئەمجارە یەک ساڵ خستمی. هەندێ جار خۆم لێ دەبووە دوو کەس.. جاری تریش بۆ ماوەیەکی زۆر لە هۆش خۆم دەچووم وەک مردووم لێ دەهات. جاری واش هەبوو فێم لێ دەهات، خراپ دەڕشامەوە، دەستو قاچم ڕەق دەبوون، بەرچاویشم لێڵو پێڵو دونیا وەک تارمایی بوو لەلام.

شەوانە خوێنی لووتم دەپژاو یەکسەر خەبەرم دەبووەوەو گڵۆپەکەم دادەگیرساند، سەیرم دەکرد سەرینەکەم هەمووی خوێن بوو.

بۆ ساڵی داهاتوو تاقیکردنەوەکانم داو لە بەشی مێژوو لە زانکۆی موسڵ وەرگیرام. مامۆژنم لە خۆشیاندا نوقڵی بەسەر گەڕەکەکەدا بەخشییەوەو مێوژە ڕەشکەو چوکلێتی بەسەرمدا باراندو دووجاریش هەلهەلەی لێدا، لەبەر دڵی من جلە ڕەشەکانی گۆڕیو جلی شینی پۆشی.

زانکۆ بۆ من ژیانێکی تازەبوو، هەستێکی سەیرم تێدا خوڵقا. سەرنجەکانم پۆشتە بوون، چەند مانگێکی نەبرد بووە ژیانێکی کۆنو مردوو، زانکۆ بووە گۆڕستانی ڕاستیو جوانی. گۆڕستانی هیواو ئاواتو خەونی پەمەیی. بووە ڕابردوویەکی دوورو مێژوویەکی تاڵ، زانکۆ پەردەیەکی ڕەش بوو. هەرزوو بۆم دەرکەوت لە پشتی ئەو پەردەیەوە چی ڕوودەدات.. شانۆیەک بوو تەنها شتە بەدەکان



ڕوناکییان لەسەر بوو. لەوکاتەوە بوو ئیتر تەنیایی (من) بە ڕاکردن بەرەو لووتکەی خۆی هەنگاوی نا، سەرکەوتە سەرەوە، سەروتر..

ئەوا ئێستاش دوای ئەو هەموو ساڵانە، لەسەر لووتکەی تەنیایی ڕاوەستاوم. وەک هەڵۆیەک باڵەکانم کردۆتەوەو بەسەربەستی هەناسەی بێکەسی هەڵدەمژم.

لەگەڵ ئازاردا سەرمان ناوە بەسەر یەکترییەوە، یەک چرکە چییە بەبێ یەکتری هەڵناکەین.

خۆ تەنیایش شێت نەبوو بوو لەخۆیەوە قوت بووەوەو هاتە وێژەی تەمەنم. باش لەیادمە لەپۆلی یەکەمی زانکۆوە بوو هەموو ڕۆژێک تارماییەکان دەهاتنە لامو دادەنیشتن. وەک زستانێکی تووش بێتو ئەوانیش جەستە تەڕو بێ لانە، منیش زۆپایەکی تاقانەی یەک چاو، دەورو خولیان دەدام. لە سۆڵە سۆڵی هەناسەمدا خۆیان گەرم دەکردەوەو دەتوانەوە. تارماییەکان پاشماوەی رزیوی (بوون)یان گۆڕیم. سەرنجەکانمیان وەک ماسی خستە دەریایەکی ترەوە بۆ ژیان. هەناسەکانمیان قڵپ کردەوە، پێستی هەستمیان گووری، چرکە بە چرکەی تەمەنمیان دزیو ڕۆحمیان بە خۆیانەوە گرێدا.

من مێژووم دەخوێندو مێژووش هەموو رۆژێک زەردەواڵە بوو پێوەی دەدام. ڕابردوو بوو ونی دەکردم، ئێستا بوو قووتی دەدام. خەونەکانی منداڵیمیان دەکرۆشتو خولیای ئەوسامیان دەفرۆشت.

بەڵام ئیتر من ئەوسا منداڵە ناسکەکەی جاران نەمابووم، کارەسات گەورەی کردبووم، کە دەخەوتم ئازار لێفەی بەسەرمدا دەداو خەونە ئاڵۆزەکان خەبەریان دەکردمەوە. کە لە زانکۆ گوێم بۆ مێژوو ڕادەدێرا، مێشکم دەبووە پوورە هەنگ. پڕ دەبوو لە درۆ. کە پیاسەم دەکرد،

تارماییەکان تەنیاییان ڕاو دەنامو ئیدی تەنیاتریان دەکردم. کە لە پیاسەوە دەهاتمەوە، گەڵا زەردە باریوەکانی نێو زانکۆکەم لێ دەبوونە مێژوو، لارە لارە لەملاو ئەولا بۆم دەوەستان.

ـــ کوڕی خۆم! باپیرە گەورەت هیچ کاتێک حەزی لە دارو درەختو گوڵ نەکردووە، چونکە مەرگیان لەدواوە دێ.

کە دەهاتمەوە ژووری ناوخۆیی، ژوورم لێ دەبووە کونجی زیندان. هەراسانی دەکردم، دڵم تەنگ دەبوو، ڕشانەوەم دەهات. لەسەر هەموو چرکەیەک، کە تێدەپەڕی پرسیارم هەبوو، لەسەر هەموو دیمەنێک کە خۆی دەدایە دەم شەپۆلی نیگام، گومانم هەبوو. هەموو ڕستەیەکی مێژووم تاوانبار دەکرد. جا چ نووسراو بێت یان نەنووسراو، هەموو سەرکەوتنێکی مرۆڤم بەکەم دەزانی. هەموو شتێک ئەبەدی نەبوایە گاڵتەم پێ دەکرد. بە دوای ئەبەدییەتدا دەگەڕام، لەهەر شوێنێک بمبینیبایە پەلەقاژێم بۆ دەکرد. بە دوای ڕاستیشدا زۆر گەڕام، ئەفسووس! لە هیچ شوێنێک نەمدۆزییەوە. من لە جیهانی خۆمەوە هاتبووم.. ماندوو، نامۆ، ئاسمانی خەیاڵم جەنجاڵ، ساماڵی ڕازو نیازم پڕ لە چیرۆکی دەردو کۆچ. سارای دەروونم دووردەست، سییەکانم دوو دەفتەر بوون، هەرچەندم دەکرد قەڵەمی هەناسەم پڕی نەدەکردنەوە.. ئیتر من ئەوسا منداڵەکەی جاران نەمابووم، بە هیچ شتێک دابین نەدەکرام.

ـــ مامۆژن! من ناچمەوە بە زانکۆدا، مێژوویەک باپیرەگەورەی تێدا نەبێت، من نایخوێنم.

ـــ کوڕی خۆم بەخە! گوێ بگرە! یەک تکام هەیە بەلای سیاسەتدا مەچۆ! ئەوە باوکت هەموو ژیانی لەسەر سیاسەت داناو شارو وڵاتیان



پێ چۆڵ کردو سەفەری کرد. مامت هەر بە یەکجاری کۆچی کردو منو تۆ هەرگیزاو هەرگیز نایبینینەوە. بەخە گیان! دڵم جێگەی کۆچو مەرگێکی تری تێدا نابێتەوە. من وا پیربووم، لەبەر من ساڵێکی تر بچۆرەوە زانکۆ، گەر لەبەر منیش نا، ئەوا لەبەر نەرمین.

ـــ نەرمین گیان! من لە زانکۆ زۆر ماندووم.

ـــ بەختیار! منیش وەکو تۆ ماندووم، بڕوا بکە لەدوای خۆپێشاندانەکەوە هەموو ڕۆژێک یەک دووانێکی ڕەزاقوورسم بەدواوەیە.

لە خۆپیشاندانەکەی هەولێردا بوو، نەرمین لە نیوەڕۆوە تا ئێوارە گیرا، ئەوکاتە بوو کە حکومەت پێی زانیبوو کە بۆ بەیانی قوتابییەکان دەیکەنە خۆپیشاندان. جا دەرگای بەشی ناوخۆییەکانیان داخست، بەڵام قوتابیانی زانکۆ لە پەنجەرەکانەوە دابارین، لێزمە بوون لە هەوری ڕەشی ژیانەوە هاتبوون، دەیانگرماند. شار شڵەژا، دووکانەکان خڕ داخران، شەقامەکان پێکەنینو سنگی زبرو قیرتاوییان لەبەر پێی قوتابییەکاندا ڕاخست، هەر دەستڕێژێکو چەند قوتابییەک دەکەوتن، نەوەیەک هەر بەپێوە لار دەبووەوە. پەیتا پەیتا وەکو لافاو هاوڕێکانیان لەسەر شانو بە ماشێنەکان هەڵیاندەگرتنەوەو دەیانبردن بۆ تیمارخانەکان. ئەوکاتە نەرمینیش لە گەرمەی هاوارو جنێوداندا بوو، هەر لە تەنیشتییەوە هاوڕێیەکی گوللەیەکی بەرکەوتبوو، ئەویش هەرزوو هەڵیگرتبووەوەو دەستی لە تاکسییەک ڕاگرتبوو، بردبووی بۆ خەستەخانە. دەستبەجێ سەدرییەکی سپی لە جانتاکەی دەرهێناو لەبەری کرد، خەریکی تیمارکردنی هاوڕێکەی بوو، ئاگای لەخۆی نەمابوو سەدرییە سپییەکەی هەمووی خوێن بوو، جا ئەوکاتە پیاوانی

ئەمن دابوویان بەسەریانداو نەرمینیان بەوشێوەیە بینیبوو، کە خەریکی تیمارکردنی قووتابییەکە، پێیان سەیربوو، شکیان لیَ کردو گرتیان، لەگەڵ چەند کچێکی تردا تا ئێوارە هێشتبوویاننەوە، دەست بەسەر بوون، چەند جارێکیش کارەبایان لە قاچو قوولیان دابوون، ئیتر نەرمین دوای ئەوە زۆر دەترسا، زیرەی کردبوو.

_ بیرتە بەختیار! کە پێت وتم : ئاگاداری خۆت بە! تۆ شتێکت لیَ بێت من شێت دەبم.

_ باشم لە بیرە نەرمین گیان!

_جا کەواتە ساڵێکی تر دەبیَ بچیتەوە زانکۆ، ئێستا شەڕەو خۆ سەربازی ناکەیت، ئەوسا دەبێت هەر لە ماڵەوە بیتو یەکتری نابینین. من لێرەو تۆش لەویَ، ئەمە چەندی بە چەند؟

چوومەوە زانکۆ، درێژەم بە خوێندنمدا، بەوەڕسیمدا، بە لێشاوی دەروونیمدا. تەمەن تێدەپەڕیو من لە گێژاوی خۆمدا گیرترم دەخوارد، تەمەن باڵی دەگرتو جێی دەهێشتم،، من جیهانی تایبەتی خۆمم فراوانتر دەکرد، وای لیَ هات تەنیاییم وەرزی بۆ نەبێت، هەموو کات لقو پۆپی سەوزترو لەبەر چاوتر بێت، لەتاودا هەڵدەهاتم، هەر بە ڕێی موسڵ _ هەولێرەوە بووم.

_ ئەوە دیسان هاتیتەوە! بەختیار گیان! چاوەکەم! تاقیکردنەوەکان نزیک بوونەتەوە، خۆت ئامادە بکە لە هاتووچۆی ئەم ڕێگاو بانە باشترە.

ئیتر لەوکاتەوە بوو عەشقیش کەوتە بەر ڕەشەبای گومانم، دەمویست لەودیو پەنجەرەی عەشقەوە شتێک ببینم، ئاسۆیەک تەنیاییم ون بکات، ساماڵێک من هەڵبفڕەو ئەویش ئەبەدیم بکات. ئەدیوی عەشق



ئاسمانێک بوو پڕ هەور، تەلیسمێک بوو ژەنگاوی، مەتەڵێک بوو شیکارکردنی بۆ نەبوو.

_ نەرمین گیان! من تەنیام.

_تەنیا، تەنیای چییتە؟ ئەوە نییە من لەگەڵتام.

_ نەرمین! کاتی خۆی چەند ساڵێک لەمەو پێش، خەونێکم بینی، پێش ئەوەی زانکۆ ببینمو ئەم موسڵە ببینم. لە خەونمدا قەرەجێک دوای منداڵێک کەوتبوو، ئێمە لە ماڵێک بووین، دایەو بابە لەگەڵ خاوەن ماڵەکەدا دانیشتبوون، گوڵەبەڕۆژەیان دەخوارد. مامۆژنیشم وەک خاوەن ماڵ بێت، لە چێشتخانەکەدا گوڵەبەڕۆژەی لە تاوەیەکی زلدا دەبرژاندو چاوەڕێی منی دەکرد. منیش لە باڵکۆنی ماڵەکە سەیری خوارەوەم دەکرد. منداڵەکە تۆقی بوو، ڕای دەکردو هەموو گیانی خوێن بوو، لەوە دەچوو خوێنی لووتی پژابێت، کچێک بوو جوانکیلە، ،سپی سپی چەشنی گوڵی دارقەیسی، قەرەجەکەش ناشرین وەک بنی مەنجەڵ بەدوایدا غاری دەداو چەند هەنگاوێک لێوەی دوور بوو. هەردووکیان بۆ بەختی ڕەشی خۆیان دەگریان،. قەرەجەکە لێی نزیک بووەوەو لەپڕ پەلاماریداو گرتی، خەبەرم بووەوەو سەیرم کرد خوێنی لووتم پژابوو. سەرینەکەم یەک پارچە خوێن بوو. کاتێک لە زانکۆ وەرگیرام، هەر بەدوای ئەو کچەدا دەگەڕام، ئێستاش هەر دەگەڕێمو بۆم نادۆزرێتەوە، قەرەجی زۆرم بینی، هەر لە قەرەجی ناو خەونەکەم دەچوون، بەڵام کچەکەم نەبینییەوە، بێگومان ئێستا گەورە بووە، کیَ دەڵیَ ئێستا لە زانکۆ وەرنەگیراوە؟ یاخود لەوانەیە ئێستا بوویێت بە کچە قەرەجێکو هەر ڕادەکاتو ڕۆحی خۆی لیَ ون بووە. یان بە دوای منداڵیی خۆیدا دەگەڕێت، ئەو منداڵییەی لێی

بۆتە تارماییەک. ئاخۆ ئێستا چی بکات؟ داخۆ ئێستا لە کوێ بێت؟ ئاخ! بە دوایدا چەند دەگەڕێم.

_ هەرئەوە ماوە بە دوای کچانەوە بیت.

_ تۆ لە من ناگەیت.

ئیتر لەوکاتەوە بوو منو نەرمین زوو زوو شەڕمان دەبوو.

_ دەستەکانتم بدەرێ نەرمین گیان! تۆ دەزانیت دوێنێ شەو لە خەونمدا دەستی یەکترمان گرتبوو، لەپڕ هەردوو دەستم ون بوون، دەمویست باوەشت پێدابکەم، نەمدەتوانی، تۆ گریایت، منیش ڕقێکی دەبەنگو پێکەنیم، وتم:

_ مەگری گولْم! وەرە با دەستەکانم بدۆزینەوە.

گەشایتەوە، گەشامەوە، تۆ پێکەنیتو منیش گریام. گەڕاین.. هەرچەند گەڕاین، بن بەردو پاسارەکان، بن مقەباو تەختە فڕێدراوەکان، بن ئێسقانە رزیوەکان، دەستەکانی من دیارنەبوون، هەردووکمان شەکەتو ماندوو، دوودڵ لەیەکترمان دەڕوانی، تۆ زۆر دەترسایت، من وتم:

_ترسی ناوێ! جا دەستم بۆ چییە؟ من بێ دەست باوەشت پیادەکەم.

_ تۆش قاقایەکت لێداو خۆت ڕووتو قووت کردەوە.

_ دەنگت نزم بکەرەوە، تۆ بۆ کێ قسە دەکەیت؟

_ بۆ تۆ! بۆ تۆ!

نەرمینەکەم لێم تێنەگەیشتو وتی:

_ بەختیار! لەوە دەچێ تۆ نەخۆش بیت، هیوام وایە ئەمساڵ زانکۆ تەواو بکەیت.



لێم تێنەگەیشت، بەتایبەتی رۆژێکیان کە هاتمەوە بۆ سلێمانی، لە گۆڕستانەکەوە دەهاتمەوە، لەپڕ وەک یەکێک بێتە سەر ڕێگامو یادم ڕابوەشێنێت، قوتووی مێشکم هەڵبداتەوەو پێشانم بدات چی تیایە، لەپڕ داچڵەکیمو ترسو خۆشییەک سەرتاپای گیانمی گرتەوە، بیرم کەوتەوە کە من ئەمە دوومجارە دەژیم، جاری یەکەمم وەک خەون دێتە پێش چاو، تەمەنم هەشتا ساڵ زیاتر بوو، ڕیشێکی سپیم هەبوو، لە حوزووری شێخ مەحموودی خاوەن شکۆ دانیشتبووم، ڕانکو چۆغەیەکی قاوەییم لەبەردا بوو، هەر پشتێنەکەم بۆ خۆی دە مەتر بوو. قۆندەرەیەکی لاستیکی ڕەشی بێ قەیتانم لە پێدا بوو، چاوەکانم زۆر کزبوون، زۆر شتم وەک تارمایی دەبینی.

ئەوکاتەی بۆ یەکەمجار بۆ نەرمینم گێڕایەوە، تازە زانکۆم تەواوکردبوو، نەرمینیش بوو بوو بە پزیشکو لە خەستەخانە ئیشی دەکرد، چووم بۆ لای، بەڵام ئەو هێندە سەری قاڵ بوو، کاتی نەبوو، ڕووی پێنەدامو وتی:

_ ئۆی بەختیار! ئەوە تۆ چی دەڵێیت؟ یەکەم، من ئێستا سەرم قاڵەو ناتوانم گوێت لێ بگرم، دووەم، ئەم قسە بێ مانایە چییە دەیکەیت؟

نەرمینەکەم لێم تێنەگەیشتو وتی:

_بەیانی ئێوارەکەی وەرە بۆ لام، من مۆڵەت وەردەگرم، تاماڵەوە بە پیاسە پێکەوە دەڕۆینەوە، بەس تکات لێ دەکەم، ئەم قسانە لەبیر خۆت بەرەوە.

من ئەو شەوە هەر چاوەڕوان بووم، چاوەڕوانی بەیانی بووم، ئێوارەکەی خۆم بگەیەنمە لای نەرمین، ئەو شەوەش وەک شەوانی دی، مێژوو بەسەرمدا باری، تارمایییەکان دەوروپشتیان تەنیم، لەبەردەمی

پەنجەرەکەدا دەوەستان، نەمدەبینین، بەڵام بە دەنگە دەنگیاندا دیاربوون، دەفڕینەو دەهاتنەوە، جار بە جارێکیش وەک لە پشت دەرگاکەوە خۆیان مات دابێ، دەرگاکە جیرە جیرێکی دەکرد، دەمکردەوە، کەس نەبوو.

ـــ مامۆژن گیان! ئەوە تۆ بوویت خەریک بووی بێیتە ژوورەوە؟ من جارێ نەخەوتووم.

مامۆژنی چی؟ ئەو خەوتبوو.

ئەو شەوە تا بەیانی دڵەتەپێم بوو، وەک شەرم لە بوونی خۆم بکەم، چین چین ئارەقەم دەردەدا، دەردەدار بووم، بیمو ترس ناخمیان دەکۆڵی، وەک ژەهری مارم خواردبێت، دەترسام ئەو شەوە هەڵنەستمەوە، کەسیرە بووبووم، تا بەیانی لە سووچێکدا بە دانیشتنانەوە خۆم مەڵاس دابوو، گرمۆڵە بووبووم، نەمدەوێرا بخەوم، نەوەکو لە شیرینی خەودا ئاگام لە خۆم نەبێتو بمرم.

نەمردمو ڕۆژ بووەوە، ئێوارەکەی پێش ئەوەی مەرگ بگاتە لام، من گەیشتمە لای نەرمینی ئازیزم.

نەرمینەکەم تێم نەگەیشتو دوورکەوتەوە، منی بە شێت لەقەڵەمدا، بانگم کردو بە فڕکانێک گەیشتمە لایو وتم:

ـــ نەرمین گیان! با بەیانی یەکتری ببینین، لە نزیک گۆڕستانەکەوە، کاتژمێر شەشی ئێوارە، چونکە من ئیتر ناتوانم بێم بۆ لاتو بە دڵی خۆمان پیاسەبکەین، کاتی سەربازیم هاتووەو ئیتر من هەر لە ماڵەوە دەبمو ناچم بۆ سەربازی، دێیت یان نایەیت؟

لچێکی هەڵقورتاندو وتی: نازانم.

دوور کەوتەوەو بەجێیهێشتم.. لە دوورەوە هاوارم کردەوە:

ـــ نەرمین گیان! بەیانی یەکتری دەبینین، کاتژمێر شەشی ئێوارە.



ئاوڕی لێ نەدامەوەو بە تەنیا جێیهێشتم.

شەیتانی دوای سەمای پڕ فرمێسکو جەستە تەڕی بەرباران، هەر لە دەریایەکی ڕەنگاو ڕەنگ دەچوو بەپێوە ڕاوەستابێت. هاژوهوژی هەر لە زایەڵەی خەمێکی دێرین دەچوو، ویستی بێتە لامەوە، هاتنەکەی هەناسەی ئاوازێکی غەمگین بوو. بەردێکی هێناو لەسەری دانیشت. دانیشتنەکەی هەر لە کەوتنێک دەچوو. وتی:

ـــ لێم ببورە، فێم لێ هاتبوو، هەندێ جار بە دەست خۆم نییە حاڵی عەشق دەمگرێت. لێم ببورە.

بێدەنگ بووین، وەک بۆ شتێک بگەڕێت، دەستی بە گیرفانەکانیدا کرد، چاوم لێ بوو پەڕۆیەکی ڕەنگاوڕەنگی وەک جلەکانی لە گیرفانی دەرهێنا، لە پارچەیەک خەونی منداڵیی دەچوو. منیش شەکەتو ماندووبووم، لە بەردی ژێر پێی ڕێبواران دەچووم. فریای هەناسەیەک نەدەکەوتم پێیەکی تریان پێدا دەنام. ئای چەند چاوەڕوان نەکراو بوو لەلام، پێیوتم:

ـــحەزت لە گەزۆیە؟

ـــ گەزۆ؟

وەک منداڵێک کۆترەکانی هەڵفڕێنێت، ئاوها پەڕۆ ڕەنگاو ڕەنگەکەی بە ئاسماندا هەڵدا، پەڕۆکە وەک بولبولێکی باڵ شکاو، چەند باڵایەک بەرز بووەوەو جریوە جریوێکی وەک ناڵە، وەک سووتان، وەک هاوار لێ بەرز بووەوە. زۆری نەبرد گەڕایەوەو کەوتەوە نێو مشتی شەیتان. پێم سەیر بوو، ئەوە چی بوو؟ لەوکاتەدا لە ئاسمانەوە سێ دانە گەزۆ کەوتنە خوارەوە. من سام گرتبوومیو نەمدەوێرا دەستی بۆ بەرم، وەک فوو لە مۆمێک بکات، فووی لە

گەزۆکان کردو دووانی پێدام. دانەیەکیان لەسەری نووسرابوو ((نەرمین)).

__ ئەمەشیان بۆ خۆشەویستەکەت.

__ نەرمین؟

__......

__ئەی دەزانی بۆچی ئەمڕۆ نەهات بۆ لام؟

__ ......

__دەبوایە بێت سەعات شەشی ئێوارە.

وەڵامی نەدامەوە، گەزۆکەی نەرمینم خستە گیرفانمەوە، قەپاڵێکم لەوی تریان گرت، پێکەوە شەیتانو من، منو شەیتان گەزۆمان خوارد، گەزۆی خودایی، ئەو وتی:

__ دەزانیت دوای شیرنی جگەرەیەک خراپ نییە.

دوو جگەرەم لەپاکەتەکەم دەرهێنا، دەستەکانم دەلەرزین، ویستم شقارتە دەربێنم، کەچی ئەو یەکسەر پەنجە گەورەی دوو جار جولاندەوەو بوو بە چەرخو ئاگرێکی کزی شین باو لە نینۆکییەوە وەک سەرەتاتکێ بکات، سەری دەردەهێناو دەیبردە ژوورەوە، وتی:

__ فەرموو!

جگەرەمان داگیرساند، بێدەنگ بووینەوە، دەمویست قسە بکەم، شتێک بڵێم، نەمدەتوانی، ترس چووبووە خوێنمەوە، بە دووکەڵی جگەرەی شیرباومەوە دیاربوو، ڕۆحم چ ژانێکی بەخۆوە گرتبوو.

لە پڕ وەک خەیاڵم هەڵکشێت، وەک مۆتەکە لەسەر سینگم لاچووبێت، وەک ئەوەی کانی دێرینی پڕ پرسیارم بتەقێت، نەمتوانی



ئەو لێشاوە بە خوڕڕەی خۆم بوەستێنم. کێ بێو لەبەردەمی گەردەلوولدا خۆی ڕابگرێو قسەیەکیش نەکات؟ پێم وت:

__ گەورەم! تۆ ئەمڕۆ هیچ وەڵامێکت نەدامەوە، تۆ لە پێش ئادەمو حەواوە دەژیتو بوونت هەیە. نەوە لە دوای نەوە لەگەڵ مرۆڤدا ژیاویت، هەر تۆ ئاگات لێیە لە ئەشکەوتەکانەوە مێژوو چۆن چۆنی خل بووەوە، یەکەم باران کەی دایکرد؟ بۆ دایکرد؟ یەکەم گوڵ چۆن گەشایەوە؟ بۆ گەشایەوە؟ شار چۆن کەوتەوە؟ حیزبو سیاسەت چۆن دروست بوون؟ ترس کەی لەدایک بوو؟ عەشق کەی هەڵهات؟ تەنیایی چۆن لەو پۆپی کرد؟ ئاگات لەهەموو شتە ئەبەدییەکانە، دە پێم بڵێ! بە ئازارترین شتم پێ بڵێ! چ شتێک حەزت دەکرد هەرگیز بوونی نەبوایە؟

وەک تف لە چارەی خۆی بکات، هەستایە سەرپێیان، تۆقیبوو، دەیزانی وازی لێ ناهێنم، دەیزانی شەڕی پێ دەفرۆشمو یەخەیم گرتووەو وەڵامم دەوێت. دەیزانی ئیتر هیچ هەناسەیەکی ئەم گاڵتە خانەیە دڵم خۆش ناکات، ڕەنگو ڕووی پەڕیبوو، وەکو لەبەردەم یەزداندا کفرێکی تازەی کردبێت، ڕۆحی لە کەلی دوودڵی دەچوو. دەیزانی خۆیو خوداکەی بەرامبەر مرۆڤ تاوانبارن، سەرێکی بێهودەی باداو وەک زۆر لە خۆی بکات، وتی:

__ لە هەموو شتێک بەئازارتر (چاوەڕوانی)یە.

چەند هەنگاوێک لێم دوورکەوتەوە، خولێکی بەدەوری خۆیدا خوارد، وەستا، قوڵپ قوڵپ دەگریا، هەناسەبڕکێی پێ کەوتبوو، دوورتر کەوتەوە، لەپڕ وەک شتێکی بیرکەوتبێتەوە، وەک شتێکی مابێت بیڵێت، نزیک کەوتەوە، نزیکتر، هاتەوە بەر دەمم، وتی:

ـــ زۆر سوپاستان دەکەین! بە ڕاستی ئێوەی مرۆڤ مانایەکی زۆر گەورەتان بە ئێمە بەخشیووە. بەبێ ئێوە ئێمە بوونمان نییە، من بیرمە پێش ئەوەی مرۆڤ سەر ئەم زەمینە ئاوەدان بکاتەوە، منو خودا هێندە تەنیا بووین، هەر دادەنیشتینو سەیری یەکترمان دەکرد.
بێدەنگ بوو، لەبەردممدا بە ڕیزێکەوە سووژدەی بۆ بردمو نووشتایەوە، دەمی هەڵهێنایەوە شتێکی تر بڵێت، بێدەنگ بووەوەو هیچی نەوت، هەستایەوە، پەڕۆ ڕەنگاو ڕەنگەکەی دەرهێنایەوەو بە ئاسماندا هەڵیدایەوەو گەزۆ باری. یەک.. دوو.. دە.. سەد.. هەزار.. ملیۆن.. بیلیۆن.. تریلیۆن.
گومەتەی داو دوورکەوتەوەو لەبەرچاوان ون بوو.
هەستامەوە حەپەسابووم، دەمویست بگریم، نەمدەتوانی، دەمویست بە قاقا پێبکەنم، هێزم نەبوو، دەمویست غەمگین بم، توانام نەبوو، ئارەزووم بوو لەوکاتەدا دڵم خۆش بێتو بەختیاربم، دیمەنەکەی بەرچاوم موخابن نەیدەهێشتو متقی لەبەر بڕیبووم. بەرەو خوار بوومەوە، بە ڕێگاوە چەندم توانی گەزۆم هەڵدەگرتەوە، ورووژابووم، گیرفانەکانم پڕبوو بوون، سەرێکم هەڵبڕی، شار لە گەزۆدا نوقم بووە، گەزۆکان تیشکیان دەداو شەویان ڕووناک دەکردەوە. سروشت لە ئەفسانە دەچوو، شاریش لە خەون، کلوو کلوو گەزۆیەو دەباری، بەسەر قەدو باڵای هەموو شتێکدا دەباری، هەموو شتێکی شیرین کردبوو، خەڵک گەزۆیان هەڵدەگرتەوە، بە ڕاکردنو گۆرانیو سەماوە، شەقامەکان پڕبوون لە گەزۆ، سەربانو خانووو کۆڵانەکان پڕبوون، شار بۆنی گەزۆی لێ دەهات، فڕکان فڕکان بوو، خەڵک بە گەزۆکانەوە وورووکابوون، سەتڵو قاپو قاچاغ پڕ کرابوون، گیرفانەکان پڕبوون، دەمیشیان پڕ.



هەندێ کەسم بینی هەر بە بەرمیل گەزۆیان دەبردەوە، فریای هی تر دەکەوتن، نەدەکەوتن، ماشێنو هاتووچۆ وەستان، نەدەوەستان.. کەس حەزی نەدەکرد پێ بە بەنزیندا بنێ تاکو ئەوەی بەردەمی هەڵنەگرێتەوە، خێرایە پێ بە بەنزیندا دەنێ.
ـــ خاڵە گیان! لەسەرخۆ، خەریک بوو بمکەیت بە ژێرەوە.
ـــ لاچۆ هەتیو!
هەر خەڵکەو بڕوا ناکەنو لە هۆش خۆیان دەچن، لەبەر گەزۆ کۆکردنەوە کەس بەلایاندا ناچێت، ماوەیەک دەکەونو خۆیان هۆشیان دێتەوە بەرخۆیان. هەڵدەستنەوەو گەزۆی تر هەڵدەگرنەوە، فریای ئەوە دەکەون جارێکی تریش لە هۆش خۆیان بچنەوە، هەر ماشێنەو گەزۆ بەردەمی شووشەی پێشەوەی لێ گرتووە، بەردەمی خۆی نابینێتو بەر ماشێنی تر دەکەوێت، هەر مرۆڤەو دەبێت بەژێر تایەوە، هەر منداڵەو دەبێت بەژێر پێوە، هاوار هاوارە، بۆڵە بۆڵە.. شەڕە، شاتە شاتە، نووزەیە، پێکەنینە، گریانە، شڵەژانە..
باڵندەکانی ئاسمان حەپەساون، بە دەنووک گەزۆیان هەڵدەگرتەوە، لە دەمی یەکتریان دەفڕاند، یان هەر یەکسەر لە ئاسمانەوە گەزۆیان هەڵدەگرتەوە، بەر تەپڵی سەریان دەکەوتن، بەردەبوونەوە، دەیانجریواند، دەیانخوێند، دەیانخوارد، لەکاتی فڕیندا گەزۆکان بەر باڵیان دەکەوتن، لاردەبوونەوە، هەندێکیان بەدرەختەکانەوە دەنیشتنەوەو دەنووکیان لە گەزۆکان گیردەکرد، ((تۆ دەزانی دەنگت زۆر خۆشە))، دەنگی لێ هەڵدەبڕێ، پارچە گەزۆ پەنیرەو بەردەبێتەوە..
فریای هی تر دەکەوێت، فریای گەزۆ، گۆرانی، لاساری.

بالّندەکان وەک هێرشیان هێنابێتە سەر ئەم شارە، خەڵکی شاریان گەزۆباران دەکرد، گەزۆکان کەسیان نەدەکوشت، تەنها گەزۆ نەناسەکان نەبێت، هەرچی ئەوانی ترە گەزۆکانیان هەڵدەگرتەوە، فریای هی تر دەکەوتن، فریای گەزۆ، ئەفسانە، جوانی.

دوو پیرێژنم بینی، یەکێکیان نەوەد ساڵ دەبوو، ئەوی تریان لە سەدو پەنجا ساڵ زیاتر بوو، دیاربوو هەردووکیان زۆر بە هێمنی بەبێ ئەوەی هیچ سەرسام بنو خۆیان تێک بدەن، هەر دەتوت لەو خەڵکە ناچن.

گەنجەکەیان وتی:

_من بیرمە کاتی خۆشی جارێکی تر گەزۆ باری.

ئەوی تریان وەک گاڵتە بە تەمەنو عەقڵی بکات، پێی پێکەنیو بە هێمنی وتی:

_ئینجا ڕۆڵە! ئەوە چییە، من بیرمە کاتی خۆی کفتە باری.

بەرەو کۆڵانەکەی خۆمان پێچێکم کردەوە، کۆڵانی ئێمەش پڕ گەزۆبوو، سپی دەچووەوە، وەک هەموو شار جمەی دەهات، وەک شەوی بەرات، بەراتی چی؟ وەک جەژنو بازاڕی کاتی جەژن، جەژنو بازاڕی چی؟ وەک بەندیخانەکان، بەندیخانەی چی؟ زیاتر، زیاتر. من ئەوسا بە هیچ شێوەیەک نەمتوانی وەسفێک بۆ ئەو دیمەنە بدۆزمەوە، تەنها دوای چەند ساڵێک نەبێت، ئەو وەختەی کە کاتی ڕەوەکە هات، ڕێژنەکە هات.

ڕقو قینی چەند ساڵە بوورکان بوون تەقینەوە، کوردستان بریندارە، ئەستێرەکانی ئاسمان ون، گەر بتویستایە تروسکەیەک ببینیت، دەبوایە هەموو زەمین لەگەڵ خۆتدا بجوڵێنیت، سەرچاوەی ژان لەهەموو لایەکەوە هەڵدەقوڵێت، خەڵک لە کوچەو شەقامەکانەوە



دابارین، وەک ئاوی چاوان ڕژان، وەک خوێنی گیان بەربوون، گەردەلوول بوون پێچیان دەخوارد، لە هەموو شوێنێکەوە گوڵ گوڵ دیاربوون، وڵاتی شارەزوورە، گوڵ عومەرەو بۆنو بەرامەی دەگاتە هەموو دونیا، مێژوو ئیستێکی کرد، شار شڵەژا، ترس کۆچی کرد، دوودڵی ئاوابوو، کەس نەبوو لە ماڵەوە خۆی بگرێت، شەرم بوو بوەستیت، شەرم بوو جنێو نەدەیت، نەدەبوو گەر ڕەق نەبیت، جەستەی پیاوانی ئەمن شەقار شەقارە، لاشەیان داری گۆڵو سەریان تۆپو یارییش ئاهەنگەو یازدە پەنارتییە، سەمایە، بردمانەوە.

_ دە پورێ گیان! وازی لێ بێنە، ،خۆ سەری پێوە نەماوە، گازی چی لێدەگریت؟

_ تووخوا وازم لێ بێنن! ئا ئەم کەللە بەرازە سێ جگەرگۆشەمی بەدەستی خۆی خنکاندووە.

لە هەموو پارچەیەکی دڵسووتاوی شاردا هەڵمەت برا، دەزگا حکومییەکان وەک مەدالیا بە دەستی خەڵکەوە بوون، هەر دەسترێژێکو چەند فریشتەیەک دەکەوتن، هەر گوللەیەکی وێڵو نەمامێک دەیزریکاند، هەر پژمینی دۆشکەیەکو ڕەشەبایەک کپ دەبوو، هەر هاواری هەڵمەتێکو خوێن تا کەللەی سەر نەدەوەستا، بۆ بوەستێت؟ سەربەستی پەرییەکی شەرمن بوو، هەڵتەک هەڵتەک لە دوورەوە دەبینرا، بە ملیۆنەها چاو خۆیان لێ دادەگرت، دەیانقۆستەوە، ملیۆنەها دەم بانگیان دەکرد، ((تووخوا ئافرەت گیان! چێشتێکی چەورمان بۆ لێ بنێ میوانمان دێت)).

شار ئەم جارەیان وەک جاران نییە، پەلەی نییەو زۆری پێیە، مێژوو تکای لێ دەکات، گازی دەکات، لەبەردەمیدا سووژدە دەبات، شار ئەم

جارەیان وەڵامی ئەفسانەش ناداتەوە، بیری ناچێتەوە کە ئەفسانەش چەند جارێک پاشقولی لێ گرتووە، لە هەموو ماڵێکدا جەژنە، شاییە، پێکەنینە، گۆرانییە، هەڵبجە وەک منداڵێکی دەم بە خەندە هەستاوەتەوە، خونچەیەو گەشاوەتەوە، مانگەو ڕەشماڵی تریفەی زێڕینی هەڵداوە، ئەستێرەیەو تیشک دەبەخشێتەوە، سروشتەو نازی دەگیرێت، گلێنەیەو لە چاواندا حەشاردراوە.

شار ئەم جارەیان سنووری عەشق دەبڕێت، ڕووناکییەو پەی بە تاریکی مێژوو دەبات، خەیاڵەو بە بازنەباڵای هەتاودا هەڵدەزنێت، شەماڵەو تەپ‌و تۆزی سەر سیمای چەند ساڵە دەسڕێت. شار کراسی ڕەش تووڕ دەداتو پەلکەزێڕینە دەپۆشێت، پێدەکەنێت.

بۆمباران کردنە، وێرانییە، هەڵاتنە، غاردانە، ئاژاوەیە، دەنگە دەنگە، تاریکییە، گریانە، ترسە، کەوتنە.

خودای مەرگ دوکانو بازاڕی لەسەر پشتە، مشتەری زۆرە، هەڵگەڕانە، داگەڕانە..

فڕۆکەیەو ڕشاوەتەوە، هەر ئاسکە کێوییەو لە ئەزمەڕەوە بەردەبێتەوە، مانگەو پرچی زێڕینی دەڕنێتەوە، هەر درەختی لقو پژدارە سەوز سەوز خۆی هەڵدەداتە سیروانەوە. عەشقەو بەلادا دێ، غەمەو سەری بەر سەقفی ئاسمان دەکەوێت. ڕێژنەی خەڵکە، بەسەر لاشەی باوکدا بازدانە، منداڵی دە ساڵ خوشک‌و برا چکۆلانەکەی بە کۆڵەوە گرێ داوەو پێ پەتییە، قاچ زامدارە، برسییە، تینووە، غەمبارە.

ئاوڕ لەکەس مەدەرەوە، کێ ئازایە خۆی لە گەرووی مەرگ ڕزگار بکات. لە تونێلی مەرگەوە هاتینە دەرەوە باڵ لێ ڕواو، لە ناوەندی



وەرزی مەرگێکی تردا نیشتینەوە، لامەکەوە! لە دوو منداڵ منداڵێک، فریا کەوە! لە دوو سەموون، سەموونێک.

ڕێگاکان درێژترن، تەمەنو هەناسەو ژیان بێ نرختر، کورت تر، سەرماو سۆڵە بەهێزتر. باران تێزابەو جەستە دەتوێنێتەوە، ئێوارەکانی سروشت جوانی خۆیان لەدەست داوە، کێ بێ‌و بەم ئێوارەیە خەیاڵی شیعرێکی قەشەنگی بۆ بێت؟ سەرنجی چاوان بەلادا دێن،، هەستو نەست بە لادا دێن..

مێژوو لەسەر دەم کەوتووە، نەمردووەو وەک مەرگ تێمان دەڕوانێت، دەشتو دەر ئەمەندە میوانی بە خۆیەوە نەبینیووە، فریای کێ بکەوێت؟ لە شەرماندا پێدەکەنێت، میوان زۆرەو ئەم بێ ڕایەخ لە خۆی زیاتر هیچ شک نابات بیداتە کەسێک. نەخۆشی دڕندەیەکی چەند سەرەو با قاقا پێدەکەنێت، دەربەدەری بسکەی سمێڵی دێ، مەرگ دەیەوێت جار بە جارێک سەرخەو بشکێنێت، دەیەوێت بۆ ماوەیەک خەواڵوو بێت، پەیتا پەیتا خەڵک وازی لێ ناهێنێت، پەرەوازەیی تونێلێک بوو نە ئەمسەری دیاربوو، نە ئەو سەری.

ئەو ئێوارە درەنگ وەختەی ویستمان شار چۆڵ بکەین، مامۆژنم لەناو جێگادا کەوتبوو، نەخۆش بوو.

__ کوڕم! وازم لێ بێنە لێرە دەمێنمەوە.

__ ئاخر مامۆژن گیان! دەتکوژن.

__قەیناکا کوڕم! چیم لێ دەکەن با بیکەن.

__دە باشە مامۆژن! منیش لەلات دەمێنمەوە.

__نەخێر، بەخە گیان! نەخێر تۆ بڕۆ! تکات لێ دەکەم تۆ بڕۆ!

__ نەخێر! گەر تۆ نەیەیت، ئەوا من لەلات دەمێنمەوە.

_ئاخر کوڕم! من نەخۆشم‌و ناتوانم ڕابکەم، هێزم نییە.

بە پەلە چووم ئەو عەرەبانەیەم هێنا کە جاران گوڵەبەڕۆژەم لەسەر دەفرۆشت، مامۆژنم بە گرموڵەیی لەسەر داناو بەتانییەکم پیاداو بەپێ بیکوتە.

_ ئای مامۆژن! خۆ شار چۆڵ بووە.

مامۆژن گریا.

_ مامۆژن گیان! تکات لێ دەکەم وەختی گریان نییە.

کەوتینە ڕێ، مەرگ بە دواماندا، لەگەڵماندا، لە پێشەوە، لە هەموو لایەکەوە دەورەی دابووین.

_ ئەو کۆرپەیە هی کێیە بەجێ ماوە؟

_دایکە! من منداڵی ئێوەم یان هی ئاخر زەمان؟

_کوڕم! تۆ منداڵی ئێمەیت.

_ئەی ئاخر زەمان کێیە؟ چییە؟

_ کوڕی خۆم! ئەوکاتەیە کە سەرزەمین کەسی لێ نامێنێت‌و هەموو کەس دەفڕێت بۆ ئاسمان، ڕۆژی لێ پرسینەوەیە.

_ ئێمەش دەفڕین، منیش؟

_ ئا کوڕی خۆم! هەموو کەس، هەموو کەسێک ئەوسا لەتاو گیانی خۆی، ژیانی خۆی، خەمی خۆی، ئاگای لەکەسی تر نامێنێت، فڕکان فڕکانێک دەبێت ئەوسەری دیارنەبێت، هەر دایکەو منداڵی خۆی بەجێدێڵێت، هەر باوکەو ڕوو لە کۆرپەی خۆی وەردەگێڕێت، کەس ئاوڕ لەکەس ناداتەوە، هەر یەکەو لەبەر قیژەو هاواری خۆی، دەنگی کەسی تر نابیستێت، کەس فریای کەس ناکەوێت.



ماشێنەکان هەر لە شارەوە تا سنووری ئێران بە دوای یەکتریدا ڕێچکەیان بەستبوو، ئێمەش کە بەپێ دەڕۆیشتین لە ماشێنەکان خێراتر بووین، سەرماو سۆڵەو بارانی ئەو دەشت‌و دەرە کارێکی زۆر خراپیان لە مامۆژن کرد، مامۆژن تووشی ئیفلیجی بوو، بە هیچ شێوەیەک نەمدەتوانی لێی دووربکەومەوە. تەنها ئەو ساتانە نەبێت کە فڕۆکەکان خواردنیان بۆ هەڵدەداین. جا ناچاربووم مامۆژن بەجێبێڵم بۆئەوەی دەردێک بگرمەوە. هەر ماشێنێک خواردنی بهێنایە، بە هەزارەها لەدەوری کۆدەبوونەوە، بیست سی کەس هەر خۆیان پێدا هەڵدەواسی. تاکە تاکەش بەردەبوونەوە بۆ ژێر پێی ئەو حەشاماتە.

کاتێکیش گەڕاینەوە، هاتینەوە سەر ماڵی چۆڵ، مامۆژنم بێهێزتر بوو، بە تەواوی پەکی کەوتبوو.

ئێستا مامۆژنم لەودیو لەناو جێگاکەیدا کەوتووە، مردووە یان ماوە، خۆیشم نازانم، جار بە جارێک (ئاە)ێکی لێ بەرزدەبێتەوە، گوێم لێیەو گوێم لێ نییە، دوای ئەم کۆچە، تارماییەکانی دەورو پشتم زۆرترن، دەترسێم مامۆژنیشم بچێتە لایان‌و ڕۆژێک لە ڕۆژان ئەویش ببێتە تارماییەک.

نەرمین‌و ماڵی نەرمین نازانم کەی هەڵهاتن‌و ڕایانکرد؟ بۆ کوێ چوون؟ ئەو هەموو ماوەیە لە کوێ بوون؟ لە دەشت‌و دەرو تاریکستانەکان، لەژێر دەوارەکان، لە پەناو پاسارەکان، لە ئوردوگاکان، جار بە جارێک چاوم بۆ دەگێڕان، نەمبینینەوە.

تەنها ماوەیەک لەمەو پێش نەبێت، کە بیستم بە یەکجاری ماڵیان چۆتە هەولێرو لە ڕەوەکەدا باوکی لەدەستداوە. خانووەکەیان فرۆشتووەو ئێستا ماڵێکی تری تیایە، ژن‌و پیاوێکی گەنج‌و کیژۆڵەیەکی

خنجیلانەی دە ساڵەیان هەیە، هەندێ جار لەناو دەرگاکەدا دەیبینم وەکو کانی دادەنیشێت، جار بە جارێک لەناو دەرگاکەدا وەک ئاوێنەیەکی بەر هەتاو ڕادەوەستێتو ئاوی چاوان وشک دەکات، ئاگام لێیەو سەرەتاتکێ لە کوڕێکی چکۆلانەی دراوسێمان دەکات، پێم سەیرە هەر بە ئاشکرا لە ناوەندی کۆڵانەکەدا پێکەوە یاری دەکەنو دەستی یەکتر دەگرنو کەسیش بانگیان ناکاتەوە.

لەسەری کۆڵانەکەوە بوو ئامۆژنم بینی، خەریکی گەزۆ کۆکردنەوە بوو، حەوت هەشت سەتڵی گەورە گەورەی پڕ کردبوو، دیاربوو چاوەڕێی من بوو کە بیانبەمە ژوورەوە، لە ناوەندی کۆڵانەکەدا دایکو باوکی نەرمینم بینی، بەتانییەکیان لەسەر زەوییەکە ڕاخستبوو، بەم دەستو ئەو دەست گەزۆیان تێ دەهاوی. ئاگایان لە خۆیان نەمابوو..

ـــ بەخە گیان! ئەوە تۆ لە کوێیت؟ هاتیتەوە؟ وەرە ئەم سەتڵانە بەرە ژوورەوە.

ـــ مامۆژن گیان! ئەم هەموو گەزۆیەمان بۆ چییە؟

ـــ کوڕم! با ئێمەش وەکو ئەو خەڵکە لێی بێ بەش نەبین.

سەتڵەکانم بردنە ژوورەوە، ئەو تاقە گەزۆیەی کە شەیتان بە دیاری دابووی پێم بۆ نەرمین، لە گیرفانم قایم کردبوو، نەوەکو تێکەڵاوی ئەوانی تر بێت، هاتمەوە بەردەرگاو سەیرێکی ئەوبەرەوەم کرد، نەرمین دیار نەبوو، مامۆژنم دوو سێ سەتڵی گەورەی تری پڕ کردبوو..

ـــ مامۆژن! نەرمینت نەبینیوە؟

ـــ نەخێر کوڕم! ئێستا کەی وەختی نەرمینە، وەرە یارمەتیم بدە.



ئەو شەوە تا بەیانی کەس نەخەوت، هەر خەریکی گەزۆ کۆکردنەوە بوون، تەواو نەدەبوو، هەر دەباری، منیش تا بەیانی لەبەردەرگا بووم، چاوەڕوانی دەرکەوتنی نەرمین بووم، مامۆژنم بۆ دوو سێ سەعاتێک سەرخەوێکی شکاندو بە پەلە بە خۆیو سەتڵەکانییەوە هاتەوە بەردەرگا. وتی:

ـــ ئەوە هیچت کۆ نەکردۆتەوە؟ گەر یارمەتیم نادەیت، بچۆ بخەوە.

هەندێ کەس هەر لە کۆڵان کەرویشکە خەویان دەکردو یەکسەر قیت دەبوونەوەو هی تریان کۆدەکردەوە، یەکێکم بینی گەزۆی وەک لێفە دابوو بە خۆیدا تا سەرخەوێک بشکێنێت، چەند گەزۆیەکیان لێ دزی، هەستی پێ کردو قیژاندی.

وڕو ماندوو بووم نەرمین نەبوو، خۆم بەپێوە نەدەگرت، هاتمە ژوورەوە، لەسەر جێگاکەم ڕاکشام، گەزۆکەی نەرمینم خستە ژێر سەرینەکەمەوە، دەرگای ژوورەکەم داخست، کەچی دەنگە دەنگی دەرەوە دەتوت لەناو ژوورەکەمدایە. وروژابووم، بیرم لە شەیتانو قسەکانی دەکردەوە، جوڵاندنەوەکانی، سەماکەی، پەڕۆ ڕەنگاو ڕەنگەکەی، گوڵەکەی یەخەی، چەرخەکەی، ،فرمێسکەکانی، دوا وتەی ((لە هەموو شتێک بەئازارتر چاوەڕوانییە)). ((منو خودا هێندە تەنیا بووین، هەر دادەنیشتینو سەیری یەکترمان دەکرد)). دەبێ شەیتان چاوەڕوانی چی بکات؟ مەرگی یەزدان؟ مەرگی خۆی؟ مەرگی ئێمە؟ لەم خەیاڵانەدا بووم خەوم لێ کەوت، کاتژمێر دوازدەی نیوەڕۆ بوو لەناو جێگاکەم ڕاپەڕیم، وەک دڵم خەبەری دابێت نەرمین هاتۆتەوە، بە پەلە گەزۆکەیم خستە گیرفانمەوەو وەک شێت دەرپەڕیم. گەزۆکە تۆزێ خۆشی کردبووەوە، مامۆژنم هەموو ماڵو حەوشەکەی

پڕ کردبوو، تا سەربان هەڵیچنیبوون، هاتمەوە بەردەرگا، کۆڵانەکە هەر جمەی دەهات. هەندێ گەزۆ لە دوورەوە سوور دەچوونەوە، لەوە دەچوو خوێن ڕژابێت.

باوکو دایکی نەرمین هەر بەتانی بوو پڕیان دەکردو ماندوو نەدەبوون، دیار بوو ماڵەکەیان پڕکردبوو. ماڵی نەرمین لە قەڵای گەزۆ دەچوو، مامۆژن وازی لە سەتڵەکان هێنابوو، لەوە دەچوو بێ من نەیتوانیبێت بیانباتە ژوورەوە. جا بەرگە سەرینی هێنا بوو بۆ پڕ کردن. لەگەڵ دایکی نەرمیندا بەدەم کۆکردنەوەی گەزۆوە قسەی دەکرد، دایکی نەرمین وتی:

نەرمین دوێنێ شەو لە خەستەخانە مابووەوە، مۆڵەتیان پێ نەدابوو بێتەوە ماڵەوە، ئەوا ئێستا هیلاکو ماندوو هاتۆتەوەو دەیگێڕێتەوە کە قاوشی خەستەخانەکان پڕ بووە لە خەڵک، بەسەدەها کەس زیاتر بە وەستانی کتو پڕی دڵ مردوون، بە هەزارەها لەبەر زۆر خواردنی گەزۆ ڕشابوونەوەو سکیان چوو بوو، وەکو مەیتیان لێ هاتبوو، بەسەدەها کەس لەسەر گەزۆ چەقۆیان بەرکەوتبوو، بەدەیەها کەس شێت بوون. دەیوت: کە فریای کەس نەدەکەوتن، تەنانەت دوو پزیشکیش لەکاتی ئیش کردندا بە لادا هاتبوونو هەڵنەستابوونەوە.

لەبەردەرگا هەر چاوەڕوانی نەرمین بووم، هەر سەیری ئەوبەرەوەم دەکرد، لە پڕ دەرکەوتو هاتە بەردەرگا، بینیم، بە تەنیا ڕاوەستا، ماندوو دیاربوو، تاقەتی گەزۆ کۆکردنەوەی نەبوو، بە ئەسپایی بەرەو لای ڕۆیشتمو لێی نزیک کەوتمەوە، نزیکتر، فرسەتم هێنا، زانیم باوکو دایکی سەرگەرمی کۆکردنەوەی گەزۆن، وتم:



ــ نەرمین گیان! ئەوە دوێنێ ئێوارە بۆ نەهاتی؟ دەزانی چەند چاوەڕوانت بووم؟ بۆ خۆت شاردەوە؟

وەڵامی نەدامەوەو ڕووی وەرچەرخاند.

ــ دەپێم بڵێ! بۆ نەهاتی؟

لەوکاتەدا دایکو باوکی ئەم سەرو ئەوسەری بەتانییەکیان گرتبوو، زانیم کە دەیانەوێ بیبەنە ژوورەوە، تۆزێک دوورکەوتمەوەو خۆم خلافاند، دایکی وتی:

ــ ئادەی کچێ! لاچۆ لەناو ئەو دەرگایەدا.

بەتانییە پڕ گەزۆکەیان بردە ژوورەوەو هەڵیانڕشتو هێنایانەوە. باوکی بە نەرمینی وت:

ــ ئێ کچێ! یارمەتیشمان نادەیت، تۆزێکت لەگەڵ دەستدا بهێنایەتەوە، خۆ کفر نەدەبوو.

دایکی هەڵیدایەو وتی:

ــ کچمان بەخێوکرد.

هەردووکیان لەناو چەقی کۆڵانەکەدا بەتانییەکەیان ڕاختەوە، دیسانەوە بە هەلم زانییەوەو چوومەوە بەردەمی، ئەو خۆی لە من گێل کرد، ،وتم:

ــدوێنێ لە کاتێکدا چاوەڕێی تۆ بووم، شەیتانم بینیو ئەم گەزۆیانەش هەمووی بە هۆی ئەوەوەن، بڕوام پێ بکە نەرمین گیان! بڕوام پێ بکە! من درۆت لەگەڵ ناکەم.

بە ئاستەم سەیرێکی کردمو چاوێکی پیا خشاندم، گەزۆکەش بە تەواوی خۆشی کردبووەوە، کۆڵانەکە سووک بوو بوو، گەزۆی زۆری تێدا نەمابوو، نیوەڕۆ بوو، هەتاو سەری کەچەڵی دەسووتاند.

_ گەر بڕواش ناکەیت، حەزدەکەیت لە نووکەوە بۆت دەگێڕمەوە، هەموو شتێکت بۆ دەگێڕمەوە، تەنانەت شەیتان بە دەستی خۆی گەزۆیەکی بە تایبەت بۆ ناردوویتو لێی نووسراوە (نەرمین)، دە لێم وەربگرەو سەیری بکە!

گەزۆکەی لێ وەرگرتمو خوێندییەوە، سەیرێکی کردمەوەو جارێکی تریش ناوەکەی خۆی خوێندەوە، لچێکی هەڵقوورتاندو پێم پێکەنی.

چەند جارێک سەری باداو لە پڕ گەزۆکەی بەسەرمدا داو وتی:

_ بەسە ئیتر بەخە شێت! دەستبەردارم بە، من تۆم خۆش ناوێت.

چووە ژوورەوەو دەرگاکەی بە ڕوومدا پێوەداو بە تەنیا بەجێی هێشتم.

خارکۆف_ ئۆکراینا

**١٩٩١_ ١٩٩٢**

## لەبەرهەمە چاپکراوەکانی نووسەر:

١-زێراب، کۆمەڵە چیرۆك، چاپی یەکەم، سوید ١٩٩١

٢-چاوەڕوانی-ڕۆمان، چاپی یەکەم، سوید ١٩٩٢

٣-بەیازی گوڵفرۆشێك- کۆمەڵە چیرۆك، چاپی یەکەم، سوید ١٩٩٨

٤-وێنەکان دووبارە دەبنەوە- کۆمەڵە چیرۆك، چاپی یەکەم سلێمانی ٢٠٠٣

٥-نووسینەوەی دڕك- کۆمەڵە چیرۆك، چاپی یەکەم سلێمانی ٢٠٠٧



# Expectation

Aram kakay falah

# کتێبە چاپکراوەکانی یانەی قەڵەم

| ز | ناوی کتێب | بابەت | ناوی نووسەر | ناوی وەرگێڕ |
|---|---|---|---|---|
| ١ | فریوو خۆحەشاردان | چیرۆك | عەتا محەمەد | |
| ٢ | ئایین (هزر سیاسەت) | فیکری | کۆمەڵێك نووسەر | یاسین عومەر |
| ٣ | بەیەکداکێشانی شارستانێتی | فیکری سیاسی | سامئیل هانتینگتۆن | ئاوات ئەحمەد |
| ٤ | سوەیلا | رۆمان | شارام قەوامی | |
| ٥ | رۆژی هاتنەکەی عودەی | چیرۆك | ئاوات عەبدوڵڵا | |
| ٦ | سیماکانی عەقڵانیەتو خورافە | | فالح عەبدولجەبار | ئاوات ئەحمەد |
| ٧ | وەنەوشەکەی چیرۆك | چیرۆك | کۆمەڵێك نووسەر | شیرین.ك |
| ٨ | نەبەهەشت لەسەر زەویدایە | فیکری | کۆمەڵێك نووسەر | ئومێد عوسمان |
| ٩ | فیمینیزم | فکری | نورە فەرج | عەبدوڵڵا تاهیر |
| ١٠ | لەروانگەی خۆرئاواوە | فکری | کۆمەڵێك نووسەر | ئومێد عوسمان |
| ١١ | منداڵباز | رۆمان | فەرهاد پیرباڵ | |
| ١٢ | کیمیاگەرانی وشە | لێکۆڵینەوەی | کۆمەڵێك نووسەر | یاسین عومەر |
| ١٣ | گوزارشتی مۆسیقا | هونەری | فواد زەکریا | حەمە کەریم |
| ١٤ | خەمەکانی رۆشنگەری | فکری | هاشم ساڵح | ئاوات ئەحمەد |
| ١٥ | یەڵماز گۆنەی | | کۆمەڵێك نووسەر | حەمە کەریم |
| ١٦ | هەناسەی پێخەفەداخراو | چیرۆك | چنوور سەعیدی | |
| ١٧ | سادقی هیدایەت | لێکۆڵینەوە | حەمە کەریم عارف | |
| ١٨ | یادەوەرییەکانی کۆڵانێکی خاپوورکراو | چیرۆك | سیامەند هادی | |
| ١٩ | قالاو یەعنی قەفەسێکی خاڵی | شیعر | کەمال ئەمینی | |
| ٢٠ | تیانووسی پاشای هیچ | شیعر | یاسین عومەر | |
| ٢١ | لەسێبەری پرسیاردا | دیدار | سەمەد ئەحمەد | |
| ٢٢ | زەمین وەك پرتەقاڵێك شینە | شیعر | پۆل ئیلوار | فەرهاد پیرباڵ |
| ٢٣ | گێلاسی خوێن | رۆمان | عەتا محەمەد | |
| ٢٤ | حەرامترین | چیرۆك | عەلی پێنجوێنی | |
| ٢٥ | رەنگە کاڵبووەکانی دنیا | شیعر | گەروسعەبدولمەلیکیان | مەریوان هەڵەبجەیی |
| ٢٦ | کۆنترۆڵی میدیا و راگەیاندن | راگەیاندن | نوام چۆمسکی | کەریم قادر پوور |
| ٢٧ | مۆزارت، شمشاڵی ئەفسوناوی | هونەری | ئەنیس مەنسور | مامۆستا ئەحمەد |
| ٢٨ | ئەفرێنەرانی خۆر ئاوا | فکری | هاشم ساڵح | ئومێد عوسمان |
| ٢٩ | دەریایەك لەوشە | دیدار | مهاباد قەرەداغی | |
| ٣٠ | داهێنانو مەرگ | لێکۆڵینەوە | سەلاح حەسەن | |
| ٣١ | ژنێ لەبەردەم وەرزێکی | ژیان و بەرهەم | فروغ فروغزاد | ئازاد بەرزنجی |
| ٣٢ | گەڕان بەدوای قولاییدا | چیرۆك | پاتریك زوسکیند | شیرین. ك |
| ٣٣ | پابەندبووین ئەدەبی | لێکۆڵینەوە | رمچان الصباغ | ئاری عوسمان |
| ٣٤ | مێرووڵەو کۆتر | منالآن | ئیزۆپ | جەبار سابیر |



| | | | | |
|---|---|---|---|---|
| ٣٥ | منو باپیرەو نەنە | منالآن | ستیوارت همپڵ | جەبار سابیر |
| ٣٦ | دیالۆگ، خەندە، ئازادی | لێکۆڵینەوە | میخائیل باختین | هادی محەمەدی |
| ٣٧ | مامزێر | رۆمان | کاروان کاکەسوور | |
| ٣٨ | ئێمە گوناهین | چیرۆك | هیوا ئەمین نژاد | |
| ٣٩ | شەبەنگی بوون، زایەڵەی.. | راڤەی دەق | هەندرێن | |
| ٤٠ | خۆشم ئەوێی شێتەگیان | منالآن | ستیوارت همپڵ | جەبار سابیر |
| ٤١ | فریشتەکان | چیرۆك | رەسوڵ یۆنان | جەبار سابیر |
| 42 | پاییزی عومری من | شیعر | ژاوێن شاڵی | |
| ٤٣ | نەتەوەو حەکایەت | لێکۆڵینەوە | رێبوار سیوەیلی | |
| 44 | گەمەی پاقیژە | شانۆنامە | ژان ژینێ | دلاوەر قەرەداغی |
| ٤٥ | ماجەراکانی سەلمانی فارسی | رۆمان | یوسف عیزەدین | |
| ٤٦ | گەڕانەوەی خوشکەکان | چیرۆك | هەورامان وریا قانع | |
| 47 | تارژەنی رەنگ | حیکایەت | عەتا محەمەد | |
| ٤٨ | ئەوەی دنیا رزگار دەکات جوانییە | کۆدیدار | هیوا قادر | |
| 49 | پیاسەیەك بە تەنیا | وتارو لێکۆڵینەوە | توانا ئەمین | |
| ٥٠ | دەروازەیەك بۆ فەلسەفەی دادپەروەری | فەلسەفی | د.حسێن بەشیریە | رەزا مەنوچەهری |
| ٥١ | یار لە باخە | شیعر | هیوا قادر | |
| ٥٢ | سوارەکان بە قاچاخ بوك دەگوازنەوە | رۆمان | کاروان کاکەسوور | |
| ٥٣ | جیهانی سێیەم و جیهانی مۆدێرن | لێکۆڵینەوە | لوقمان رەئوف | |
| ٥٤ | باران رەدوکەوتووی قەسیدەکانی با | شیعر | ئەنوەر رەشید عەولآ | |
| ٥٥ | کچی ناو تابلۆکە | چیرۆك | توانا ئەمین | |
| ٥٦ | ڤیسکۆنتی دوولەت بوو | رۆمان | ئیتالۆ کالفینۆ | و: جەبار سابیر |
| ٥٧ | ئیستاتیکای گێڕانەوە | لێکۆڵینەوە | ئارام سدیق | |
| ٥٨ | چاوەڕوانی | رۆمان | ئارام کاکەی فەلاح | |
| ٥٩ | زێوان | شیعر | سەباح رەنجدەر | |